# دیاری نەورۆز
# لە هۆنراوەی
# کوردیدا

بەشی یەکەم

1918-2008 زاینی

کۆکردنەوەو ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی
د. عومەر پەتی

٢ - ١١ - ٢٠٠٢
شەمامی سالم
دیاری کتێبی سەرشەقام

# دیاریی نەورۆز لە هۆنراوەی کوردیدا

# دیاریی نەورۆز لە هۆنراوەی کوردیدا

## بەشی یەکەم

(١٩١٨)- (٢٠٠٨) زایینی


کۆکردنەوە و ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی:

د. عومەر پەتی



چاپی یەکەم

هەولێر ( ٢٧٠٩ )کوردی (٢٠٠٩ )زایینی

ناوی کتێب: دیاریی نەورۆز لە هۆنراوەی کوردیدا/ بەشی یەکەم/ (١٩١٨)- (٢٠٠٨) زایینی

کۆکردنەوەو ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی: د. عومەر پەتی

تایپ: محەمەد عەبدولوەهاب

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: مەریوان سلیم

چاپ: چاپخانەی شەهاب

چاپی یەکەم / هەولێر /٢٠٠٩ ز

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

........................................................................

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (٢٢٧) ساڵی (٢٠٠٩) پێدراوە.

پێشکەشە بە:

*خاوەن ئەو پێنووسانەی کەلاپەڕەکانی مێژووی جەژنی نەورۆزیان رازاندۆتەوە بەهۆنراوەی جوان و بەپێزەکانیان.

* گیانی هەموو ئەو کەسانەی کە بەنهێنیوئاشکرا یادی جەژنی نەورۆزیان کردۆتەوە لەهەر سووچێکی ئەم زەمینەدا.

# ووتەیەك

خوێنەری بەرێز.. ئەم کاتەت باش...

لە پێناو پاراستنی سامانی نەتەوەکەمان وبەولەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی وئاشناکردنی نەوەکانی سەردەمی دوای راپەڕین بەم زانیاریە بەسوودانەو کۆمەڵی هۆنراوەی مرۆڤی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر و زمانزان و ئەدەب زانیکورد لە ماوەی سالآنی (١٩١٨-٢٠٠٨)زاینی تاکو ئەم کاروانەرۆشنبیریە بەهەوڵی گەنجانی ئەمرۆ لەبەردەوامیدابێت ..

وەکو زمانێکی گەل گفتوگۆی لەگەڵ گەلانی جیهان پێبکەین و بیسەلمێنین کە گەلی کوردیش هەردەم خاوەنی کلتورو فۆلکلۆری دەولەمەندی خۆیەتی و هیچی لە گەلانی جیهان کەمتر نیە کەتا ئیستا وەکو گەلان نەیتوانیوە خۆی بناسێنی. هەموو جیهان ئاگادارە کە زۆرداران چیان بە خاك وگەلی ئیمە کردووە بۆیە هیوادارم بە هاوکاری هەموو لایەك بتوانین ئالآی کوردستان لە ئاستی ئالآکانی جیهان بشەکێنەوە وئەم بەرهەمەش سوودێکی هەبێ و وەزۆر سوپاسی هەرکەسێکیش دەکەم ئەگەر بە سەرنجێك بە دێرە شیعرێك بە پیشنیازێك بتوانی پەرە بەم کارە بدات تاکو بۆ چاپەکانی ئایندە سوودی لێ وەربگیرێت و زیاتر جوانترو رازاوەتربێت . لەگەڵ رێزمدا هەر بژین .

د. عومەر پەتی

هەولێر١٦/٣/٢٠٠٦

# لێکۆڵینەوەیەك لە چەپکێ هۆنراوەی شاعیرانی کورد تایبەت بە جەژنی نەورۆز

عومەر ئیبراهیم عەزیز

هەوەڵی خاکەلێوەی هەموو ساڵێك ، سەری ساڵی کوردە . جەژنی نەورۆزە بەلاَم نەورۆز وەنەبێ تەنها جەژنی کوردبێ ، جەژنی بەشێکی زۆرە لە گەلانی ڕۆژهەلاَتی نزیك و ناوەڕاست . گەلێ گەلی تریش ، وەك کورد هەموو بەهارێ ئاهەنگی داهاتنەوەی جەژنی نەورۆز ئەگێرن.

لەگەڵ ئەوەشدا نەورۆزی کورد لە نەورۆزی گەلانی تر زیاترە ... ئەگەر نەورۆزی گەلاَنی تر تەنها جەژنی دوایی هاتنی وەرزێکی سەخت و دژواری ساڵ بێ ، ڕۆژی رزگاربوون بێ لە تاڵی و سوێری - سروشتی زستان ، بانگەوازی ئازاد بوون بێ لە زەقایەتی و سەرما و سۆڵە وبەفر ، وەرزی ڕووانی شینیایی بێ بۆ ئاژەڵ و گاگەل و وولاَخ، دەرفەتی چینەی سەربەست بێ بۆ هەموو پەلەوەرێ، سەرەتای پشکووتنی گوڵ و تەقینی کانیاو توانەوەی پێ دەشت و لا پاڵ و تەپۆڵکە و گوێ چەم و رووبارەکان و لووتکەی شاخەکان بێ .. نەورۆزی کورد ئەوەندەی سروشتی جوان ورەنگینی کوردستان هەڵبگرێ ، ئەمانەیە و ، زیاتریشە لەمانە..

نەورۆزی کورد شتێکی ئینسانی یشە (مرۆڤایەتی یشە) کە لە سەرەوەی هەموو شتێکەوە بیرەوەری ڕۆژگارێکی ڕەش و خەباتێکی سوورو سەرکەوتنێکی سەوز و مەزنیشە کە دوایی بە چەرخێکی پڕ کوێرەوەری و خوێن مژین و مێشك دەرهێنان و پیاو کوشتن هێنا . *(پاشکۆی عێراق - ژمارە ١٢/١٢ ی، شوبات و ئاداری ١٩٧٨، ل : ٣)*

نەورۆز ئەو جەژنە پیرۆزەیە لەگەڵ بەهاردا دێ ، ئەو جێژنەی سروشت بە بەرگێکی رازاوەی نوێ خۆی دەخەملێنێ و بە هاتنی سەرماو سۆڵە و سەختی زستان رادەماڵێ .

ئەو جێژنەی لەگەڵ سەرەتای ساڵێکی نوێ دا دێ .

بەخێر و هات بێ *(گۆڤاری // ئاسۆی زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣)، ساڵی ١٩٧٩، ل:٨٦)*

مەسەلەی کاوەی ئاسنگەرو ئەژدەهاکی خوێنمژ ڕووداوێکی مێژوویی یان ئەفسانەیەکی کۆن بێ هیچ لەو راستی یە ناگۆڕێ کە جەژنی نەورۆز بۆ گەلێ کورد و ڕۆڵە وەفادارەکانی هەمیشە رەمزی خەبات و قوربانی دان و دیاردەی بە گژداچوونەوەی زوڵم و زۆر و چەوسانەوەی بوو لە لایەن زۆردارانەوە. *(ڕۆژنامەی هاوکاری، دووشەممە ٢٠ی ئاداری ١٩٧٨،ژ : ٤١٨،ل١ )*.

نەورۆز جەژنی نەتەوەی کوردە یاخود (نەورۆز) سەرگروشتەیەکی - خۆشی هەیە ساسەر گروشتەکە لە بنج وبناوانیا راستبێ یان درۆ مەبەست نیە بەلأم هەرچی یەك بێ ئەوە کە ئەگەینێ کە (کورد) لە هەموو دەمێکیا مسەرد و ئازا و ئازادی پەروەربووە . *(ملزەمەیەکی قوتابیان، شاکر فتاح، ل : ١٤)*.

بەلأم ئەوەی ئەمڕۆ لە هەموو شت گرنگتر بێ بۆمان لە بابەتی نەورۆزدا ئەوەیە کە رەمز و نیشانەی خەبات و بەرهەڵستی کردنمانە لە بوون و مساف و داب و نەریتی نەتەوەییمان. (پ. *عێراق، ژ(١٢و١٣)ی ئاداری ١٩٧٨،ل:٣*

بەڵێ جەژنی نەورۆز لە مێژووی کورد دا بوە دروشمی راستەقینەی ڕاپەرین و مەردایەتی و سەرکەوتن بە شێوەیەك هەرگیز کورد و نەورۆز لەیەك

جیانابنەوە. (گۆڤاری // بەیان ژ: ۲۳ ی، ئازاری ۱۹۷٥ بەرامبەری ۲٦۷٥ ی کوردی).

ئینجا لێرەدا دەڵێم نەورۆز ئەو ووشە ئاوازەدارە و خۆشەویستەیە ، کە بەم جۆرەی خوارەوە لە نێو هۆنراوەی کوردی دا رەنگی داوەتەوە .

## (۱)

## پیرەمێرد

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە
چەند ساڵ بوو گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو رەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
موژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیك ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بەعیشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە
ئەوا ڕۆژهەلات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
هەر خوێنی شەهیدە رەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە لە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێ ی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

ئێستا تۆخەی ئاسمانێکە و هەتاوی ،
گیایە و گوڵە و مەلەو خورپەی جەماوی
چی خۆشترە لەوەی تەبیعەت جوان بێ ؟
ماوەی سەرنج پانایی گشت ئاسمان بێ ؟
گیانی سەربەست ، باڵداری ڕێ ی هیوا بڕ،
بەرزبێتەوە بە پەڵەی هەور بدا دڕ ؟
بفڕی بڕوا بۆ کوردستانی ئاوات،
ماندو نەبێ ، هەر بڕوات و هەر بڕوات
هەتا ئەگاتە لوتکەی شاخی سەربەست
بێ زنجیری گەل ئەبینێ و ئەبێ مەست

## (٢)

## گۆران

ئەو نەورۆزەی کە هەزاران بەهارە
لە دڵ ی کوردا گڕی ئاگری دیارە
باو باپیرمان هەتا ئەڕۆن پشتاوپشت
لەم ئاگرەیان دەورە داوە چین بە چین گشت

*(گۆران، سروشت و دەروون، ١٩٦٨، سلێمانی ل:٢٩)*

لە یەکێ لە هۆنراوەکانی تری گۆرانی شاعیر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە خۆی بە خاوەن ماڵ و زستان بە میوان دەزانێ و بەهاتنی نەورۆزا زستان بەڕێ دەکا کە بە لای ئەوەوە میوانێکی کۆنە و نەورۆزیش میوانی نوێ و

خۆشەویستییەتی بۆیە بۆ پێشوازی دەچێ بەخێرهاتنی دەکات وەك لە هۆنراوەکە دەردەکەوێت کە دەڵێت :-

میوانی کۆن بەرێ ئەخەین و تازە
بە پێکەنین ئەگاتە بەردەروازە
ئێستا ئۆخەی ئاسمانێکە و هەتاوێ
گیایە و گوڵە و مەڵە و خوڕەی چەماوێ

هەروەها گۆران ئەڵێ :
بە سورپێکی تر ئەستێری ئینسان گر
قەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر
کام قەومی کۆن ، کام جەژنی بەرز و پیرۆز ؟
قەومی مادی ، جەژنی بڵندی نەورۆز!
ئەو نەورۆزەی کە هەزاران بەهارە ،
لە ڕێی کوردا گڕی ئاگری دیارە ..
باوباپیرمان هەتا ئەڕۆن پشتاوپشت ،
لەم ئاگرەیان دەورە داوە چین چین ، گشت.
لە چوار دەوری ئەم ئاگرە رەنگاورەنگ
کۆڕگیراوە بە پێکەنین و ئاهەنگ
بانگی شێوان هەتاکو بەر بەیانی
چۆپی بووە و بەزم ونۆش و گۆرانی
لەوساتەوە تا ئێستاکە بەم چەشنە
هەموو سەری ساڵی تازەمان جەژنە
میوانی کۆن بەڕێ ئەخەین و تازە ،

به پێکەنین ئەگاتە بەر دەروازە..
خۆشیت هێنا و فەڕت هێنا شیرینی !
تۆ بۆ ئێمە بە هەشتی خەو بینینی ..
بە هاتنت بای بەستەڵەك بەفری دەشت ،
گیانی سپارد گوتی ڕوا جێگای گەشت .
لە تاریکی لە چوار دیواری زستان ،
سەرفراز بێت ! سەرفراز بو مەلی گیان !

گۆرانی مەزن لە نامەیەکیا بۆ پیرەمێردی نەمری نوسیوە بە هۆنراوە کە بە دیاری دەخات کە پیرەمێرد زۆر گرنگی بە جەژنی نەورۆز داوە چونکە پێشرەو و هەڵسوڕێنەری ئەم جەژنە بووە هەر لە کۆنەوە .

هەر بۆیەشە گۆرانی مەزن گوتویەتی :

خاڵۆی ریش سپی وەستای بوێژان
گەنجینەی بە نرخ بۆ نوکتە بێژان
زیندووکەرەوەی ئاهەنگی نەورۆز
خاوەنی ژین و (ژیان)ی دڵسۆز

*(گۆران، دەفتەری کوردەواری – بەرگی دووەم، ١٩٧٠، ل : ١٢٦)*

عبداللە گۆران توانی ئەدەب هەڵبگێڕێتەوە رووپەردەی کلاسیك بداتە لاوە و بیکابە رومانتیك ! وەکو لەم پارچە هۆنراوەی دا سەیر دەکەین لە کاتێکا لە ژێر ناوی ئافرەت و جوانی دا دەڵێت :

هەتاوی نەورۆز ، مانگی جۆدرەو
ئەدرهاتوون و چوون بە ڕۆژ و بە شەو !

گۆرانی مرۆڤ و شاعیری رومانتیکی لە هۆنراوەیەکی تریا کە بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٦١ ی گووتووە و دەڵێت:

وا بەهارە
لەسەر لووتکەی سپی دیارە
ورشە وپرشەی یاقووتی ئاڵ
گڕی جەژنی سەرەتای ساڵ ! ..
وەنەوشەی چاو رەشی شەرمن
دەستی کرد بە بەستە ووتن !
بێ سڵ کردن .

دیسان هەر بۆ هەمان نەورۆز دەڵێت :

ئەو سا نەورۆز   جەژنی پیرۆز
دڕك ئەرزی و داخی دڵی
ئەبێ بە بۆگەن بۆ گڵی
تۆیش ئاهەنگی بەهارەکەت
نەخشی لووتکە و نزارەکەت
لە باخچەی گوڵی گەلا نا
گوڵێك ئەبێ لە مەیدانا
هەر مرۆڤێ دێ و بۆنی کرد
ئەڵێ بۆی نەورۆزی کورد ! ..

## (٣)

### مەولەوی

مەولەوی شاعیریش بەم جۆرەی خوارەوە بۆ نەورۆزی گوتووە :

نیشانەی نەورۆز وادەی وەهاران

یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن

*(مەولەوی، پاشکۆی عێراق - ژ١٢/ ١٣ی، شوبات و ئاداری ١٩٧٨، ل:٢٨)*

هەر لە جێگایەکی تـرا شـاعیری نـاوداری کوردمـان مەولـەوی نـەمر لـە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا لە ناوچەی هەورەمان باسی بـەهار و هـاتنی نەورۆزی بەم جۆرەی خوارەو کردوە:

نازك تەدارەك فەسلی بەهارە

زەریف ئارایش هەردەوکۆسارە !

گوڵ وەك ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشە

بەفراو وەك لافاو دیدەم بەجۆشە

*(دیوانی مەولەوی، پیرەمێرد / چاپی دووەم بەغدا، ١٩٦٨، ل ٣٥)*

### بەهاری .. مەولەوی

وەهارەن ، سەوزەن ، ئاوەن ، سەرکاوەن !

هاژەی وەفراوەن ، شاخەی شەتاوەن

ساقی یەن ، یا دەن ، نەسیمەن ، یادەن

بولبول دەورەی گوڵان ئازادەن

یەزمەن ، شادی یەن ، عەیشەن ، نیشاتـەن

کەیفەن ، شۆقی یەن ، شەوقەن ، حەیاتەن

سەنگەن ، کۆسارەن ، سەرکۆوەن ، هەردەن

خەمەن ، مەینەتەن ، زووخاوەن ، دەردەن

هیجرەن ، دووری یەن ، عیجزەن ، فیراقەن

وا وەیلا و شینەن نالەی عوششاقەن

سەبزەن ، سەوسەنەن ، نەورۆز گولانەن

کەمەرەن ، هەردەن ، ملەن، کەلانەن

سەرعی یەن ، شەیدان ، نەجدەن ، مەجنوونەن

مەزاقەن ، جامەن ، پیالەیی هوونەن

(دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەی مەلا عبدالکریم مودەریس،بغداد، ١٩٦١، ل: ٤٧٢ - ٤٧٣)

## (٤)

## وەفایی

((وەفایی)) یش بەم شێوەیە رێك و پێکە بیروڕای خۆی بە هۆنراوە دەربڕیوە بەرامبەر بە جەژنی نەورۆزی پیرۆزەوەکە دەڵێت :

((نەورۆز))

نەسیمی بایی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا

بەریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا

نوید ئەی عاشقانی دلفیگاریارهاتە سەرخەندو

سەلا ئەی بولبولان دیسان درەختی گول بەری هێنا

مەگەر ری ی کەوتە زولف و روی حبیبم بایی نەورۆزی

حیاتیکی بە دونیا داوە بۆ گول عنبری هێنا

به فتحی دل دەلی یار زولف و سینه و روی وە دەرناوە
لە نەسرین و گول و سنبل بەهار هات شەکەری هێنا
دەلی چاوی منه هەوری بەهاری دەمبه دەم دەگری
دەلی ی ا هی منه برقی درەخشان اوری هێنا
هەوا چوو پڕ بە دامانی دەرودەشتانی گولی کێشا
سبأمات پر بە حبیبی کوهساران عنبری هێنا

*(دیوانی وەفایی، چاپخانەی کوردستان ، ل: ٢٠ و ٢١)*

## (٥)

## شێخ ئەحمەدی جزیری

**ئەڤ نارو سیقالا دله**

**دائیم لوی قالا دله**

**(نەورۆز) و سەر سالآ دله**

**وەختێ هلّتین ئەو سیراج[١] !**

واتا : ئەو رووناکی و ئاگرە زاخاوی دڵە و ژەنگی ئەو دڵە لا ئەبا بە هاتنی لەو رووناکی وئاگرە دڵ قاڵ ئەبێتەوە ، هەروەها نەورۆز سەری ساڵی دڵە ! واتە بۆی ئەبێ بە جەژن و پێ ی گەش ئەبێتەوە وە کاتێ کە ئەو چرایە هەڵیێت و هەڵبکرێت.

---

(١) لە دیوانی شێخ ئەحمەدی جەزیری وەرگێراوە ج١:بەرپەوا: ١٧٨

*(ئەدەبی کوردی و لێ کۆلینەوە لە ئەدەبی کوردی، علاءالدین سجادی، ٢٦٦٨ کوردی، ١٩٦٨ ی زاینی، ل: ٢٣٢)*

وە یاخود دەقی هۆنراوەکە بەم جۆرەش نووسراوە:

ئەڤ نار سیقلاً دلە ، دائم لوی ڤالا دلە
نەورۆز سەر سالا دلە ، وەختی کو هەلیت ئەو سراج[1]
بوەردان زەیێن گولشەن چیمەن لا لە پشکفتن
بنەفش و چیچەکان ڤێکرا شەفەق دانێك درەوزێ دا

**

ئەو لا لەیی گولێ تازە تەڕ فەسلا بەهار کوو تێنەدەر
جی بهەڤرا تێنەدەر خۆش خۆش دعەردوخارەدا

*(مەلای جزیری، پاشکۆی کاروان ، ژ: ٦، ئاداری ١٩٨٣)*

## (٦)

## نالی

نالی شاعیری ناوداری کورد و ناوچەی بابان و وەستاو دانای ووردەکاری لە هۆنراوەی کوردی لە هەلبەستێکیا کە بۆ نەورۆزی گووتوە بە دلێکی ناسك و بە ووشەی دلڕەفێنەوە کە دەلێت :

تەشریفی (نەوبەهار) ە کە عالەم دەکا نوێ
دلێ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ
تیپی شکۆفە خەیمەی داوە لە هەر تەرەف
پاشاهی (نەوبەهارە) هەلداوە بە هۆر دوێ ؟!

(١) لە ئەدەبی کوردی و لێ کۆلینەوەی لە ئەدەبی کوردی // علاءالدین سجادی یەوە وا نوسراوە .

## بەهاری نالی

بنوارە ئەو بەهار و فتووحاتی گوڵشەنی !!

گوڵ زاری کردەوە ، لە دەمی خونچە پێکەنی ی !!

لەم پارچەڵۆکە هەورە بەقەد ڕووی هەموو زەمین

بەم ڕایەڵە قەدیفەیی سەوزی عەجەب تەنی ی

بورجی درەختی سەوز و بوڵەندی وەك ئاسمان

پێوەشکۆفە هەروەکو نەجمن بە ڕۆشنی ی

بەزمی هەزارە ، قەڵ فڕی ئەغیارە دەوری گوڵ

سۆفی ی بڕۆ مەبە بە دڕك ، تو لە ئێمە نی ی

هەر دارە بەرگ و ، هەر گوڵە ڕەنگی خەڵاتی یە

هەر جوودی ئەو بەهارە کە عالەم دەکا غەنی ی

دیسان لە بگرە بەردەیی گوڵچین و یا غەبان

بولبول کەناری گرت و ، دڵی غونجە ڕاچنی ی

خارای سەوز و شین لەبەر کردوە جەبەل

دامێنی وەردی سوورە کە دەستم بە دامەنی ی !

وادی ی بووە بەوادیی پڕ نووری کێوی تـــوور

(نەعلەین) فڕێ بدە (نالی بە (ئەیمەنی)..

*(پاشکۆی عێراق، ژ: ١، ڕۆژی دووشەمە، ١٩٧٧/٣/٢١ ، ل: ٥)*

## (٧)

# جگەر خوێن

جگەرخوێنی شاعیریش هێندە پەرۆشی نەورۆز بووە بۆیە هەر لە پێش هاتنیەوە چاوەڕێ کردەوە و پرسیار دەکات و دەڵێت دەبێ کەنگێ نەورۆز بێت ؟!

دەڵێ کاتێ پیاو و ژن و منداڵ دیار نینە بابێن دەست کەنە شایی و هەڵپەرین و حیران و لاوك ووتنا و میهرەجان گەرم بکەن.

ئەوەتە دەڵێت :

**کا ئەو کەن کاگەشتی کا شادی کا خۆشی ؟**
**کا سەر ساڵ و کا (نەورۆز) کا میهرەجان ل کویە؟**
**کا ئەو مێرو کا ئەو ژن ، کا ئەو کاڵێ رە مەزن ؟**
**کا لیلێ و کا لولو ، کا ئەو سەیران لە کویە ؟**
**لە دنیادا کەمە هاوتای بەهاری جوانی کوردستان**
**ئەویش ئەوساڵ کە لایێکی نەجاتی بوو لە ژێر دەستان**
**لە خۆشی ئەم وڵاتە شاعیریش بۆتە هەزار دەستان**
**ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە ، بەهارە ، جێژنی نەورۆزە**
**بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە**

*(تاریك و ڕوون، گولبژێرێك لە شیعرەکان، هێمن، تەورێز – ١٣٢٥/٢/٦، ل: ٨٦ ، ٨٧)* .

## (٨)

## هێمن

خاڵەی هێمنی شاعیری کۆمەڵایەتی کورد و نیشتمان پەروەریش لە جوانی سروشتی کوردستانەوە دەست پێ دەکات هەر لە دەشت و دۆڵ شیوودار و دارستانەوە دەگرێت هەتا دەگاتە سەر ئەو بەفرە سپی یەی سەر لوتکەی چیاکانی کوردستان و بەهار و نەورۆز لە هەڤالان و ڕۆڵەکانی کوردستان جەژنە پیرۆزە دەکات بە دڵ و دەروونێکی بێ گەردوە .

هەروەکو دڵێت لە :

نەورۆزی ڕزگاری

بە بەرگی سەوز ڕازاوە قەد و لاپاڵ و شیو و دۆڵ
چرۆی دەرکردووە دار و ملی دا یەکتری گیا و گوڵ
بەسەر بەفری کەوی دا کرد شەماڵی خاکە لێوە خۆل
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە بەهارە جێژنی نەرۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

*(هێمن، تاریك و روون - ١٩٧٤ ز، ل: ٨٦)*

چلەی زستانی ناخۆش بوو تەزووی سەرمایە پیاوی سڕ
دەکرد و کووچە و کۆڵان لە بەفر و لیتە بوو بوون پڕ
بەهارهات و دەخەملێ کێو و دەشت و بەندەن و لا خڕ
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە ، بەهارە ، جێژنی نەورۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە
بە سۆزەی بای بەیان لێوی کراوە خونچەیی خەندان

لەسەر چڵ بلبلی شەیدا لە خۆشی گوڵ دەڵێ بەندان
بەجێ هات ئارەزووی لاوان و گەرمە کۆڕی گووەندان
رەفیقان ڕۆژی کوردان ، بەهارە جێژنی نەورۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

لە خۆی داوە بەرەبێنە کچی کابانی گەردن کێل
بەناز و غەمزە دەڕوانی ، دەکا شینکەی نەرم بێ شێل
لەگەڵ بۆنی وەنەوشە تێکەڵاون بۆنی عەتر و هێڵ
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە ، بەهارە ، جێژنی پیرۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

سەری کوێستانی بەرزی کوردەواری تێ ی نەکەتوە خاڵ
لە دەشت و بەڕیەساران هەڵدراون چادر و ڕەشماڵ
ئەما بێگانە تاکوو جێژنەمان لێ تاڵ بکا ئەوساڵ
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە ، بەهارە جێژنی نەورۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

حەساوە پیاوی ڕووت و قووت و بێ ئەنوا و بێ ئیروو
ژیاوە گیان لەبەر دیسان ، لە کون هاتە دەرێ مێروو
لەسەر کوێسوانە دەخوێنن بە پۆل پاساری و سێروو
رەفیقان رۆژی کوردانە ، بەهارە ، جێژنی نەورۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

## (٩)

## شێخ سەلام

شێخ سەلامی شاعیریش بەم جۆرەی خوارەوە بە نەورۆزی هەڵ داوە کە دەڵێت لەم ڕۆژەدا بوو کەکاوەی کوردی نەبەرد و زیرەك مێشکی زوحاکی بە چەکوش وورد و خاش کرد.

کە دەڵێت :

ئا لەم ڕۆژە بوو کاوەی کوردی گورد
مێشکی زوحاکی بە چەکوش وورد کرد
بە هەوری نەورۆز گوڵ چاوی شۆر یا
توو ، پیاڵە ، شەراب ، دامێنی چیا
ئیمرۆ تێر سەیری سەوزە گیا بکە
سبەی لە خاکت سەوز ئەبێ گیا

*(سەلام، پاشکۆی کاروان، ژمارە : ٦، ئاداری ١٩٨٣، ل: ٣١)*

## (١٠)

## سەیدەی هەورامی

لەسەدەی شانزەهەمیش دا و لە مەڵبەندی هەورامان ئاوازی نەورۆز لە گەرووی شاعیرێکی تەوانای (سەیدەی هەورامی ) بەرز و لە قەد پاڵەکانی چیای هەورامان و لە ناو دۆڵ و دەشتەکانی کوردستان دەنگی داوەتەوە ، وەك لەم هۆنراوە یا بڕمان دەردەکەوێ :

| | |
|---|---|
| نەورۆز گول خێزان | نەورۆز گول خێزان |
| وادەی وەی هارەن | نەورۆز گول خێزان |
| خاسەی نەورۆزان | نەیای هەردەوە |
| یەك یەك بەرئامان | نەتۆی پەردەوە ! |

(گۆڤاری هەولێر - ژ : ٦ ، س:١ ١٩٧١، ل:١٨)

وە هەروەها سەیدی هەورامی دەڵێت :-

بڵێ جارچی یان نەورۆز جارم دان
جاڕی پاوشایی نەوبەهارم دان
بادەی وادەی وەشت بە كۆسار مەیۆ
یاران مزگانی نەوبەهامە یۆ
پادشای بەهار وادەی وەخت شەن
بە تەعجیل مەیۆ ئامای وەخت شەن
وەختەن شای بەهار نبیشۆ نەدەور
جاڕیكیشۆ رەعدنە تەپل هەور
وەختەن بگێرۆ دووی وەشت و سارا
كەو كەبەی بەهار وێنەی شای دارا
وەختەن بە یۆ بە را ئۆردووی گولاڵان
گیران دەشت و دەرچوون هەرد جاڕان
وەختەن بیۆن بەرگولان هەزار ڕەنگ
چرمەزەرد و سوو چوون دێبای فەڕەنگ

(گۆڤاری پاشكۆی كاروان، ژ: ٦، ئاداری ١٩٨٣، ل: ٤٦)

گول نەورۆز خێزان ..

وادەی بەهارەن گول نەورۆز خێزان
بەدەن کافووران خال خوردە ڕێزان
بوشان مایەی عەتر بو عەنبەر بیزان
یافتەن پەی زنیەت رەندانی دولبەر
چون چقەی تاووس بە پەیکاش وەسەر
خاسە نەورۆزان نە پای هەردەوە
یەك یەك بەرامان نەتوی پەردەوە
هەمای زەستان تەشریف نەپەردەن
گول نەورۆز موژدەی بەهار اوردەن
فرکانی مەد و زەستان و بەرد
تەختی یەخ بەندەش هەودا بەگەرد
بەلی جارچی یان نەورۆز جار مەدان
جاری پادشای نەوبەهار مەدان
پادشای بەهار وادەی وەختشەن
بە تەعجیل مەیو امای جەختشەن
وەختەن شای بەهار بیشو نەدەور
جاربکیشو رەعد وەنە تەپلی هەور
وەختەن بگیر و رووی دەشت و سارا
کەوکەبەی بەهار وێنەی شای دارا
وەختەن بیو بەر ئور دووی گولالان
گیران دەشت و دەرچون هەردەسالان

وەختەن بیوبەر گولان هەزار رەنگ

چەرمە و زەرد و سوور چون دیبای فەرنگ

وەختەن شای بەهار بکیا نوخەلات

سوزەی ئەتلەس رەنگ پەی رووی سەرسات

فەسلی نەوبەهار وادەی گوڵ گەشتەن

سەر زەمین وینەی سارای بەهەشتەن

چونکە شای بەهار شادی جەواز و

هیچ کەسی غەمناك مەلوول نەمازو

(سەیدی) چون مەلوول ، هیجرانی یارەن

بیگشتەر غەمناکیش فەسلی بەهارە

*(بە یادی کۆن نەورۆز ، گۆڤاری شەفەق ،ژ:٣، بەرگ (١)،١٩٥٨، ل:١٥)*

## (١١)

## ئەحمەدی خانی

هەروەها لە سەدەی هەڤدەهەمدا و لە ناوچەی بادینان و شاعیری نەتەوایەتی ونیشتمان پەروەری کورد ، مامۆستا ئەحمەدی خانی لە جەژنی نەورۆزا گووتوویەتی:

ڕۆژا کوو دەبوویە عیدی نەورۆز

تعظیم ژبو دەمادڵ ئەفروز !

سەحراو چیمەن دەکرنە مەسکەن

بەیداو دەمەن دکرنە گولشەن!

له پاشکۆی گۆڤاری کاروان ژماره : ٦ ی ئاداری ١٩٨٣ له لاپەره : ٢ وا نووسراوه :

ڕۆژا کو دەبوویه عیدی نەورۆز
تەعظیمی ژ بو دەما دل ئەفروز
سەحرا و چەمەن دەکرنه مەسکەن
بەیدا و دەمەن دەکرنه گولشەن
دیسان کود ئەما ژ نوو نەورۆز

جەژنی هەره زل بوو جەژنی نەورۆز
تا پێوه بنووسێ جەژنی پیرۆز
تاکێ نه دەمایه وه له ناو ماڵ
دەی دا له دەر و له چولکەبای باڵ
نەخوازه کور و کچی گەیشتوو
چی هیشته له یەکدی چێژ نه چێشتوو
رازاوه له بەرگ و خشلی پاشا
چاوتێر بوو هەمووی لەبەر تەماشا
هەر لاوی له بیری خواستنایه
باکیژی ببێنی چی تیایه

*(ئەحمەدی خانی، گۆڕینی (هەژاری موکریانی)، گۆڤاری پێشەوا ژماره:١٠، ١٩٧٣، ل: ٥٣)*

## (١٢)

### ئەنوەر مائی

سینێ زێ هود هودێ هاتی چ خۆش مزگینی ویی ئانی یێ
ژ زینێ رەشبەڵەك ڕەنگین ، بدەستێ من گەهانی یی
ئەمرکمر بو شەها پەریا کو ئەز خۆزی بکەم بەرهەڤ
دێ ئەم ئەڤرۆ بچین سەیران کو (نەورۆزا) زەمانی بی
چەلەك رابوم وەکی شێتا دەما فەرمان گەهائی من
مەدی شیرین ز ئەیوانێ وەکی رۆژێ خویانی بی

## (١٣)

### قانیع

قانیعی شاعیر لە گولاڵەی مەریوانی یا بـەم جـۆرەی خـوارەوە جـەژنی نەورۆزی بە سەرکردۆتەوە لەگەڵ ئاگادار بوونەوە و هەڵساندنی جووتیـاران بـۆ کارکردن .

ئەمەش لە هۆنراوەیەکیا بە ناونیشانی (نەورۆزنامە) کە دەڵێت :

لاوی کورد نەورۆزە ئەمرۆ کاتی کشت و کاڵتە
کاتی سەیری دوڵ و شیوو سەرکەژی خاڵ خاڵتە
تایەکەی هەر ئارەزووی دانیشتنی ناو ماڵتە
هۆشی نانی خۆت بی ئەمرۆ کەوا سەر ساڵتە

کەچی لە هۆنراوەیەکی تریا کە بە ناونیشانی ((ساقی نامەی قانیع)) بەم جۆرە باسی نەورۆز و وەرزی بەهار دەکات :

ئەوا فەسڵی نەورۆز و وەعدی گوڵە
سەدای چەهچەی هەی شیوەنی بڵبڵە
گوڵاڵە بەخەیمە ، سەمەن گل بە کول
سپی چوزە رەوساق هەروەك سەهۆل
لە بن قەلبەزە و شاخر تافا چنور
لەگەل بەرزەلنگ تیکەل و خوارووژور
------ هتد

*(گوڵاڵە قانیع، ١٩٧٠،ل: ١٢)*

بەلاّم لە هۆنراوەیەکی تر یا هۆنەری کرێکاران و هەژاران و رەنجبەران - نەورۆز و سەرەتای ساڵ و ئیش کردنی بە یەکتری بەستاوەتەوە بە بیروڕای خۆی وەکو لە هۆنراوەکە یابە دیاردەکەوێت دەری بڕیوە و وای بەسەرکردۆتەوە کە گووتویەتی :-

ژینی لادێ سەیرانە
گەرچی تۆزێك گرانە
ڕۆژی نەورۆز سەری ساڵ
دەکەونە ئیش کوڕوکاڵ
یا جووت یا جۆگە هێنان
بۆ ئاو داشتن دەغڵ ودان
یادار بڕینی شاخە
یاخو پەرژینی باخە

یا توونته یا درەو
ناوەستن بە ڕۆژ و بە شەو
یا گیرە یا شەن کردن
هەڵمەت بۆ فرمان بردن

## (١٤)

## دڵدار

هونەری جوانە مەرگ و نیشتمان پەروەری کورد (دڵدار) بەم شێوەیە دەردی دڵی خۆی بۆ نەورۆز هەڵ ڕێژتووە کە گووتویەتی :

گوڵی سوور ئەی کچی نەورۆز ئەرێ کام دەس لە باغی ژین
لە بۆ یەك دەفعە بۆن کردن بە ناکامی ئەتۆی هێنا ؟!
ئاوێستاکەش بە ژاکاوی
وەهابێ قەدر و تۆزاوی
لەسەر ڕێگا فرێ دراوی !

*(دیوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧١، ل ٥٩).*

لە جەور ظلمی ئەو دەستە پەرێ زادەی بەیان لەرزین
لە دەوری ئەم چڵەی لێ ی بووی پەپوولەی زەرد و سوور گریا
منیش ئەی گول دلیکم بو
دلێکی پر لە ئارەزوو
بە سۆزی ئاوی حەز و تینو
هەتاکو لام فری بۆ لای کچێکی دولبەر و شیرین

**ئەویش و ریشەی لە دەس گرتو بە بێ رەحمی لە ژێر پێی نا**

**بە گریاوی و بریینداری**

**بە ڕوو زەردی و غەمخواری**

**بە بێ ئومێد لە دڵداری**

**گەراوەسینەکەی تارم ، ئەویستاش ئەی گولی غەمگین**

**لە تەنهایی سەرینت بێ ، وەهانێ ئەم دڵە تو خوا !**

## (١٥)

## هەژاری موکریانی

**هەژاری موکریانیش بۆ نەورۆزی ساڵی (١٩٦٠) ی زایینی بەم جۆرە هاتۆتە مەیدانی هۆنراوە گووتوون و یادی نەورۆزی ئەوساڵەی وا کردۆتەوە کە گوتوویەتی :-**

**کوڵکە زێرینەی پاش باران**

**تاقە بۆ پێشوازی یاران**

**هاژەی هەڵدێر خورپەی ئاوان**

**لاوك بێژی بووك و زاوان**

**سەوڵ و سنەوبەر ، بی و چنار**

**بەمەی بەرامەی بای بەهار**

**سەرخۆشن خۆ رادەژێنن**

**باوەش لە یەکتر وەردێنن**

*(دیوانی بۆ کوردستان، چاپی بیروت، ساڵی ؟)*

له هۆنراوەیەکی ترا :-

ئەو کوتکەی کاوەی نەمردای وەشاند
نەبەردی کوردی لە دونیا گەیاند
گڕی شورشمان با دوژمن سۆز بێ
هەردەم نەورۆز بێ و جەژن و پیرۆزبێ

*(هەژار، گۆڤاری هەولێر، ژ: ٦، ١٩٧١، ل ١٦)*

## (١٦)

# حاجی قادری کۆیی

هۆنەری بەرزی و ناوداری کوردی شارە خنجیلانەکەی شاری کۆیێ ((حاجی قادری کۆیی)) لە یەکێ لە هۆنراوەکانیا ڕوو ئەکاتە بای نەورۆزەکە دەبێتە هۆی بەفر توانەوەی سەر لووتکەی چیاکانی کوردستان و هاتنی ئەو هەوایە نوێ یە .

کە گووتوویەتی :-

ڕۆژتە ئەی بایی نەورۆزی لەبن بەفری گران
کاتی پێ ی سربوو چناریش دەستی چوو پەنجەی تەزی

# (١٧)

## دیلان

دیسانەوە نەورۆزە بەهارە گوڵی ئاڵە
شەونم بە قەتیسی لەسەرکەو نێرگسەکانە
وەك چاوە چی چاوی بەفرمێسك و کەژاڵە
بۆ تازە بەهارێ
بۆ گەشتی کەنارێ

*(دیلان،دیلان دیلان، بەغدا ١٩٦٩، ل: ٨٨)*

کوردســـــتان بەهەشـــتی زەمـــین
جـــێ ی تـــێکۆشان و راپـــەرین
مەلبـــەنی کـــاوەی قارەمـــان
کوردســـــتان ، کوردســـــتان
ئـــەی نەتـــەوەی کـــوردی دلـــێر
ڕۆڵـــەی نەبـــەرد و بێـــچوە شـــێر
هەســـتە هەســـتان دەرمانـــە بـــۆ
دەرد و ئـــازاری جەســـتەی تـــۆ
کوردســـــتان ، کوردســـــتان
وا نـــەورۆزە جـــەژنی گەلـــە
ئاســـۆ رازاوەی دەم کەلـــە
بـــا نـــەورۆز بـــەهاری کـــورد
پـــێ گەیـــێنین بەدەســـت و بـــرد
کوردســـــتان ، کوردســـــتان

*(محمد سالح دیلان،پاشکۆی عێراق، ژ: ٦ ، ئاداری ١٩٨٣، ل ٣٢)*

# (١٨)

## کامەران موکری

کامەرانی شاعیر لە راستیا زۆر لە بارەی نەورۆزەوە هۆنراوەی گووتوە ئەوەتا لە یەکێ لە هۆنراوەکانیا کە بە ناوونیشانی (نەورۆز و کاوە) وە گووتوویەتی تەنها رۆژی نەورۆز ئەوەنیە کە بەهار دێ و جەژنی گوڵ و گوڵزار و دەشت و دەرە بەڵکو ئەم رۆژە رۆژی کوردانی قارەمانە کە ئەو قەڵا سەختەی دوژمنیان روخاند ئەویش بە کوشتن و لە ناوبردنی زوحاکی خوێن مژ کۆتایی پێ هێنرا.

ئەوەتا گووتویەتی :—

ئەم ڕۆژە تەنیا بۆ بەهارنیە

هەر جەژنی گوڵ و لالە زار نیە

یادی ڕۆژێکە کوردی قارەمان

قەڵا سەختەکەی دوشمنی ڕمان

*(گۆڤاری هەولێر - ژمارە ٦، ساڵی : ١ نەورۆزی ١٩٧١، ل : ٥٢)*

یا ئەوەتە لە هۆنراوەیەکی ترا بۆ رۆژی نەورۆزا سێ چەپکە گوڵی کردووە بە دیاری بۆ گەلی کوردی قارەمان ، چونکە بە جەژنێکی پیرۆزی کوردی داناوە . گوتوویەتی:—

بـۆ رۆژی نـەورۆز سـێ چـەپك

لـە نـێرگز و گـوڵی ناسـك

ئەکـەم بـە دیـاری یـەکی جـوان

بـۆ گـەلی کـوردی قارەمـان

(گولاڵــــە ســــوورەی پارچـــەی دڵ )
(هــی دلــێك كــە كەوتــە ژێــر گــل)
دڵـــی ئــــەو لاوەی بـــو میللــــەت
جــەر رانیــان لــە گــەردنیا پــەت
چــــرای گیانیــــان کوژانــــەوە
شـــەمال جەســـتەی شـــەکانەوە
ئــەم چــەپکە گولــەی مــن پێـشكەش
بـــەوەی (گـــرر) ئەگرێـــتە بـــاوەش
بــەو لاوانــەی كــە ن بــو ، وەتــەن
لـــە خـــەباتا پـــشوو ، نـــادەن
(بو ژینی کورد ، بوون بە پیشەنگ)
بــوون بــە مەشــخەڵی شــەوە زەنــگ

***

نــــێرگس دەشــــتی هیـــــوای ژن
کــە، بــو، رۆژێــك، تــێ ئەکوشــن،
جــەرگیان بەســەر ، درر کــا ، نــەدەن
ئەگریجــــە، دەســــکەنە، نەكـــەن
رۆژێــك بــی ، کۆرپەلــەی رووخــۆش
-زۆردار- نـــەیفررینی لـــە کـــوش
ئـــەم چـــەپکە نێرگـــسەی ژیـــان
پێـشکەش بــە تــۆ ، بــی ، دایــەکیان
بــە تـــوو ، بــەو ژنانــەی دوژمـــن
کــــورد ، گەنجـــەکانی کوشـــتن

## نەورۆز

نـەورۆز گولاڵـەی نایەسـەر پەرچـەم
نێرگسی رشتە دەشت و کـەنار چـەم
لەگـەل توانـەوەی سـەهۆڵا چـرۆ
تیایـا توایـەوە پرشـنگی ئاسـۆ
ئـەم رۆژە تـەنیا بـۆ بـەهار نیـە
هـەر جـەژنی گـوڵ و لاڵـە زار نیـە
یـادی رۆژێـکە کـوردی قارەمـان
قـەڵا سـەختەکەی دوشمـنی رمـان
کورد دلێرانە خۆی ئـەدا بـە کوشت
بـۆ ئـازادی بـوو خوێـناوی ئەرِشت

*(پاشکۆی گۆڤاری کاروان، ژ:٦، ۱۹۸۳، ل:۳۳)*

ئـەی نـەورۆزی کۆنـە سـاڵە
لـێ ی هەڵدێـت شەبەقـێك ئاڵـە
گولـە زەردی کـولمی هـەژار
کـە (وەریـوە) بـە قامـچی و دار
پێـشکەش بـی ، بـەهاو رریـی پالـە
بـەوەی ژیـانی لا تالـە
بـە هـەژارانی شـارو دێ
بـە بـێ کەسـانی سـەرەرری

****

ئـەم گولانـە ، ئـەم سـێ چـەپکە
کەپـەررەیان ، تـەرر ، ناسـکە
لەیـەك دەشـتا ، یـەك چـیمەنا
لـە نـاو دەروونـی وەتـەنا
هـەر لەیـەك جۆگەلـەی یـەك شوێـن
مژیویانـە ، دڵـۆپی خوێـن

***

دوای پێـشکەش کردنـی دیـاریم
ئەڵـێم (بـێ شـك ) کـوردەواریم
ئـەی نـەورۆزی هـەزار سـاڵە
لـێ ی هەڵدێـت ، شەبەقـێك ئاڵـە

ل: ۱۷ ، ۱۸

# (۱۹)

## مەدحەت بێ خەو

مەدحەت بێ خەوی هۆنەری نیشتمان پەروەری کوردیش بۆ نەورۆزی ساڵی ۱۹۷۲ و هۆنراوەیەکی گووتووە کە تیا مەبەستی :

نەورۆزەکـەی گڕ و گـوڵ و سەربەستی
بۆ کوردی گورد تۆ یاد و بیر و هەستی
ئەی زاڵ بەسەر تۆف و وەیشوومەی گەردوون
تـۆ ئامـانجی تـۆ ئـاوات و مەبەستی

(مدحەت بێ خەو، بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٧٢ گووتویەتی)

## بابە گوڕ گوڕ ... !

### مەدحەت بێ خەو

بابە گوڕ گوڕ ئەی هەناسەی ئاخی
دەریای زێری رەش ..
ئەی مەشخەڵی شەوەزەنگ و رێگای
سەخت و هیوای گەش
ئەی گڕی خاك ..
ئەی کانی راز و ئاواتی دێرینی کورد
ئەی دژی ماك . !
تۆی هەڵاو وقینی دڵان
سۆز و جۆشی زەحمەتکێشان
مەرج بێ ئەی گڕەکەی ئاوات
مەرج بێ کاتێ خۆرمان هەڵات
چقڵی رێگاکان کۆمەڵ کەین
وەکو قەڵات ..
تا بە گلپەت ببنە سووتوو پەند
بۆ ئەوان . !
تا بەراستی ببیە گڕی
نەورۆزمان
هەتا هەتا لە کوردستان
ئەی گڕی جوان

ئەی ئالای ئاڵ و شەکاوەی
تووڕە و یاخی
ئەی دروشمی نەمرانی گاوڕباخی
مەرج بێ کاتێ خورمان هەڵات
لێرەو لەوێ ، لە گشت جیهان
بە گری تۆ قەڵا چۆکەین
نەیارەکان

*(گۆڤاری بیری نوێ ۲/۱۹۷۲، ژمارە (۱) ساڵی (۱) ۲۲۷۲ک - ۱۹۷۲ز،ل: ٤۹/٥۰)*

## (۲۰)

## کاکەی ڕێبوار

کانی و ئاوەکان سازگار و شیرین
ئەڕوێ لە دەوری وەنەوشە و نەسرین
نەورۆزە بەهارە چیا رەنگینە
خاکی نیشتمان سەوز و نەخشینە

*(کاکەی ڕێبوار، کاکەی ڕێبوار ، سۆزی دڵداری، سلێمانی ۱۹٦۷، ل : ۱۰)*

## (٢١)

# عوسمان شاربازێڕی

عوسمان شاربازێڕیش نەورۆزی فەرامۆش نەکردوە بەلکو زۆر بە جوانی بۆی چووە بۆیە دەڵێت هەر لەگەل یەکەم رۆژی بەهار ئەم جەژنە پیرۆزەی نەورۆز دێت و لە ڕۆڵەی کورد پیرۆز دەکات بە شادی و خۆشی یەوە وە هەروەها دەڵێت ئەمرۆژە ڕۆژی کاوەی کوردی قارەمانە و رۆژی لە ناوبردنی مەرگی زوحاکی زۆردار و خوێن مژە بۆیە ئاهەنگی هەموو چەوساوەکانی کوردستانە !

ئەوەتە خۆشی دەڵێت :

یەکەم ڕۆژی بەهارە ، جەژنە ، جەژنی نەورۆزە
ڕۆڵەی کورد بە دلّ شادی لێت بێ جەژنە پیرۆزە
ئەمرۆ رۆژی کاوەیە کوردستان ڕازاوەیە
مەرگی زوحاکە و زۆردار ئاهەنگی چەوساوەیە

*(عوسمان شاربازێری، کاروان، ل: ٣٩ )*

لە هۆنراوەیەکی تریا کە بەناونیشانی (رۆژی کاوە) بەم جۆرەی خوارەوە دەست پێ دەکات ئەوەتە دەڵێت :-

سەری سالە ڕۆژی نوێ یە
ئەمرۆ لە رۆژان زۆر جوێ یە
رۆژی کوردە و جێ ی شانازی
جەژنە و جەژنی سەرفرازی
لەم ڕۆژەدا قەلاّی زۆردار
ڕووخا بە هەولی چەوساوە
زوحاک پاشای بەد و خوێنخوار

کـــوژرا بـــه چەکوشـــی کـــاوە

نەورۆز

خۆی شۆڕشە و کلپەی پیرۆز

تیشکی ڕۆژی رزگاری یە

سووتێنەری زۆرداری یە

یـا ئەوەتـە هـەر لـە هـەمان هـۆنراوە دا بـەم جـۆرە پـێ دا دەچـێتە خوارەوە و دەڵێت:

زســـتان هـــەر چـــەند کرێـــوە بـــێ
زوقـــم و زریـــانی پـــێوە بـــێ
تەمـــەن کورتـــە و کۆتـــایی دێ
لەبـــەر تیـــشکی نـــەورۆز هەڵـــدێ
شـــەختەی ناســـۆر ئەتوێـــتەوە(١)
بـــەفری ســـتەم ئەچـــیتەوە
داری (هیـــوای ئـــازادی ) کـــوردی
بـــە یەکـــێتی ئەژێـــتەوە !!
ئەستـــــێرەی بـــــەیان

*(عوسمان شارباژێری - ١٩٦٩، ل: ٣٣ و ٣٤ و ٣٥)*

(١) شەختە : زوقم و خویسار

# (٢٢)

## د. ئیحسان فوئاد

لاپەڕەی مێژووی وولاتیان میللەتی جوولانەوە
پادی خوێنی سوور و گەش دیار دەبە ڕووی لاوانەوە

*(د. ئیحسان فوئاد / گۆڤاری بەیان، ژمارە : ٢٣، ئازاری ١٩٧٥ و ٢٦٧٥ کوردی، ل : ٣)*

یا ئەوەتە دەڵێت :

شـایی ئەکـەین سـەر چـۆپیمان بەسـتەی سـۆز
دڵـــداریمان گولاڵــەی ئـــاڵی نـــەورۆز
کـاروان ئـەڕوا پێـشرەو لـە سـەر رێـگایە
دەم کـەل گــرە و ئاسـۆ پـڕ لـە هیوایـە
ڕۆژێ ئـەبێ ، پەلـەت نـەبێ ، سـەوز و سـوور
وەلاتەکــەت ، دایگیرســێ ، خــوار و ژوو
وەك ئـەڵماس ، بــەر تریقــەی مانگــە شــەو
لەبـەر پرشـنگ ، کـەس چـاوی ناچـێتە خـەو
شـایی ئەکـەین ، سەرچـۆپیمان ئـاڵی نـەورۆز
کـاروان ئـەڕوا " پێـشڕەو لەسـەر ڕێـگایە
دەم کـەل گـرە و ئاسـۆ پـڕ لـە هیوایـە

*(د. احسان فوئاد / ل: ٢٨ / گۆڤاری هەولێر ژ : ٦ س: ١، نەورۆزی ١٩٧١ تایبەتە بە نەورۆزی ١١ ئادار).*

## (٢٣)

## محمدامین کاردۆخی

### یادی جەژنی نەورۆز

بۆ یادی خۆشیی ، جەژنەکەی ، نەورۆز
بۆ یادی (کاوە) ی ، نەبەردی دڵسۆز
کۆببینەوە با ، بە خۆشی و شادی
بۆ بیرەوەری ڕۆژی ئازادی
پێش هەزاران ساڵ کوردانی پێشین
لەیەکەم ڕۆژی ، بەهاری ڕەنگین
کاتێ (کوردستان) وەك بوکێکی جوان
ئەرازایەوە ، بە گوڵ و ئەرخەوان
ژنان ، منداڵان ، گەنجان و پیران
مەلا و کرێکار ، گەدا و ، شاومیران
کۆ ئەبوونەوە ، (یەکسان) ئەوەستان
بە (ئاڤێستا) و ) بە (گڵی کوردستان)
سوێندیان ئەخوارد ، تا دەستیان بڕوا
نەهێڵن ، دوژمن ، خەیراتییان بخوا
ئەمجا هەڵپەرکێ و ، ڕەش بەڵەك ، ئەکرا
بە شادی و خۆشحاڵی ، خەم بە با ئەدرا
شەویش ، ئاهەنگ و شایی گەرم ئەبوو
دەنگی گۆرانی بۆ ئاسمان ئەچوو
لەبەر شادی و کەیف ، باری ئەکرد خەو
(ئاهەنگ) هەر ئەما ، هەتا نیوە شەو

ل ٧٥

یا ئەوەتە لە شوێنێکی تری ئەم هۆنراوەیە بەم جۆرە پێ دا دەچێتە خوارەوە دەڵێت :

ئێمەش بـا ( نـەورۆز ) تازەکەینـەوە
یـادی (کـاوەی کـورد) ، بیربکەینـەوە
ئـەو کـاوەی کـەوا بـە هـێزی بـازوو
کۆشکی (زوحاکی) روخـان، زوو بـەزوو

یا ئەوەتە دەڵێت :

ئـەی بـرای کـوردم ، (کـاوە) براتـە
کـاوە ، چـاوەنوار ، هـێزی پۆڵاتـە
بـۆ جـەژنی نـەورۆز ، چـینی کرێـکار
زۆرتـر پێویـستە ، هـێز بخاتـە کـار
چۆن کرێکار بوو ، کاوەی کوردپەروەر
بـۆ (تۆڵـە سـەندن) ، دەرپەریـەدەر
بـە پـشتوانی (چـینی کرێـکار)
ئەو هێرشی برد ، بۆ کۆشکی زۆردار
ئەوبوو ، سەربەرزی بە کوردستان دا
شادی و بەختیاری ، بە بێ دەستان دا
ئەمساڵ جـەژنی ، نـەورۆز ، خۆشـەلام
(کورد هەموو یـەکن ) ، منیش دڵنیـام
ئەژین ، بـە سەربەست ، بـە کامـەرانی
دوور لـە خەفـەت و ، لـە مـاڵ وێـرانی

*هەڵەبجە ١٩٥٩*

*دیوانی کاردۆخی*

*(محمدامین کاردۆخی، بەشی یەکەم - چاپی یەکەم ١٩٧٨ بەغدا ل:٧٥، ٧٦ ، ٧٧).*

کاردۆخی لە هۆنراوەیەکی تریا دەڵێت :

لـە یـادی جـەژنی زێـڕینی نـەورۆز
بەعەشـقی پـاکی لاوانـی دڵـسۆز
کۆببنـەوە گـشت وەك جـاری جـاران
بـۆ یـادی جـەژنی نـەورۆزی کـوردان
بـاو و باپیرمـان هـەزاران سـاڵە
دار و درەختیـان نـاژتووە بـەم حاڵـە
لـە جـەژنی دارا لـە فەسـلی بـەهار
پـاچ و پـێمەڕە و بـێڵ و ئەکەوتـەکار
ژن و منـاڵی پیـاوی جـووان و پـیر
کـۆ ئەبوونـەوە گـەداو وشـاو مـیر
شایی و هەڵپەڕکێ و ڕەشبەلەك ئـەکرا
بە ئاهـەنگی خۆش خـەم بـە بـا ئـەدرا
دار حـازر ئـەکرا هەڵئەکـەنرا چـاڵ
لەگـەڵ دەنگـی نـەی ئەنـێژرا دەرحـاڵ
لە دارناژتنا هـەر کـەس بـێ بـەش بـوو
بەشی ئەو کەسە سووکی و رووی رەش بوو

*(گۆڤاری پاشکۆی کاروان : ٦ ، ئاداری ١٩٨٣، ل: ٤٥)*

# (٢٤)

## کەریم شارەزا

مامۆستا کەریم شارەزای شاعیریش لە میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی لە کەرکوک ئەم هۆنراوەی خوێندۆتەوە لە ڕۆژی ١٩٧٢/٣/٢٣ کە بە ناونیشانی ((کچی نەورۆز)) ەوە بوو .

کچی نەورۆز

کچی نەورۆز

ئەی نازداری خۆشەویستم

ئەی سەرچاوەی

بیر و ئەندێشەی سەربەستم

چاوگەی پاکی هۆش و هەستم

بێ تۆ گیانە

لەم بەهەشتەی کوردستانە

ژینم ئەشکەنجە و ئازاربوو

ڕۆژی ڕوونم

شەوی پەست و تەنگ وتاربوو

کژی عومرم هەر زستان بوو

کڕێوە و بەفر و باران بوو

دڵم دۆزەخ

دنیای ئاواتم زیندان بوو !

**

بەڵام ئەمڕۆ ئەی پەری پاکو پیرۆزم
کچی شۆخی نازداری بابە نەرۆزم
کە تۆهاتی نەما دەرد و قرو قاتی
بوو بە جەژنی خۆش و هاتی
چاوگەی ژینم ژیایەوە
بەفری غەمی دڵی سڕم توایەوە
بە پێکەنینی سیحراویت
بولبول خوێندنی خونچە دەمی کرایەوە
لە جوانی ڕووت نەرگز پشکووت

-----

## نەورۆز

### کەریم شارەزا

نەورۆزە ! مەستم بە نەغمەی بولبول،
مەستم بە عەتری بنەوشەو سومبول
شادم بە هاژەی ڕووباری بەفرین
سوورم بە شلپەی شەپۆلی زیوین
کێو وکرد و دۆڵ ، باخ و دەشت و دەر
جوان و خەملێون تێکڕا سەرانسەر
گوڵی گوڵزار و درەختی دەم پاڵ
هەڵپەڕکێ یانە بە شنەی شەماڵ
تیپی حاجیلە و گولوکی ڕەنگین

بوینە نیگاری قالّی ی رووی زەمین
خۆری پرشنگدار لە ئاسمانی شین
پێ دەکەنێ بۆ چیمەنی نەسرین
پۆلی پەپوولەی نەخشینی جوان جوان
هاتو چۆیانە بەسەر ڕووی گولاّن
شمشالّی شوان وباڕەی کار ژۆلان
جریوە و جووکەی بە سۆزی مەلان
بەرەو گوێچکەی دلّ ، دێن لە دۆل و دەشت
خۆش وەك ئاوازی مۆسیقای بەهەشت
لەهەر لا مرۆمەستە بە شادی
مەستە بە خۆشی رۆژی ئازادی
رۆژی پچرانی زنجیرەی ژیان
جەژنی نەورۆزی کورد و کوردستان

*کۆیە : نەورۆزی ١٩٥٨*

*لاپەڕە : ٢٩/٢٨*

*لە دیوانی (ئازادی و ژیان)ەوە*

*وەرگیراوە کە لە سالّی ١٩٥٨ دا مۆنراوەکە دانراوە بەغدا*

*کە مامۆستا کەریم شارەزا خۆی بۆی نوسیمەوە*

*زۆر سوپاس دەکەم*

گۆرانی بەهار

کۆیە : نەورۆزی ١٩٥٧

بژی کژی خۆشی بەهار
جەژنی دلدار
کاتی بووژانەوەی گولزار
گوررەی گوشادی من و یار
***
وەرە ئەی یار
یاری شۆخ و شەنگ و نازدار
موژدەبێ نەورۆزە و بەهار !
بارۆو بکەینە باخ و نزار
با راکەین لەگەڵ جویە بار
بچریکێنین لەگەڵ هوزار !
لەگەڵ قومری
لەگەڵ کەوی بەلەنجەو لار
لەگەڵ خوررە و هاژەی روبار
تێکرا بڵێین :
(( بژی کژی خۆشی بەهار
جەژنی دڵدار
کاتی بووژانەوەی گولزار !
گوررەی گوشادی من و یار ))

*(کەریم شارەزا، ئازادی و ژیان، ١٩٦٠، ل: ٣٠ / ٣١)*

## (٢٥)

# مەدهۆش

ملت شکێ ئەی سالی کۆن
گشت کەس لە دەستت رەنجەڕۆن

*(مەدهۆش، نەورۆزی ١٩٥١)*

ئـــەی گیـــژەکان و لاوەکـــان
ئـــەی پـــیرە دڵ شـــکاوەکان
بـــەهار وا شـــانی راتـــەکان
زســـتانی دایـــە بەرتـــەکان
بـــەفر و چـــلووورەی دەرپـــەڕان
وردە گیـــای ســـەوزی نـــاردە بـــان
دەوری شار خـوش بـوو ، بـۆ گـەڕان
ئاســـان بـــوو وەعـــدو پـــێ گـــەیان
چـــاپی لەســـەر بـــان لـــێ نـــرا
سـەر حەسار جـی ی لـێ خـۆش کـرا
بـــانگی دڵـــداری هەڵـــدرا
پەنجـــە و بـــرو ، کەوتنـــە ، هـــەرا
لـــێدان و عورفیـــت خـــستە نـــاو
پـــەتی قـــەنارەت هـــەلخراو
جـادەت چـوڵ کـرد لـە کیـژ و لاو
ئاسایـــشت وون کـــرد لـــە چـــاو
لـــە پـــاش هـــەموو ســـەیرانگایە
نـــوکرە و زینـــدانی بـــە غایـــە

لاو چاکی زور لەویدایە
کە گوینییان لەبەردایە
ئەم بەزمە لە جی ی ئامەنگە
دەنگی زنجیر و پیوەندە
قامچی و کەلەپچە گوبەندە
بو ئەو دیلەی کە دل تەنگە
با سالی تازە بیتەوە
بەفر و سەهول بتویتەوە
گولی ئالی بگەشیتەوە
دلی بویژ بکریتەوە
سەوزەگیا ، گوی چەم داگری
قوریە و سەماوەر لی نری
پول پۆل کچ وکورر دەست گری
دەهۆل و زوررنا لی دری
سەیریکی رووی جیهان بکەن
ئەوسا بە چاکی تی ئەگەن
روو لە ئاسوی گیتی وەتەن
ئالاّی ئازادی هەل ئەکەن
با ، یار ، لە مالی بیتە دەر
شال کودەری بکاتە بەر
وا لاچوو دەستووری نەزەر
ئەی گیژەکان و لاوەکان
گشت کەس لە دەستت رەنجەڕۆن
هەمو پەشیوی دەستی تون
کزو ڕوو گرژوو پەست و مون
پارەت لەدەست هەزار بڕری

ئەمەندەت خەلووز پێ کڕری
گوزەت لە نیسك و نوك بڕری
هێناتە سەر قات و قڕری
سوودت لە کاسب بردە بەست
دوا فلسی کیسەی چوو لە دەست
قەرزار هەموو نابوت و پەست
سووخور هەموو دل خوش و مەست
برروانە دنیا سەر بەسەر
گولی سووری هاتوتە بەر
وا (شانکانیشەکی) دەربەدەر
رێگەی فەرموزەی گرتەبەر
سەیریکی چینی ئیشکەران
لایەنگری ئاشتی جیهان
چون تی ئەکوشن بی وچان
بو سەربەخۆیی نیشتمان
ژاپون و بورما و هیندی چین
بەلقان و رۆژ ئاوی بەتین
ناوچەی خومان و رووی زەمین
بونە بلیسەی ئاگرین
پەیمانی شوومی شەررکەران
بومبای ئەتومی دوژمنان
پیچ و پەنای خونیخوارەکان
را ناگری هەولی میللەتان
ئیستعمار خوی و نوکەری
خەسووی و زوررنا لی دەری
راویان ئەنین شار بەدەری

لـــه ئیـــستەوە قـــورر بەســـەری
ئینجـــا ، بـــا ، باســـی یـــار بکـــەین
ســـەیری گـــول و گـــولزار بکـــەین
مـــەدحی تـــەرریی بـــەهار بکـــەین
دل مـــردوو ، ئاگـــاردار بکـــەین
دەی ســـال ئینجـــا نوبەتـــە
بـــەزمی بگـــیررە فرســـەتە
بـــەیانی ژیـــر گـــل جیگەتـــە

*مەدهۆش ئـەم هـۆنراوەی لـە سـالی ١٩٥١ ی زایینیدا وتـوە بـەلام بـێ گومـان ئەوسا نەئەتوانرا بلاوبکرێتەوە .*

*(گۆڤاری نەورۆز، ژ: ١ سالی ١٩٥٩، ل:٩٩/١٠٠/١٠١ )*

## (٢٦)

## هەردی

## ئەحمەد حەسەن عەزیز

## ١٩٢٢ ز

ئەم هۆنراوەی خوارەوەی شاعیری کورد پەروەر کە بابەتی نەتەوایەتیە و رەنگی مێژووی کۆن و نوێی خەباتی نەتەوەی کوردی گرتۆتە خۆی و بە ناوی (بۆ نەورۆزی ١٩٦٧)[1] دا ، لە ژێر پالەپەستۆی داواکردنێکی زۆردا پشکوت . کە ئەمەی خوارەوە بەشی یەکەمی ئەو شیعرەیە:

---

(١) ژین ژمارە ١

لــە رابوردویــەکی دوورا ستەمکارێــکی بــەدکردار
گەلی کوردی لە ناسۆرا سزادا بۆ بە زەبری دار
بە چەشنی گەردەلولی رای ئەپێچا گیانی لاوانی
بەرەو قورگی چڵێسی ئەژدەهاکی پیسی سەرشانی
گەلی مالی بە قوڕ گرت و گەلێکی کردە وێرانە
لە لای وابو کە پێشەی خالیە ئەم خاکی شێرانە
بەلێ ئەم نەی ئەزانی پێشەیەك ئاوا چڕوپڕ بێ
لە شێر خالی نیە کاتێ کە زالم کاسەکەی پڕبێ
بەلام کاتێ بە خوی زانی کە نرکەو نەعرەتەی لاوان
بە سەرکردایەتی کاوە و بە پشتی رۆڵە کوژراوان
دلی هێنایە لەرزین و بەشی یەك تاقە هەلمەت بو
کە خۆی و ئەژدەهاك و تەخت و تاراجی لەت وپەت بو

*(کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، حەمە حەمە ئەمین قادر، کاکەی فەللاح، ١٩٧٨ ، ل: ١٦٢*

## (٢٧)

## شێخ نوری شێخ سالح

### نەورۆز

ئاگری نەورۆز بە شاپلیتەو بەڕو ناکرێتەوە
نوو ببێتە خولەمیش و تێی دا بمرێتەوە
ئاگری نەورۆز بە گیان و دلّ ئەبێ وا خۆش کرێ

گەر بە خورِ دیجلە و فوراتی بێتە سەر نە کوژێتەوە
هاتوو گەر شیتانە مەنعی جەژنی نەورۆزت کرا
لازمە گیانت بە مەردی بیخەیە ژێر پیتەوە
دەست و پی . ئیسکی شکاو چیلکەو چەویلی چاوکەبی
لاشە هەر وەك داری (زەنگە قلیشە) کوبکرێتەوە
خوینی لاوان نەوت و بەنزین بیت و پرژیتە سەری
کلپەیەکی وا بێت شەوقی دانەمریتەوە
پیاو بزیرریینی وەکو شیری ژیان هەلمەت بەری
ژن بە دەوری ئاگرا بگری و بلاوبیێتەوە
خوش ئەبی ئەوسا بلێسەی ئاگری نەرۆزەکەت
ئەو حەلە سەیری گولی کە چۆن دەمی ئەرکێتەوە
دەس ئەکاتە پێ کەنین بۆ بلبلی باخی وەتەن
هەر بە یەك سروەی بەیان ئەشنێتەوە و ئەخنێتەوە
چەن بە خوشی بولبولی خوشخوان ئەخوینی و گولان
چون چریکەی سەر چلی عەرشی عەزیم ئەگریتەوە
بەو زوبانی حالە خوشە ئەم نزایەت بو ئەکا
رەبی ئەم رۆژە هەموو سالی بەخوشی بێتەوە

*(شێخ نوری شێخ سالح، گۆڤاری نەورۆز، ١٩٥٩، ل: ٦٠)*

## (٢٨)

## ئەحمەد دلزار

دلزاری شاعیریش بەم جۆرە یادی نەورۆزی کردۆتەوە بە بیرو باوەڕی خۆی کە گوتوویەتی :-

بـــه يـــادی تـــۆ نـــەورۆزی ئـــازادی ژیـــان
یـــادی هەڵـــسانی هـــــەزاران رەنجبـــــەران
کـــــردەوەی کـــاوەی دڵـــێر و قارەمـــــان
بـــێ گومـــان ئیـــسپات ئـــەکا بـــۆ میللـــەتان

*(ئەحمەد دڵزار، چاپی بەغدا، ل : ٣١)*

## (٢٩)

## ع. ع. شەونم

جەژنـــە، جـــەژنی کوردســـتانە، جـــەژنی نـــەورۆزە
بـــە تیـــشکی ئـــاگر ئەنووســـم جەژنـــە پـــیرۆزە

*(گۆڤاری بەیان، ژمارە : ٢٣ ئازاری ١٩٧٥، ل:٣)*

## (٣٠)

## شێرکۆ بێ کەس

نێرگزی زستان ناونیشانی ئەو هۆنراوەیە کە شێرکۆ بێ کەسی شاعیر گووتویەتی (لە بیرەوەری ی نەورۆزی ئەمسالا تاسەی (خانی) م کردو لە ئەنجام دا ئەم گفتووگۆی هۆنراوەیە بوو بە دیاری جەژنە پیرۆزە ). مەبەستی نەورۆزی ئەمسالا سالی ١٩٧٠ وە بووە .

نێرگزی زستان

لە دووره ڕێگای مێژووا

له لاپه‌ره‌ی رابووردووا
تاسه‌م کردی .. گیانی خانی
شه‌هیدێکی ووشه‌ی بڕوام
((مه‌م))ێکی ناو سلێمانی ی
میوایه‌کم دڵ پڕ له زام
بۆ یادی نه‌ورۆزی ئه‌مساڵ
هاتوومه‌لات به میوانی ی
ئه‌وه‌ش چه‌پکێ .. نێرگز .. دیاری
ئه‌ی عاشقی گه‌وره‌ی جوانی ی

*(شێرکۆ بێ که‌س، ده‌فته‌ری کورده‌واری / به‌رگی دووه‌م ، مارت و نیسان، ۱۹۷۰ ، ل: ۱۵)*

نه‌ورۆز

چه‌کووشی مه‌لآس له‌ده‌ستی زبرا
چیرۆکێکی هێزی ئه‌و برسیانه‌یه
له‌شی ئه‌توێننه له ناو ئاگرا
کاوه‌یی م نموونه‌ی ئه‌و داستانه یه

**

کاوه‌ی سه‌رده‌سته‌ی چه‌وساوه‌ی مێژووم
ئه‌و بانگه‌ی که‌وای له لووتکه‌ی به‌رزا
بۆ نه‌وه‌ی کوردی ئه‌مڕۆ و داهاتووم

دەنـــگ ئەداتـــەوە لەگـــەڵ ((نـــەورۆزا))

**

رەش و رووتـــی کـــورد ئـــارەقی رەنجیـــان
کـــردە ســـەر زەوی تینـــووی وڵاتم
ئەوســا درویّـــنەی ســـەختی تـــێ گۆشـــان
بـــوو بـــە خـــەن مـــانی بەرهـــەمی مـــارتم

*(شێرکۆ بێ کەس، گۆڤاری پاشکۆی کاروان،٣ ١٩٨، ل: ٣٣).*

ئەوەتـە لـێرەش شـێرکۆ بـێ کەسـی شـاعیر دووبـارە یـادی نـەورۆزی کردۆتەوە :

ئەی فریشتەی ناو کەژاوەی
پاوەڕی پیرۆز..
چەپکێ شیعرت پێشکەش ئەکەم
بۆ یادی نەورۆز ..
لە جێ ی نێرگز ..
لە جێ ی گوڵی کوردستانەکەم..
ووشەی سۆز و خۆشەویستی بە قژتا
ئەکەم ..

*(شێرکۆ بـێ کـەس / بـۆ نـەورۆزی ١٩٧٠، پاشـکۆی عێراق شـوبات و ئـاداری ١٩٧٨ / دوا لاپەڕە : ل ٢٨)*

له هۆنراوەیەکی تریا دەڵێت:

ئەی فریشتەی ناو کەژاوە ساقەتەی ساماڵ
پێ بکەنە، بۆ ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵ
قژی زەردی دوای قژ دانەوەی خۆی داهێنە
لە ئاوێنەی، ناو سروشتا جوانیت بنوێنە

## (٣١)

## ئازاد دلزار

ئازادی کوڕی دلزاری شاعیریش بەم جۆرە روو ئەکاتە نەورۆز و بەهار و دەڵێت :

وا ئەم ساڵیش ، بەهار نەورۆزی کردە پێشەنگ
تا بەئاگر ، دەست پێ بکا، سەرەتای ئاهەنگ
لەسەر شانۆی ساڵی تازە گلولی جوان جوان
هەڵیان داوە پەردەی ڕەشی وە شوومەی زستان
دەرکەوت دنیای مەیبوی ناوڕەنگ و رووناکی
پێچرایەوە شەوی تاری پڕ لە سامناکی

*(ئازاد دلزار، خونچەی سەمۆڵ - ١٩٧٥ ، ل:٢٦)*

## (٣٢)

## سعدالله پەرۆش

سعدالله پەرۆشی شاعیر بەم جۆرەی خوارەوە لە ڕوانگەی خۆیەوە ئاوڕی لە جەژنی پیرۆزی نەورۆز داوەتە و ئەوەتە دەڵێت :

مـــــــوژدەبێ (نـــــــەورۆزە) ئـــــــەمرۆ
بۆیـــــــە شـــــــادیم پۆشـــــــی یـــــــە
جەژنـــــــێکی پـــــــیرۆزە ئـــــــەمرۆ
بۆیـــــــە ژیـــــــنم خۆشـــــــی یـــــــە

*(سعدالله پەرۆش، کۆشنی ئارام، ١٩٦٩ ، ل : ٤٤)*

لە هۆنراوەیەکی تریا کە بە پیرۆزترین جەژنی کوردستانی داناوە و بە ناو نیشانی (نەورۆز) ئەم هۆنراوەی گوتووە بۆ ٢١ی مارتی ١٩٦٧ لە شاری هەولێری خۆشەویست:

### نەورۆز

لـــــــە پرزێـــــــکا درەنگـــــــی شـــــــەو
هاتـــــــە گوێـــــــچکەم دەنگـــــــی پتـــــــەو
لاوی نوســـــــتوو هەڵـــــــسە لەخـــــــەو
پـــــــیرۆزت بـــــــێ نـــــــەورۆزی نـــــــەو

***

کـــــــاتی بیـــــــستم ئـــــــەم ووتـــــــەی خـــــــۆش
دڵـــــــەی پەســـــــتم هاتـــــــە خـــــــرۆش
گـــــــڕی خـــــــستە دەروون و هـــــــۆش
ووتم ئـــــــەی (کـــــــورد) مـــــــژدە لـــــــە تـــــــۆش

*(کۆشنی ئارام / هەڵبەست، سعدالله پەرۆش، ١٩٦٩، ل: ٢٦)*

## (٣٣)

### عبدالله پەشێو

((پرسیم لە کاوەی باپیرەم
گوتم .. بابە ، وادەست بەستەم
دەپێم بڵێ ، چۆن ئەگەمە
نەورۆزەکەی سەدەی بیستەم ؟!
گوتی: ڕۆڵە ، گەر کوردستان
بکەن بە پارچە ئاگرێ
نەک زوحاکێ، هەزار زوحاک،
مل کەچ ئەکا و خۆی ناگرێ ..))

*(عبدالله پەشێو، گۆڤاری هەولێر: ل:٦، ژمارە:٦ ساڵی:١، نەورۆزی ساڵی ١٩٧١)*

**نەورۆزی ١٩٧٩**

ئەم ساڵ ، بێ چیا ، نەورۆز ناکەم .
بێ بۆنی گیا ، نەورۆز ناکەم.
نەورۆز ناکەم ، بێ بڵێسەی سووری ئاگر .
نەورۆز ناکەم ، ئەگەر ڕەشبەڵەک تۆز نەکاو
خۆم نەبم بە سەرچۆپی گر!
کزەی جەرگم :
بەیانی زوو هەڵمسێنە !
زۆر دەترسم ،
کەوێک ،

کارێك

گوندێك ،

شارێك

چەمێك ، چیاییێك لە بیربکەم

زۆر دەترسم ،

دارێك ،

بەردێك

کوختێك

گەردێك

بنجە گیاییێك ، لە بیر بکەم

بەیانی زوو هەڵمسێنە !

دیسان هەڵێ : ( با تێر خەوبێ ) .

سوێندم بە چیا خواردووە .

کە کوردستانە دوورەکەم

بە گەرمێن و کوێستانەوە ،

بگوازمەوە بۆ غەریب - بۆ ئەوەدەکەم !

مۆسکۆ / ٢٠ / ٣ / ١٩٧٩

(شەونی یە خەونتان پێوە نەبینم، ١٩٨٠، ل: ١٥٠- ١٥١)

## (٣٤)

## مغدید سۆران

مغدید سۆرانیش بۆ نەورۆزی ١٩٧٠ / لە شەقلاوە بەم جۆرە یادی نەورۆزی ئەم ساڵەی کردۆتەوە و ئەوەتە گووتویەتی :—

تاوانەوە
لەسەر کێوان ئەما بەفر و سەهۆڵ بەندان تاوایەوە
لە سۆزی دەنگی بولبولان گوڵی نەورۆز گەشایەوە
شایی و زەماوەندە لە خۆشی سەرکەوتنی بەهار
لە جەژنی ئاشتی و نەورۆزا گوڵ و گوڵزار رازایەوە

*(مەغدید سۆران، نەورۆزی ١٩٧٠ / شەقلاوە)*

بـا گـوڵی نـەورۆز تـێنووی نیـاز بـێ
بـەختی گـەلی کـورد لـە پـەردەی ڕازبێ !
ڕۆژێ هـەر ئـەبێ ئـەم چـەرخە سـپڵە
سـەر دانەوێـنێ و لـە گـەلمان سـازبێ

*نەورۆزی ١٩٥٦ – شیواشان*

*(گۆڤاری هەولێر، ژ: ٦ ساڵی: ١ نەورۆزی ١٩٧١، ل: ٢٦)*

## (٣٥)

# خورشیدە بابان

خوشکە خورشیدە بابانی شاعیریش بەم جۆرە ئاوڕی لە یەکێ لـ
نەورۆزی - ساڵەکانی (٧٠) حەفتاکانەوە داوەتەوە و بەم شێوەی خوارەوە بـ
ڕۆڵەکانی گەلەکەی گووتووە ئەوەتە دەڵێت:—

## یانزەی ئازار و نەورۆز

گەڵ ئەمڕۆ شادە ، دڵ پڕسۆزە
گوڵی سەربەستی دیاری نەورۆزە
کەژو دەشت و دۆڵ هەردی کوردستان
جوان تر رازاوە لە جاری جاران
ئاگری نەورۆز ، لە لوتکەی بەفرین
ئەی هێنێ مژدەی شەفەقی زێڕین
ئیتر پیلان و تەڵەکە کردن
هیچ کەلکی نیە بمرە ئەی دوژمن
جوان و دڵگیرە کێو ونساران
زیونیە تاڤگەی و چەشمەی کۆهساران
ساتۆش ئەی بلبل هەتا ئەتوانی
تێر تێر بخوێنە بە کامەرانی
هەڵاڵە یرمە ئیتر گریان بەس
من ناگریم بۆ کورد تۆش مەگری بۆ کەس
نۆبەی ئەوەیە شاد بین پێ کەنین
بۆ هیوای شیرین پتر تێ کۆشین

هوزاران ئێوەیش ئاهەنگێك سازكەن
دڵی پەشمردە ، پڕ لە ئاواز كەن
بەفراوان ، تاڤان ، یا هارەتان بێت
كورد بۆ ئازادی ئاهەنگ ئەگێڕێت
كاكی شمشاڵ ژەن ، جا تۆیش نەوایەك
بۆ جەژنی ئاشتی سۆز و سەدایەك
كاكی جۆتیار تۆیش ، هۆرەیەك بە كوڵ
هەمووی لە یاد كە خەم و تەمی دڵ
دیارە خۆتا لە سەر دۆش دانامێنین
كۆتی كۆیلەی ی زۆر چاك ئەشكێنین
دەنگی لای لایەی ، ناو ناخی دەروون
بەستە و سروود بە ، بۆ دوا ڕۆژی ڕوون
دوا ڕۆژی یانزەی ئازار و نەورۆز
بێ نینە بەرهەم بۆ كوردی دڵسۆز

*(خورشیده بابان، گۆڤاری هەولێر ١٩٧١، ژ:٦ ساڵی ١ نەورۆزی ١٩٧١، ل٢٧/٢٨)*

یا ئەوەتە دەڵێت :

نەورۆز بەخێر بێ ی ئەی جەژنی پیرۆز
هەرچەندە ، دەروون خەمبارە و ئاڵۆز
پێشوازیت ئەكەم ، بە كوڵ و بە سۆز
پێشكەشتی ئەكەم چەپكە گوڵی هۆز
چەپكە گوڵێك پارچەی دڵە : گورچیلەیە جگەرە
سنگی سەختی ڕۆڵەی مەردی سەنگەرە
بەنزینی بڵێسەوە گرت بفوێنی گەشی كوردانە
یەكیەتیم ئەوێ بۆ كورد ئەی نەورۆز دەستم بە دامانە

ئازادی و سەربەستی ئەوێ بۆ کورد شەڕپەرست نیە گەلی کورد
بۆیە لە ئاهەنگی تۆدا بخوێنە شاباشی و جەژنانە

*(خورشیدە بابان، سلێمانی - ٢٠/٣/١٩٦٩، ل:٢٩)*

## نەورۆزی ١٩٧٠

نــــــەورۆزی ئەمــــــساڵ جــــــوان وڕپــــــازاوە
چــــاکترین دیــــاری بــــۆ کــــورد هــــێناوە
داری خــــــەباتی خوێــــــناوی کــــــوردە
وا ئــــــەم بــــــەهارە بــــــەری هــــــێناوە
هەڵــــە بــــا هەســــتین هــــەموو یــــەك بگــــرین
لــــە دەســــتی ئــــەدەین بەرهــــەمی شــــیرین
بــــا بــــاش یــــەك بگــــرین زۆر چــــاك تــــێکۆشین
بهــــێنەوەدی ئــــــاواتی دێــــــرین

*(خورشیدە بابان، تیشك - ١٩٧٠، لاپەرەی بەڕی ناوەوەی تیشك)*

## (٣٦)

## محمد شێخ حسین بەرزنجی

وەك چــــۆن پرشــــنگی خۆرەتــــاو
یــــا ئــــاوەنگی پرشــــیو بــــلاو
نەشــــنە ئــــەدا ، بــــە گــــژو گیــــا

لـــــه دامـــــێنی دەشـــــت و چـــــیا
وا ناوەکـــــەت نـــــەورۆزی نـــــوێ
بـــــە هەســـــتی قـــــوولّم بـــــالّ ئـــــەگرێ

(محمد شێخ حسین بەرزنجی، گرێی نهێنی یەکان / ١٩٧٥، ل:٢٩)

## (٣٧)

## دلّشاد محمدامین

گەرچی ئینجانەی برینم
بەلاّم لە شەتلّی ژانم دار نێرگز دەڕوێ
گەرمی نەورۆزم ماتەمە
بەلاّم لە شینی پرسەم دا - شادی دەڕوێ

(دلشاد محمدامین، گۆڤاری بەیان - ژمارە ٢٣، ل٣)

## (٣٨)

## میهرەبان

وا نـــــەورۆز جـــــەژنی ئـــــازادی
بولبـــــول ئەخوێـــــنێ ئـــــاوازی شـــــادی
ئارایـــــشت کـــــرد و کـــــێو رەنگـــــین
گـــــەلّی کـــــورد شـــــادە و دەم بـــــە پـــــێکەنین
(میهرەبان، میهرەبان - پەیام - سلێمانی، ١٩٧٨ - ل : ٣٢)

## (٣٩)

### ئەرخەوان

نـــــــەورۆز بـــــــەهار وا هـــــــاتن
مــــرۆڤ گیـــــان دار گـــــشت شـــــادن
قەڵبـــــەزە و چـــــەم پـــــاك و ســـــاردن
گـــــوڵ و گیـــــا لـــــە خـــــاك دەرهـــــاتن

*(ئەرخەوان، ئەرخەوان - خۆشەویستی - سلێمانی، ١٩٧٢، ل : ٧٢)*

## (٤٠)

### محسن ئاوارە

### گرەو لە نەورۆزدا

ووتی:ئیمرۆکە نەورۆزە
روو دەکەینە پیدەشتی دامینی نسیو..
پال ئەنیشکی ئەو کەژانە
بۆ ماوەیی ,پیلوو داحە و ..بیکەرەوە
لە نیو باوەشی گولە کیویلکەکاندا
ون دەبم و نامدۆزییەوە
من نەمزانی
کراسیکی شەستە رەهیلەی گول گولی لە بەردەکا
حونچەی ئالیش لە قژدەدا

هەر لەو شوینەشدا دەوەستی,
کەپریتی لە وەنەوشەو نیرگز و گولە حاجیلە
پیدە شتیش دەکاتە کراسیکی گەورە ...

*(موحسین ئاوارە , ئاداری/١٩٨٧ هەولیر)*

**لە دیوانی( چۆراوگە ) ١٩٨٣ لە ل ٣٧ /بلاوبۆتەوە*
**لە ژمارە (٥١٨) ی ئاداری ١٩٨٠ لە هاوکاری بلاوبۆتەوە*

## (٤١)

## سلاح شوان

سلاح شوانی شاعیریش ( چاوەکانی دلّدارەکەی ) بە نەورۆزەوە بەستاوەتەوە و ئەوەتە دەلّیت (چاوەکانی تۆ نەورۆزن) :-

**دلّدارەکەم .. !**
**بەفری زستان**
**لەسەر لێو و، مەچەك و ، چاوی هەژاران**
**.. توایەوە**
**رەشە بای ڕێگای نەهاتی**
**گڕی سووری ڕێگاکانی بەجێ هێشت و ...**
**بەگرووی تاریکە شەوی دوێنێمانا**
**... کشایەوە**
**دلّدارەکەم پایزە گەواڵەیەك**
**نیمە -ل : ٣٦**

له پارچه هۆنراوەیەکی تریا به ناوونیشانی (جەژنانەی من )
دەڵێت :ـ

بە بێ ماچی چاوەکانت
نەورۆز لە ناو دڵی منا
سەربڕاوە
دڵدارەکەم

۱۹۷۳/۳
ل/۳۸

## (٤٢)

### محمد بەدری

محەمەد بەدری شاعیریش لە پارچە هۆنراوەیەکیا بە ناونیشانی (هورەیەک ) بەم شێوەیە ڕێز لە نەورۆزەوە دەگرێت و دەڵێت :

نەورۆزەکەم
لەم کاتەدا کەشەو تارە
کە چارەنووسی ئەم شارە
لەم چەرخەدا و لە زۆر شوێنا
پێی شێل ئەکرێ
زۆر جێ داخە کە زین بە کاکە مەم نەبڕێ
کە مەم لە غوربەتا بمرێ !

*(محەمەد بەدری، ئای چەندم خۆش دەوێ، بەغدا - ۱۹۷۹ - ل : ٦٣)*

## (٤٣)

## عبدالله عباس

بەفری چیا ئەتوێتەوە ..
ئاگری نەورۆز ئەکرێتەوە ..
خۆشەویستیش رووبارێکە ، هەر ئەکشێ ..
ئاگری نەورۆز کلپەی خۆشەویستی یە
تەوژمی چەمەکان ، تەوژمی خۆشەویستی یە
خۆڵ بیرتە ئازیزەکەم .. هەموو نەورۆزێ
ئەچمە چاوەکانتەوە ، دێیتەوە دڵمەوە..
لە چاوەکانتا .. لە دڵما ، ساتەکانی
نەورۆزم خۆش ئەوێ .. زۆر زۆرم
خۆش ئەوێ ..

*(عبدالله عباس، گۆڤاری بەیان - ژمارە ٤٠-٤١، ئازاری ١٩٧٧ لاپەرە (٨)، پاشکۆکەی ئەم گۆڤارە هەمان ژمارە) .*

## (٤٤)

## مکرم رەشید تاڵەبانی

نەورۆز و خۆشەویستی
وا نەورۆزە هاتەوە ..
گوڵی رەنگین ..

وەرزی بەهار

چیمن ، گولزار

بۆ پێکەنین

دەمی خۆشی و کامەرانی

دەکاتەوە !

ئەی فریشتە چاوکاڵەکەم .

منیش لەگەڵ هەڵهاتن ڕۆژی نوێ دا

چەپکە گوڵی مژدە و خۆشیت ..

پێشکەش دەکەم !

ماچی چاوی خۆزگەکانی

ئەمرۆت دەکەم !

دەبمە بزە و زەردەخەنە و

لە ناو کێڵگەی دڵی گەشی

ئارەزووت دا

تێر تێر دەدوێم

***

*(مکرم رەشید تاڵەبانی، هاوکاری، ژمارە ٣٦٠، ١٩٧٧، ل:٤)*

*وە هەروەها دوای ژیلەمۆی ڕاز لە لاپەرە ٩٧/٩٨/٩٩* چاپکراوەتەوە - ١٩٨٠

وا نەورۆزە و

ئاگری خۆشی دەکرێتەوە !

سەرما و سۆڵە .. سەرهەڵ دەگرێت ،

کزچ دەکات و
دەبڕێتەوە !
ساڵێکی نوێ سەر هەڵ دەدات ،
دار و درەخت
سروشت هەموو
چرۆ دەکات !
***
لەم ڕۆژەدا .. لە نەورۆزدا ،
لە گشت نەورۆزێك دا ،
لێوی خۆزگەم ،
ماچی چاوی ،
گۆنای کاڵی ،
خۆشیت دەکات!
یادی نەورۆز دەکاتەوە !
چەپکە نێرگس ، چەپکە سۆسەن ،
چلی زەیتوون
لە ناو باخچەی ساڵی نوێ دا
بۆ گشت یارێك
بۆ گشت دڵدارێك
دەباتەوە
دەباتەوە ١٩٧٧/٣

# ( ٤٥ )

## حەریق

خوالێ خۆش بوو مەلاسالحی زێوەیی

ئەلێن وا جەژنی نەورۆزە دڵم پڕر ئاتەش و سۆزە

وەرە بۆ جەژنە پیرۆزە بدەم روحم لەبەر ماوم

*(دیوانی حەریق، چاپی دووەم - ١٩٦٩ ز، ل: ٤٤)*

یا ئەوەتە لە جێگایەکی ترا دەڵێت:

پەیوەستە وەکو دەستە گولی باغی جینان

وەك غونچەی نەشوکفتەی نەورۆزی بەهاران

*(دیوانی حەریق، چاپی دووەم - ١٩٦٩ ز، ل: ٥٠)*

بۆ گوڵی رووت هاتم و پەرچەم ئەبێنم بۆیەوا :

ماهی نەورۆزم بە شێوەن وەك محەرەم خۆش نوواند

*(حەریق/ گۆڤاری کاروان، ژ:٦ ئاداری ١٩٨٣، ل: ٣١)*

## (٤٦)

## محمد توّفیق وەردی

### بۆ گۆڤاری نەورۆز

ئەی کورد وا هەڵات ڕۆژی نەورۆزت

مزگێنی لەمن لە توو لە هۆزت

بەڵام نەورۆزی ڕزگاری ماوە

ئەو ڕۆژە هاتنی بە خوێنی لاوە

کام لاو لاوی شێر نەبەز و زانا

بی بە چرا ، لە ڕێی ژیانا

( (وردی)، گۆڤاری نەورۆز، ژمارە : ١ ساڵی ١٩٥٩ ساڵی یەکەم، ل:٥٠)

## (٤٧)

## نەورۆزی جاران

پێم ئەڵێن نەورۆزە ئەمڕۆ ڕۆژی جەژن و خۆشی یە
وەختی هەڵپەڕکێ و سەمایە مووسەی تەڕ پۆشی یە
دەشت و دەر گوڵ پوشە ، ئەم ڕەش پوشیەت بی هۆشی یە
مونی ڕووت بی جی یە ، عالەم کەیلی بادە نوشی یە
((من ئەلیم نەورۆز و شادی جەژنی دیل ئازادی یە))

(گۆڤاری نەورۆز، ژمارە : ١ ساڵی یەکەم ١٩٥٩، ل:١١٢)

## ٢١ی ئازار ١٩٧٦

ئاسۆیەکی پڕ تەم و مژ
هەوایەکی تا بڵێ ی کز
بەری ئاسمان نایە سنوور
تێک ترشاوە هەوری ئەستوور
زەوی لایە قوڕ و چڵپاو
لایە (بەفر)لایە (لافاو)
شەو خنکاوی شەوە زەنگە
ڕەش هەڵ گەڕاوی فرسەنگە
بەڵام (مانگ)ی لەشەو جێما و
(سێپا)یەکە دوو پێی شکاو
هەرچەن سروشت کە ئاڵۆزە
بەیانی جەژنی (نەورۆزە)ە
ئەم ڕۆژەیە کە کوردستان
لە گەرمیانی تایە کوێستان
بەلایانەوە بەرێزە
لیپا و لیپی بەهرە و هێزە
کەچی (مبن)ی بێ سەلیقە
ئەو ڕۆژەشم لە لا دیقە
لەگەل (تەرم) ی ئەژدەهاکا
قەباوتل مەیە سەر خاکا
خاکە بەلوول داناوەکەم
ساتۆی پیلان و داوەکەم

بەرە و ڕووشم (کاوە)ی مەزن
هاوار ئەکا :- بمرێ دوژمن
هەر لە خۆی یەت (مامۆستا)یی
شێنی لێ کردم لە شایی !

***

هەزاران هەزار چەکوش ڕاوەستا
هەزاران هەزار دەزگا هەڵ وەشا
بۆ بای بێوڵەتی ئەم گەلی کوردە
هەروا مایەوە لە بەختی ڕەشا

(سۆزی ئەندێشە/ حەمە عەلی وریا، بەرگی دووەم / چاپی یەك ١٩٧٩/ ل:٢٠/٢١)

## (٤٨)

## حمە علی وریا

### نەورۆز

نەورۆز جەژنی کوردستانە
هی گۆرانە .. هی سۆرانە
جەژنە . جەژنی تێکۆشانە — جەژنی هەل بەکارهێنانە
پەلامارە . هەلمەت دانە — یادی کاوەی قارەمانە
نەورۆز جەژنی کوردستانە
هی گۆرانە .. هی سۆرانە
جەژنە . جەژنی ڕزگاری یە — سەرکەوتنی ئیجگاری یە
ژیانی بەختیاریی یە — بۆ هەموو کوردەواری یە

نەورۆز جەژنی کوردستانە

هی گۆرانە .. هی سۆرانە

جەژنە . جەژنی راپەرینە کول نەدانە . نەبەزینە

خەشی ناو دڵ دەربرینە هی کوردە . کوردی بەتینە

نەورۆز جەژنی کوردستانە

هی گۆرانە .. هی سۆرانە

جەژنە ، جەژنی ئازادی یە پر لە خۆشی ، لەشادی یە

گورد کردی بیدادی یە ئەم جەژنە جەنی (ماد) ی یە

نەورۆز جەژنی کوردستانە

هی گۆرانە .. هی سۆرانە

جەژنە . جەژنی هێرش بردنە تێك ترشان تەختی وو

ئالآی سەربەستی هەلگردن مافی سەربەخۆیی سەندن

نەورۆز جەژنی کوردستانە

هی گۆرانە .. هی سۆرانە

*(گۆڤاری نەورۆز، ژ: دوەم بانەمەر ١٩٥٩ سالی یەکەم، ل: ٤١-٤٢)*

## (٤٩)

### أ.ب.هەوری

دەستەی قوتابی کچ و کوڕی وورد

نەوەی کەلورد و زازا و هەموو کورد

لە قوتابخانە شێرانە وەك کورد

تا ئەم بەیانیە ئەمەیان ئەووت

وەتەن نەورۆزە نیشانەی بەهار
دەك پیرۆزت بێ نەك جارێ سەد جار
تا دوشمن بمرێ دۆستیش بە شادی
بژی و ببینێت رۆژی ئازادی

*(أ.ب.هەوری، پاشکۆی کاروان :ژ :٦ ئاداری ١٩٨٢، ل:٣٣)*

## نەورۆزی نوێ

وەتەن موژدەبی لە وشاخ وهەردە
لە دەشت و دۆل و لەو چیا زەردە
لە کێلگە و باخ و لە لالە زارت
لە رۆژی روونی روو لە بەهارت

***

خرمەی رەهێلەی بارانی بەهار
بە شەماڵ لەرەی شوورەبی و خیار
خشپەی درەخت و دەوەنی نزار
هەرسی ئەم دەنگەن بۆ گوێ ی ستەمکار

***

هەرز و گولالە و سەوسەن و نەسرین
بەرازاوەیی وەك بووکی رەنگین
بەپیزە بە دەستەلە خاك دەرپەرین
ئەمەیان ئەووت و بو دڵەی حەزین

***

(وەتـــەن نـــەورۆزە نیـــشانەی بـــەهار )
(دەك پـــیرۆزت بـــێ نـــەك جـــارێ ســـەد جـــار)
(تـــا دوژمـــن بمـــری و دۆســـتیش بەشـــادی )
(بـــژی و ببینیـــــت رۆژی ئـــــازادی )

*(أ.ب. هەوری/ گۆڤاری شەفەق/ ژمارە (٣) بەرگ (١٩ سالی یەکەم نەورۆز (مارت) ی ١٩٥٨، ل: ٢٦)*

## (٥٠)

## ئەحمەد تاقانە

### نەورۆز و .. چاوەڕوانی

دوژمنـانی گـەل وەرن ئـەمجارە مـەرگی ئـێوەیە..
داری مـێژووتان بەرێـکی تـاڵ و کرچـی پـێوەیە !
دوێنێ خوێنی رەنجبەری جووتیار ئەبو و بۆتان بەمەی
ڕەو ڕەوەی رۆژگار ئەسووڕێ ، ئەو مەیە ئەمڕۆ وەیە
ئەو تەلارەی وا بناغـەی لاشـەبوو رووخـا .. ئـەما..
جێگەتان ژێر پی یە ، گوڕتان ژێر گلی ئەو شییوەیە
ئـاگری نـەورۆزی هـۆزم بەنـدە ئـەمڕۆ شـادە گـەل
بـاوەڕم خۆراکـە بـۆ ژیـنی بڵێـسەی .. میوەیـە !!
خۆری چیینی رووت و برسـی وا هـەڵات و دەرپـەری
چاخی مەرگی سییخوڕی بێ بەینـەتی بـەد شـێوەیە
خاوەنی خـاك و زەوی جوتیـار و پایـە و رەنجبـەرن
مەشکە ژەن ئەمڕۆ بە نرخە و شاگولی ئەم کـێوەیە

جەژن و نەورۆزی ژیانی نوێ یە ، گەل ئازادەیە
چاوەڕێ ی مژدەی بەهار و هەڵمەتی ئەو دیوەیە

*(ئەحمەد تاقانە، پاشکۆ کاروان : ژ:٦ ئاداری ١٩٨٣، ل:٣٣)*

## (٥١)

## پیێزانیٚ ئالیخانی

### نەڤروز

ب خێر هاتی سەرچاڤێن مە جەژنا نەڤرۆز
بیست ویێکی ڤێ ئاداریٚ مە کر پیرۆز
بۆتە جەژنا سەریٚ سالێ ئەمین دلسوز
ڤێ بهاریٚ شەڤا تاری وێ کەینەروز

چ بهارە ، چ دیندارە ئەڤر و هاتی
ئەڤێ روژا هندە گران ئەهەلاتی
ئاگریٚ (سەرینی چیا) گولا وەلاتی
بو گەلی کورد و کوردستان توخەلاتی

ئێڤاری یاتەل گەلی دبیتە تاری
بچویك و مەزن ، پیر و جان ب ئێك جاریٚ
کت کت وەکی زاڤا و و بویکا دچین هاری
(کیمە ئەز.. گەلی نەبەزدار و دیاری

ژ لورستان و موکری و ماکوو بایە زیدێ
هەتا زاخو و ئازربیجان و ئامودێ
ژ دەستان و مانی و چەمەنشەم و بادێ
هەتا زێوە و کویە و بانگولێ بەری خویدێ

دەنگێ شالیل و بولبولا دول دەنگ ڤەددەن
هێل هێلا جوتیارا تەویکا ڤەددەن
سەد ڤەرەش و کاوا دگرن و بەردەن
ئاخێك لێ حەوددەن لێ و سوژیتن بەدەن

گەرڤان روژێن خوش و گەش و بیر ئینسانان
تەڤ جیهان ب خوێنیت سەیکە و کیوپیدان
ئەلیاز و ئوزیریس وئیزیس و مری یان
ل خو بکەن سەر بلندی و نان و ژیان

ئەم ژی و تەرا چەمی یایی نە هەمی دەما
گەریا لێم بیت گوڕی و لە بیزین و سەما
ژ مەنەکرەیە بینە ڤی باری خەما
یا ژ مە دمێت هەبێت ، نەبێت چەند ژی خەما

ئاگرەکی هەلکەین تژی کەسك و سور و ئاس
سەرکوپێن مەتین و ئەلە گەز و ئاراس
هەر سال دیار یا تە ئاگر و رەوناهی بۆ کاس
سەرپشك ئاڤیستا و مەم و زین و ڤیراس

*(کوڤاری پاشکوی کاروان، ژ: ٦ ئاداری ١٩٨٢، ل: ٣٤)*

## (٥٢)

# لەتیف بەرزنجی

## نەورۆز

بە یادی کاوەی چەکوش وەشێن
شۆڕشی سووری سەراپا خوێنت
یادی ئەو ڕۆژەی گەلی قارەمان
قەلاّ سەختەکەی زۆرداریان ڕوخان
ئەو ڕۆژە لای کورد گەلێک پیرۆزە
لە هەموو شوێنی جەژنی نەورۆزە
پیرۆز بێ لە گشت کورد و کوردستان
کوردی دوور ولاّت لاوی نیشتمان
سەرما کۆچی کرد بەفر تواوە
بە گوڵ و نێرگس ولات رازاوە
گولاّلە سوورەی کەژ و کێوەکان
ڕوا بە خوێنی گەشی شەهیدان
ئەوا لە ئاسۆی گەلی نیشتمان
مژدەی رزگاری ئەدا بە گەلان
بە یادی هەموو جوانە مەرگانی
لە ڕێی خەباتا بونە قوربانی
ئەمڕۆ کوردستان گشت نەوەی کاوە
ئاهەنگ دەگێڕن بەو یاد و ناوە

*(گۆڤاری پاشکۆی کاروان/ ژ: ٦ ئاداری ١٩٨٣/ ل: ٣٤)*

## (٥٣)

### پیرباڵ مەحموود

ئەمڕۆ نەورۆزە نەورۆزی جووانی

نەورۆزە ڕۆژی پڕ شادومانی

لە ئەم ڕۆژەدا وەنەوشەی بەناز

ئاشت ئەبێتەوە لەگەڵ خووشکانی

لە ئەم ڕۆژەدا فریشتەی بەهەشت

جیهان ئەڕشێنێ بە بووی نیهانی

لە ئەم ڕۆژەدا شەو بۆ ئەدرەوشێ

لە ژێر پڕشنگی خۆری بەیانی

لە ئەم ڕۆژەدا پۆلی پەری یان

هەڵ پەرکی ئەکەن بە کامەرانی

لە ئەم ڕۆژەدا مەلی ی ئاسایش

تەقڵەی لێ ئەدا لە نێو ئاسمانی

ئە لەم ڕۆژەدا شالوور دەخوێنی

بە ئاوازێکی خۆش و پەروانی

ئە لەم ڕۆژەدا تریفەی زیویین

ئەبریقێتەوە لەسەر ڕووی کانی

ئە لەم ڕۆژەدا کچۆلان پۆڵ پۆڵ

ئەڕۆن بەرە و باخ بەرە و گوڵانی

ئەلەم ڕۆژەدا دلداری شەیدا

نامە دەنێرێ بۆ دەزگیرانی

ئه لەم ڕۆژەدا کەناری شەتاو

ئەپارێتەوە بە ئەرخەوانی

ئه لەم ڕۆژەدا ئاسکۆلەی چاوەکەش

ئەسووڕێتەوە لە ناو مێرگانی

ئه لەم ڕۆژەدا چیینی دڵداران

پۆل پۆل دێنە دەر دەڵێن گۆرانی

*(پاشکۆی کاروان ژ: ٦ ئاداری ۱۹۸۳، ل: ٤٦)*

## (٥٤)

## ڕەئوف بێ گەرد

بڵێ بەو ساقی یە سادەی پەیاپەی تێکەمی مەی

بە یادی نەشئەیی کاوە و فریدوون و شەهانی کەی

بڵێ با بێتە سەر بەزمی جەم و موتریب بە پەردازی

لە بەزمی ڕۆژی نەورۆزم بڵێ باڵی براسانەی

بە نەغمەی بولبولینی بابیا هۆش سەرم هەر وەك

کڵاوی شاهی زوحاکی بە دەس کوردێکی شیرن بەی

خەڕامانی دڵم تاجی لەسەردانێ وەکو خەسرەو

لە شەوقی ڕۆژی نەورۆزم وەکوو دەروێش بکەم حەی حەی

لە سۆزی سینەکەم بێ دەنگی خێرهاتی بەهاری کورد

بڵێ وا جەژنی نەورۆزە ئیتر بە سینە نەهاتی دەی

*(پاشکۆی کاروان، ژ: ٦ / ئاداری: ۱۹۸۳، ل: ٤٧)*

## (٥٥)

## دکتور (شۆ)

لە نەورۆزی ١٩٥٧ فەرموویەتی :

گشت لایەك بژیین بە کامەڕانی
دووربین لە بەڵاو لە پەریشانی
کوردستان لەبەفر هەم زوقی زستان
رزگار بوو دیبارە مووژدەبێ لێتان
سەرما بەسەرچوو وادەی شادی یە
ڕۆژی یەکیەتی و دڵ ئازادی یە
کانی گوڵاڵە و فەسلی بەهارە
دەشت و شاخ شیبویی بینە دییارە
بەرگی زستانی لەبەر داماڵا
ڕەنگی خۆی گۆڕی و وا ئال واڵا
تاری شینایی کێشا بەسەردا
ئاگری لە دڵی دڵداران بەردا
گوڵاڵەی ڕەنگا و ڕەنگی ئازانە
گردە کێلی کێلە و پۆیلە و لەرزانە
خۆی پێشان ئەدا پرشنگی هەتاو
بریقی و باقەی ئاو دێنی لە چاو
وولاتی ئێمە گشتی هەرایە
واخم زانینی زۆر کەم تی یایە

دکتۆر بەم بەیتە کۆتایی بە قەسیدە درێژەکەی دێنێ:

ئەم ڕۆژە ڕۆژی عیلم و عیرفانە

نێر و مێ با بچین بۆ قوتابخانە

*(گۆڤاری پاشکۆی کاروان، ژ: ٦ ئاداری ١٩٨٣، ل٤٧)*

## (٥٦)

## هۆمەر

نەورۆزە دونیا ڕەنگینیە

بەهەشتە ئەم سەر زەمینیە

بۆژایەوە زەمین گشتی

لە دۆڵ لە دامێن لە دەشتی

*(پاشکۆی کاروان : ژ: ٦ ئاداری ١٩٨٣، ل:٤٥)*

## (٥٧)

## جلال مدحت خۆشناو

نەورۆز

کرکوك ١٩٦٣/٣/٢١

بە ئارەزوو

کوڕ و زوو بەزوو

هەر بە هەوەس
پەیوەند ئەپچڕم لە پێ و دەس
لە نێو بەندا
ئەڕۆم لە گەڵ بایی شەندا
بەرەو لوتکەی هەڵگورد ئەڕۆم
پشت ئەکەمە وولاتی ڕۆم !
ئەچمە کوێستان
سەیرانگای ناو باخ و بستان
گوێ لە باڕەی بەرخ ئەگرم
بەرگی تەمەڵی دا ئەدڕم
ئەبمە شوان
بۆ نیشتمان
خزمەتی گەل و هۆز ئەکەم
ڕۆژی نوێ پیرۆز ئەکەم
نەورۆز ئەکەم !!!

*(جلال مدحت خۆشناو/ کاروانی یار ١٩٧٥/ ل: ٥٢ و ٥٣)*

## لەسەر کاتی جەژنە

لەو خەزانە کە ماتەمە
ئاسۆی ژیان
پڕ لە هەوری ڕەش و تەمە
لە کەلێنی لووتکەی ئاوات
بۆ مزگێنی دڵ و خەڵات

پرشنگی ڕۆژێك دیاره

گری ئاگری هەند گەشه

پڕ باوەشه

نەورۆزێکه دوو ئاداره

تۆتۆتۆمی نەو بەهاره

له ئەلبۆمی کوردەواریی

بۆ تۆی ئەکەمە دیاری

بۆ جەژنانه !

*(ئاسمان و ئاو و خاك، شیعری جلال مدحت ١٩٨١، ل٣)*

## نەورۆز ئەکەم

هەولێر ١٩٦٨/٣/٢١

تیشکی ڕۆژی نەوبەهارم    هەردەمێ

گڕ ئەخاته مێرغوزارم    پرچەمێ

پەلکه زێڕینەم ئەکاته    پلپلەی

زولفی بووکی ئەم وولاته    گلێ و گوڵەی

بولبولی کوردی زوبانم    ڕازەکەی

ڕوو ئەکاته سونبولانم    نازەکەی

پڕ حەزی ئامێزی دڵدار :    سۆزەکەم

لێت ئەکەم جەژن و بەهار    نەورۆزەکەم!

لاپەڕه : ٩٦

## جەژنە پیرۆزە

کوت ١٩٦٩/٢/٢٦

لەگەڵ پرشنگی ئەو ڕۆژە
کە پێشڕەو بووکی نەورۆزە
ڕونای سووری شەبەق ئەڕنم
کزنای یاران بە ماچ ئەچنم
خەفەت ئەکوژم ، خوناو ئەڕژم
لە بالآی جۆ شەراب ئەمژم
دەزوو ئالآی بەهار لادە
پەرچەمی نەرمی بووک بادە
هەتا نازێ بکا سەیران
هەتا ڕازێ بلێ حەیران
هەتا ئەو هەڵبەست و لاوکە
بنیشێتە سەر ئەو مەمکە
سەر گوارەی شۆڕ سەر خەناوکە
سەرخاڵی ڕەشی ئەو هەوکە
لە هەڵپەرکێ ، لە زەماوەند
زەمین پڕکا لە بەستەو بەند
بچێتە ناو پیکی زوورنا
لە گرمەی ئاهەنگی جەژنا !!

ل: ٩٧-٩٨

له مۆنراوەیەكی تریا بە ناونیشانی خەونێكی شیرین دەڵێت :

## خەونێكی شیرین

هەر بەو سۆزە
بۆ ئەو مۆزە
هەر لەو ئاهەنگ و نەورۆزە
بە هەزارەها دەیان ووت :
((ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شورشین
سەیری كە خوێناوی یە رابردوومان)) !
*(ئاسمان و ئاو و خاك، شیعری جلال مدحت ١٩٨٨، ل: ١٧)*

## لە یادی نەورۆز

كوت ١٩٦٩/٣/٢١

ئەگەر چی سوسن و میلاق لەبەرچاوە
بزەی ڕوو نەرگز و لەیلاق كەزی خاوە
نەوەی كاوە
ئەوا بۆنی هەلاڵان دێ لە یاران دێ
لە پەرداخی گوڵاڵان دێ بە یاران دێ
بەهاران دێ
لەگەڵ لافاوی زێ ی پەنگا بە زریان دێ
لەگەڵ فرمێسكی ڕووی مانگا بە بریان دێ
بە گریان دێ
بە گریان دێتە سەر ڕووی گوڵ لە نەورۆزم

بە فیغان دێتە زار بولبول    بە پڕ سۆزم

لە بۆ هۆزم

فیداکارم درێغ ناکەم    ئەگەر مردم

لە ڕێ ی گەل سستی قەت ناکەم    کە من کوردم

ئەمن کوردم

*هەموو ئەم هۆنراوە پێشەوە هەتا ئێرە لە دیوانی*
*(کاروانی یار وەرگیراوە ١٩٧٥، جلال مدحت خۆشناو، ل : ٩٩)*

## (٥٨)

## سەبریە نووری قادر

## (دایکی سوولاف)

### یادێکی نەورۆز لە باوەشی منالیما

ئەبم بنە چاووگ بۆ جەژنی نەورۆز
نەبمە خۆڵەمێش بە گەردو بە تۆز
ئەمڕۆ نەورۆزە جەژنی کوردانە
هی لاو پیر و هەرزەکارانە
ڕۆژی نەمانی زۆرداری بێ فەڕ
جەژنی ئازادی کاوەی ئاسنگەڕ
ئاگری نەورۆز سەر لە ئێوارە
لەسەر گردەکەی یارەیە دیارە
فەرشی سەوزە گیا و نێرگز ، گوڵاڵە
لایەك زەرد و مۆر لایەکی ئاڵە
جریوەی چۆلەکە و بولبولی دەنگ خۆش

کان و گوڵ و گیا هاتوونە خرۆش
جەژنی درەختو چیای بەفرینە
جەژنی دەشت و دەر ئاسمانی شینە
نەورۆزە ئەمڕۆ جەژنی هەموانە
هی لاو و پیر هەرزەکارانە
بریسک و هووڕی سەماوەری زەرد
پریشکی زێڕین ئەپڕژێ لە هەرە
یا پراخی گەڵا و پەنیری تازە
چاوەڕێ ی پەنجەو لێوی بەنازە
مێوژ و ، کلە گوێز ، هێلکە و خورما و ڕۆن
لەگەڵ هەوای پاک بۆ لەش ساغی هۆن
مەشکە دۆی لادێ و ژمەنەکەوە
سارد و بەتام و بە پیت و قەڕە
کچ و کوڕ هەستان هەموو بە جارێ
لە لێو و دەروون خەندە ئەبارێ
بوو بە ڕەشبەڵەک هەڵپەرکێ بە دڵ
ملوانکەی خونچە و مێخەک و سمڵ
بەرز ئەبێتەوە لەسەر سینە و مەم
زاخاوە بۆ چاوسارێژ ئەکا خەم
چیاکان خاڵ خاڵ بریسکەی زیوە
واسەر چۆپی کێش کەوتە قریوە
نەورۆزە ئەمڕۆ جەژنی کوردانە
هی لاو و پیر و هەرزەکارانە
جەژنی یەکێتی دێهات و شارە
کاتی هونەر و خوێندن و کارە

(چاپکێ وەنەوشە/ دایکی سۆلاڤ/ ۱۹۸۱، ل: ٥٦،٥٥، ٥٨،٥٧/ ٢١-٣-١٩٧٢ سلێمانی)

## خۆری نەورۆز

نایەت بڵێسەی ناو ئەم دەروونەم
هەر ئەڕوا .. ئەڕوا
بەرز ئەبێتەوە
تا نەگات بە خۆر
هەر کڵپە ئەکات ناکوژێتەوە
خۆری نەورۆزی ئاوارەییم بوو
گڕی بۆ گڕ نارد
ناسڵەمێتەوە
هەر شەپۆلێك دێ لە دەریای شێواو
پەڕەی بێ ووشە هەڵئەدرێتەوە
شەو لە کاروانی
سزای ناخی دا لە ڕووی ئاسۆدا
ئەتوێتەوە
گوێم لە لاوك و سۆزی حەیرانە
نایەت سەداکەی هەر ئەیلێتەوە
زەنگی کاروانی
خەباتی گەلە
لە لاشەی خەما ئەزرنگێتەوە
خۆشەویستمان وەك خونچەوایە
بە دەنگی سزا و خۆزگە و نان و خەم
ئەکرێتەوە
گەر دڵ لە خوێن و چاو لە گلێنە
نینۆك لە گۆشت
جیاببێتەوە
بەڵام ئەم هەستەی کە شەیدای تۆیە

هەرگیزا و هەرگیز
جیا نابێتەوە
(سلێمانی، ١-٩-١٩٧٧، ل : ٦٩/٧٠)

## دایکی شەهیدێك

کــــوڕم چـــــەکەکەت بکـــــەرە شــــانت
بـــۆ ڕێــــگەی بــــەرزی مـــان و نـــەمانت
ســـنگت قـــەڵغانی خـــاکی پـــیرۆز بـــێ
گیانــــت مەشـــخەڵی جـــەژنی نـــەورۆزبێ
نەکـــەی بترســـــی لــــە ووشـــەی مـــردن
ئازادیـــت بـــوێ و گیـــان بـــەخت کـــردن
گیــــانێ نەســــووتێ بـــۆ وولاتەکــــەی
خوێـــــنی نەڕژێـــــت بـــــۆ بەراتەکــــەی
ئــــەبێ چەوســــاوەو هــــەر ژێـــر دەســـتەبێ
گریـــان و ڕۆڕڕــــۆ هـــــاوار بەســــتەی بـــێ

دایکی سوولاڤ پێ دا دەچێت تـاکو بـەم دوو دێرە کۆتـایی بـە هۆنراوەکـەی دەمێنێت:

چـــونکە شـــەهیدی بـــەرگی ڕەش ناکــــەم
بـــە خوێــــن ڕـــازاوە ڕەنگــــی ئاڵاکــــەم

(سلێمانی، ٦-١٠-١٩٧٧، ل:٧١/٧٢/٧٣)

چاوەڕوانی

تەنها یەك كۆپەڵەی لێ پێشكەش دەكەین كە دەڵێت :

بەستەڵۆكی قەد چیاكان
بگرە لە چلەی هاوینا
بە تیشكی خۆر ناتوێتەوە
بەڵام لە تیشكی ئاگری نەورۆزێكا
دڵی بەفریش گڕی تیایە
چین چین بەرز ئەبێتەوە

*سلێمانی*
١٥-٩-١٩٧٨
*(چەپكێ وەنەوشە، بەغدا ١٩٨١، ل: ١٣)*

## (٥٩)

## تاهر فۆاد (شیخ اهیر شێخ عبداللطیف)

### (نەورۆز و بەهار)

مدتێ بوو دوژمنی كافر وەكوو فێلی شتا
استیلایی ملكی شادی كردبوو هەروەك بەلا

رەعد و بەرق و تەرزە تا بوون متفق وەك بالقان[1]

دەولەتی بەزم و یەنعا مغدور بوو میلی (تورکیا)

هات شکر هەروەك عرب جیشی دلێری اعتدال

لەشکری سەرمای شکاند وەك عسکری (ئیتالیا)[2]

قووەتی بوو هاتە ناو بحری فچا جیشی بەهار

دای بەسەر کەشتی نم و هەورا (درید نوگ)[3] ی حبا

بۆیە شارەت دانی نەورۆزێ مرخێ بوو نەسیم

شاهی عثمانی بەهار اعلانی شایی سلحی دا

مختی زستان میدل بوو بە سەیرانی رەبیع

قرشی ڕەنگاو ڕەنگ لە دەشت و کێو و سحرای راخرا

ئەوەتە لە هەمان هۆنراوە دەڵێت :

ڕۆژی نەورۆزە ڕۆمانی ماتەم و ئەندوە نیە

وەختی یاری و کەوشەکە أیامی سەیرانە و یەفا

فرێتە گەشت وتفرج مفتە عشرت بۆ کەسێ

یار و ئەیباب و رەفیقێکی هەبێ لەم ڕۆژەدا

چاوەڕێی تەشریفی یارانێتی دەشتی چوارباغ

حاچرە بۆ بەزمی سحرا طاقم واسپایی چا

با لە دەست خۆمان نەکەین ڕۆژێکی وا خۆش و عزیز

(١) ئەوسا شەری عثمانی وولاتانی بالقان بووە دیارە بوویێ بەهۆی هەستی ئاینیی یەوە لای عثمانیانی گرتووە .

(٢)مەبەس لە عەرەبە شۆرشگێرەکان سنووسی یە بەرامبەر بەو ئیتالیانەی هاتبوون لیبیا بگرن .

(٣) درید نوگ : بە تورکی جۆرە پاپۆرێك بووە .

وامهیاین ئێمە تۆش تەشریف بفەرموو میرزا

(دیوانی طاهر فؤاد، کوردی ـ فارسی ـ تورکی، چاپخانەی کوردستان، ١٩٧٠، ل٥و٧)

## (٦٠)

## حەمدی

## ١٨٧٨-١٩٣٦

## ((ئەحمەد حەمدی بەگی ساحێبقران))

((لە گۆرانی ی نەورۆزدا))دا ، حەمدی بۆ وەسفی بەهار و نەورۆز ، ووشەی (دڵ) کە ناوە دەیکاتە سیفەت و ووشەی (بە دڵ) واتە ، بە ئارەزوو بەکاردێنێ ، دەڵێ :

هێنایە لەنجە دەستی چڵ — وەك جامی بادە عەتر و گوڵ
عەرعەر تەقانی دەست و پل — سەماسەما دەکا بە خول
نەی کەوتە خوندەنی بەدڵ — نابێ ببم زیاتر خەجڵ
نۆری بدە جەژنانەکەم
خۆشی دەکەم سەیرانەکەم

(گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات/ زانستگای بەغدا، ژمارە (١٨)/ ١٩٧٤، ل ١٨)

هەندێ جار حەمدی لە بیری قووڵ و مانای بلیمەت و وێنەی هونەری یەوە بازدەداتە سەر کێشی سووك و قافیەی ڕەوان و بیری مانا و وێنەی ساکاری جووان ، لە بابەت گول و نەورۆزەوە لە (( گۆرانیی نەورۆز)) دا دەڵێ:

بەهـ بەهـ چ ڕۆژێکی نەوە — هەی هەی چ عومرێکی نەوە

هەوا دەریایی پڕتەوە    گوڵ بۆ چەمەن بەسەر ڕەوە

شیرینە جێ ی سەیرانەکەم

ئەمما بدەی جەژنانەکەم

قەدەح مەست بوو ڕشایەوە    عومر لە نو نووسرایەوە

گوڵ پێکەنی گەشایەوە    شەونم وەك من بە شایەوە

چرۆی درەخت ژیایەوە    خونچە دڵی کرایەوە

با بەس بڵێم جەژنانەکەم

زایع نەبێ سەیرانەکەم

(گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات/ زانستگای بەغدا، ژمارە ١٨ - ١٩٧٤، ل٢٨)

دیسان لە ((گۆرانی نەورۆز)) یش دا حەمدی دەڵێ :

گوڵ غەرقی ئاو و ڕەنگە    خونچە دەم و دڵ تەنگە

نێرگس گێژ و دەبەنگە    بلبل لە سەر ئاهەنگە

ڕۆژێکی شۆخ و شەنگە    لوتفێ بکە درەنگە

بێنە بدە جەژنانەکەم

بچم بۆ سەر سەیرانەکەم

(گۆڤاری ئەدەبیاتی/ زانستگای بەغدا، ژمارە(١٨) ١٩٧٤، ل٤٤)

حەمدی وەکو نیشتمان پەروەرێك ، لە هەموو شیعرێکی دا ئەو هەستە بەرزەی دەبزوێ . لە چوارینێکی دا ، نە نەورۆز ، نە بەهار و نە گوڵاڵەی ئاڵ و واڵا نایکەن بە زەماوەند ، بەڵکو بە پێچەوانە ماتەم هەموویانی گرتووە ، چونکە کورد نەگەیشتۆتە ڕۆژی خۆی ، ئەو ڕۆژەی کە دێ نەورۆز و بەهار و گوڵاڵەی ئاڵ و واڵا دەبنە مایەی خۆش و گوشادی و بەزم و ڕەزم و زەماوەند :

تۆ لە شەوا دابی وەتەن ! من چۆن بڵێم نەورۆزمە

ئەم گوڵاڵەی ئاڵ واڵایەی بەهار پیرۆزمە

جەژنی چی هەر ماتەمێکی ڕووتە شین و گریەیە
تا هەڵێ ڕۆژێ کە کوردیش پێ ی بڵێ جا ڕۆژمە

(گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات/ زانستگای بەغدا، ژمارە (١٨) ١٩٧٤، ل ٤٧)

یا لەو وێنەش ساکارتر ، ئەو وێنەیە یە کە لە ((گۆرانی نەورۆز))دا نەخشی دوکێشێ. شاعیر دەیەوێ وەسفێکی دیمەنی بەهار بکا، دیمەنێك نەوەکو لە ڕووداوەوە هەڵقولاَبێ بەڵکو لە ڕووداوێك کە شاعیر دروستی دەکا .

بەلای شاعیرەوە نەورۆز جووانترین ڕۆژی بەهارە . لەبەر ئەوەیە گوڵی هەموو بەهار ، وە گوڵی ناوچە جیاوازەکانی وولاَتی کوردەواری کۆ دەکاتەوە کە دەڵێ :

گوڵزارێکی چ ڕەنگینە
دنیا سپی و سوور و شینە
لاله و وەنەوشە و نەسرینە
ڕەیحانە و مینا چین چینە
شەست پەڕ خەریکی پەرژینە
هەر ڕۆژێ وا ڕۆژی ژینە
زووکە بدە جەژنانەکەم
تێکی مەدە سەیرانەکەم

(گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات/ زانستگای بەغدا، ژمارە (١٨) ١٩٧٤، ل٥٢)

## (٦١)

## خادیم
## حاجی میرزا عەبدوڵلاَ کۆیی

(قەسیدەی بەهار لە وەسفی قودرەتی خالیقی ئەرز و سەما)

سروەی نەسیمی سوبحی بەهاری گەڕایەوە
تاریکی ڕۆژی فەسلی خەزانیش بڕایەوە
عیسا سیفەت شکۆفە بەسەریا ژیایەوە
ئەنفاسی وا لە نەفحەی روح القدس ئەچێ
تەئسیری کردە شاخی گریبانی لاخی دار
شاخی درەخت مریەمە وا چوو بەلایەوە
نەورۆزە ، نەوبەهارە ، بە هاوارە عەندەلیب
مەستانە خۆی لەمەوجێ گوڵانا تلایەوە
بولبول بە شاخی سەرەوە هاوار ئەکا ئەڵێ:
جەژنی ویساڵە دێتو ئەڵێ دەی بڕایەوە[1]
لەم جەژنی گوڵشەنە لە تەماشای ڕووی گوڵ
بولبول بە نەغمە هات و خۆشی بەشایەوە
بەم سروە باوەشینی گوڵشەنی کرد دەستی نەوبەهار
پشکۆی جەمالی خونچە بە سووری گەشایەوە
عەر عەر بە ڕەقس و نارەوەن و هەم چنار و نار
دێن و دەچن و بەلەنجە و سەروش شنایەوە
بەرگی چەمەن لە زوردی ئەگۆڕا لە فەیزی ئەو
بەرگی زومورردی بەسەرادا کێشایەوە[2]
داری هەنارە نارە گوڵی سەرچڵی ئەڵێ ی
ئەم ئاگرە لە عومری شتاچوو بڕرایەوە[3]

(دیوانی خادیم/ بەرگی یەکەم ١٩٨٠، ل: ٤٧/٤٨)

(١) دەی : یەکەم مانگی زستان
(٢) زەمەرد : گەوهەرێکی بە قیمەتە
(٣) شیتا : زستان

## (٦٢)

### نەریمان

نــــەورۆز ئــــەمجارە لــــە هــــەموو شــــاران
بــــەر لــــە هاتنتــــا رەحمــــی کــــرد بــــاران
پــــێ ی پوژایــــەوە کــــەلی هــــەژاران
سارپــــێژ بــــوو زامــــی گــــشت دەردە داران
یــــاخووا بــــە خــــێر بــــێ ی جەژنەکــــەی نــــەورۆز
چــــاوەڕێ یــــن هــــەموو یــــارانی دڵــــسۆز
نــــەورۆز هــــاوار کــــە بــــۆ لاوی وولات
لــــە بیریــــان نەچــــێ کاوەیــــان هــــیچ کــــات
قــــەد دووانەکــــەون لــــە هــــەوڵ و خــــەبات
یــــاخووا بەخــــێر بــــێ ی جەژنەکــــەی نــــەورۆز
چــــاوەڕێ بــــن هــــەموو یــــارانی دڵــــسۆز

## (٦٣)

شاعیرێکی دی دەڵێ :

بەخــــێر بــــێ ی نــــەورۆز بەخــــێربێ ی بەخــــێر
زینــــدوو کــــەرەوەی کــــاوەی دلــــێر
لــــەم ڕۆژەدا بــــوو کــــاوەی ئاســــنگەر
زوحــــاکی پیــــسی لــــێرە کــــردە دەر
ئــــێمەش بــــە یــــادی ئــــەو جەژنــــە بەســــۆز
هــــەر ئەکەینــــەوە ئــــاگری نــــەورۆز
تــــاکو گــــڕ بگــــرێ لــــە نزیــــک و دوور

بلێسەی بدا وەکوو کێوی نوور
کەس نەڵێ نەورۆز گڕی نەماوە
ڕەگ و ڕیشەی وی لە دڵ چەقاوە

*(گۆڤاری پاشکۆی کاروان، ژ: ٦ ئاداری ١٩٨٣، ل: ٤٧)*

## (٦٤)

## (کامیل ژیر )

وە لە هەلبەستی (کاروان و نەورۆز ) دا ئەڵێ :-

که خوری گەش له ئاسۆی سەر
گزنگی دا
شۆڕشێکی وا گەرمو گورر
بەرپا ئەکا
کوردستانەکەی بەش کراو
فەرامۆش
وەك ئاگر و ئاوی کوڵاو
دێنێتە جۆش

*(کامیل ژیر، کوردایەتی، چاپخانەی (نەجاح) ١٩٦٠، ل:٢٠)*

### کاروان و نەورۆز

سەربەستی نە ئەدرێ ، نە ئەسەندرێ

سەربەستی هیوایە  بە هیوا گەیشتن نەوەرگرتنە ، نەسەندنە، بەڵکو تەقەڵایە ، هەر کاتێك هیوای سەربەستی لە دڵی گەلێکدا گەرم بوو ، تەقەلای بۆ ئەدات .

گەرمتر بوو ، را ئەپەرریت . جوشی سەند، شۆرش بۆ بەرپا ئەکات . هیچ گەلێك سەربەست نابێ تا پلەی گەرمی هیوای نەگاتە تینی شۆررش .

سەربەستی بی شوررش ، وەك پارچە بەفریکە ، زۆر ناخایەنی ئەتویتەوە ، ئەو گەلەی گیانی شوررش تێدا نەبی بو سەربەستی ، گەلێکی نووستوو و بیکارەیە و پاشەرۆژی تواندنەوەیە .

(کوردایەتی ـ ١٩٦٠ ـ ٢٥٧٢ ك، لاپەرە : ٢٨)

کاروانەکەی کوردی دلیر

نەوەی کاوە

بە بیری سەربەخۆیی تیر

بە هیواوە

بەروو مەشخەلی روناکی

ئامانجی گەل

کەوتوتە رێ بە چالاکی

هوگری هەل

ئەروا دلنیایە کە ئەو

بە توانایە

راپەرریوە لە پەستیی و خەو

بە برروایە

کە خوری گەش لە ئاسوی سرر

گزنگی دا
شۆڕشێکی وا گەرم و گوڕ
بەرپا ئەکا
کوردستانەکەی بەشکراو
فەرامۆش
وەك ئاگر و ئاوی کوڵاو
دینیتە جوش
ئەوەی وتی نەورۆزی کورد
ئەبی نەبی
موخ و میشکی ئەهاڕری ورد
چەن گەورەبی
پەیکەری کاوەی قارەمان
لە شار و دی
ئەبی بە بارەگای نەورۆز
چریکەی دەنگ
بە سروود و بەستەی بەسۆز
کوڕری ئاهەنگ
وەها گەرم و بە جوش ئەکا
هیندە بە تین
کوردستان بی لەو روژەدا
بەهشتی ژین

(کوردایەتی، ۱۹٦۰ ف ۲۵۷۲ ك، ل: ۲۸،۲۹،۳۰)

# سەرچاوەکانی ئەم باسە:

١- پاشکۆی عێراق , ژمارە (١٢-١٣)ی شوبات وئاداری ١٩٧٨ ,ل:٣
٢- گۆڤاری ئاسۆی زانکویی, ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٧٩ ل :٨٦
٣- ملزمەیەکی خوێندکارانی قوناغی ناوەندی ش.ف ل:١٤
٤- روژنامەی هاوکاری،ژمارە(٤١٨) دووشەمەی (٢٠)ی ئاداری ١٩٧٨ ,ل:١
٥- پاشکۆی عێراق ژمارە (١٢-١٣)ی شوبات وئاداری/١٩٧٨ ل:٣
٦- گوڤاری بەیانی ,ژمارە(٢٣)ئازاری /١٩٧٥-٢٦٧٥ کوردی
٧- پاشکویّ کاروان،ژمارە(١٨)ی ئازاری / ١٩٨٤،ل:٦
٨- گوڤاری هەولێر،ژمارە(٦)سالی/١٩٧١ ،ل:١٨
٩- پاشکۆی کاروان ژمارە (٦) ئاداری ،١٩٨٣ ل:٣١
١٠-دیوانی مەولەوی ، پیرەمێرد چاپی دووەم ،بەغدا ٢٩٦٨ ل:٣٥
١١- دیوانی نالی وفەرهەنگی نالی د.مارف خەزنەدار بەغدا١٩٧٧ ل:١٣٢
١٢- دیوانی مەلای جەباری عبدالجبار محمەد جەباری کەرکوك ١٩٦٨
١٣- دیوانی شیخ ئەحمەدی جزیری چاپی هەولیر ٢٥٧٦ کوردی- ١٩٦٤ ز
١٤- دیوانی وەفاییمحمەد عەلی قەرەداغی چاپخانەی کوری زانیاری کورد بەغدا /١٩٧٨
١٥- نوروزنامە محمد عبدالرحمان زەنگەنە ١٩٨٥ ل:٥٨
١٦- روژنامەی ژین،ژمارە(١٠٥ )ی سالی ١٩٧٣
١٧_دیوانی خادم بەرگی یەکەم ،حاجی میرزا عبدالله کوییّ دار الحریە یغداد / ١٩٨٠
١٨- دیوانی گۆران، لە بلاّوکراوەکانی یەکیتی نووسەرانی کورد/ بەغدا ١٩٨٠
١٩- دەفتەری کوردەواری،بەرگی دووەم ١٩٧٠ ، ل:١٢٦
٢٠- دیوانی حاجی قادربی کویی گیوموکریانی چاپخانەی هەولیر/١٩٦٩ .
٢١- ئاریك وععن ،هێمن نەوروزی رزگاری ،ل ٨٦
٢٢-دیوانی دلدار ،وچاپی دووەمین چاپخانەی کوردستان هەولیر ١٩٧١
٢٣- ژین ژمارە(١٤٢٦ ) روژی ١٩٥٩/٤/٢
٢٤-ژین ژمارە (١٠٥ ) نەوروز ١٩٧٣/٣/٢١
٢٥- دیوانی کاردوخی محەمەدەمین کاردوخی چاپی دووەم سالێ / ١٩٨٢
٢٦-چوارینەکانی جاهد / برهان محمەد جاهد/ بەغدا سالی ١٩٧٩

٢٧-هەولێر ژمارە (٦) ساڵ/١٩٧١

٢٨- نەوروزنامە محە مەد عبدالرحمان زەنگەنە ١٩٨٥ ل: ١٢٦

٢٩-گری نهێنیەکان محمد شیخ حسین بەرزنجی ١٩٧٥ ل: ٢٩

٣٠-دیلان دیلان بەغدا ١٩٦٩ ل: ٨٨

٣١- .........

٣٢- زمان وئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی بەشی ئەدەب

٣٣- دیوانی کامەران ئاگرروژیلە ساڵی ١٩٥٨ چاپخانەی کامەران لە سلیمانی .

٣٤- روژنامەی ژین ژمارە (١٠٥ ) ساڵی/٢١ /٣/ ٧٣

٣٥- ئەستیرەی بەیان ١٩٦٩ لاپەرەی :٣٣

٣٦-......

٣٧- نەوروزنامەی محمد عبدالرحمان زەنگەنە ١٩٨٥ ل:١٥٧

٣٨- هەمان سەرەچاوەی پیشو ل:١٦

٣٩- دیوانی چەپکی وەنوشە ساڵی ١٩٨١ دەزگای روشنبیری بلاوکردنەوەی کوردی

٤٠- گوڤاری هەولێر ژمارە (٦) ساڵێ /١ نەوروزی ساڵێ ١٩٧١

٤١- روژنامەی ژین (ژمارە-١٠٥ ) ساڵێ٢١/٣/١٩٧٣

٤٢- روژنامەی هاوکاری ژمارە (٥٧٩ ) پینج شەمە ریکەوتی ١٩ی ئاداریە ساڵی ١٩٨١

٤٣- هەمان سەرچاوەی پشوو

٤٤- هەمان سەرچاوەوی پشوو

٤٥- گوڤاری هەولێر ژمارە (٦) ساڵێ -١ نەوروزی ١٩٧١ ل:٢٦

٤٦- خونچەی سەهوا ١٩٧٥ ل (٢٦)

٤٧- کوشەی ئارام ١٩٦٩ ، ل ٢٦ .

٤٨- ئەرخوان ئەرخوان خورشەویستی سلیمانی ١٩٧٢ ل: ٧٢

٤٩- میهرەبان میهرەبان پەیامی سلیمانی ١٩٧٨ ل:٣٢

٥٠- هاوکاری ژمارە(٣٦ ) ٢٣ی ئاداری ١٩٧٧ ل :٤

٥١- بەیان ژمارە (٤٠-٤١ ) ئازاری ١٩٧٧ پاشکوکەی ل:٨

٥٢- کاکەی ریبوار سوزی دلداری سلیمانی / ١٩٦٨ ل :١

٥٣- پاشکوی کاروانی ژمارە (٦) ئاداری / ١٩٦٨ ل:٤٦

٥٤- هەمان سەرچاوەی پیشو , ل ٤٥

٥٥- پاشکوی کاروانی ژماره (١٨ )ی ئاداری / ١٩٨٤ ل:٣
٥٦- هەمان سەرچاوەی پیشو ل: ٣١
٥٧- دیوانی (دەنگخو سترین مەل) لەتیف هەلمەت ، چاپخانەی نورەس لە سلیمانی / ١٩٨٣ ز
٥٨- دیوانی ئەو شەوانی خەوم نایێ چاپخانەی (نەعمان) نەجف/١٩٧٧
٥٩- هاوکاری ژماره(٧٣ ) روژێ ٢١ /٣/ ١٩٨٤
٦٠- پاشکوی گوڤاری کاروانی (ژماره-١٨ ) ئاداری ١٩٨٤ ،ل :٣٢ .

# زەماوەند و جەژنی دار چاندن

**لە شەقلاوە نوسەر ع . قرگەیی هەولێر**

لە رۆژی نەورۆز لە شەقلاوە لە تەرەف قائمقامی قەزا جنابی برهان بەگی جاف ەوە جەژنو زەماوەند چاندنی زۆر جوان و ریکو پێك دامەزرا وەکیلی متصرف لوای هەولێر و گەلێك لە کار بە دەستان و پیاوە ماقوولەکانی هەولێر و قەزای شەقلاوە بانگ کرابوون.

لە سەعات یازدە و نیوی پێش نیوەڕو بە دەس بە زماوەند کراو لە سەعات دوو نیوی پاش نیوەڕۆ کۆتایی پێدرا.

ئەگەر بیتو باسی رێکو پێکی و جوان بەڕێوەبردنی و شیرینی و ئەو گۆرانی و هەڵپەرکێ و ووتاری بە شیعرو بە نەسری لەو زماوەندەدا پێك هات و خوێندەواری یەوە بە تایبەتی دامەزراندن و هەڵسوڕانی مامۆستا بەڕێزەکانی شەقڵاوە وە هەندێك لە کار بەدەستان و پارێزگاری مەعاون و ژێر دەستەکانی شرگە بە تەواوی بنووسرێتەوە لە دە لاپەڕەی ئەم گۆڤارەدا جێی نابێتەوە هەر ئەوەندە ئەڵێم لەوەتی لە وولاتەکەماندا زەماوەندی کۆمەڵی ئەکرێ هێشتان شایی و زەمزەمەو زەماوەندی وا ڕێکو پێك و جوانم نەدیوە ئەوا هەندێك لەو شیعرو ووتارانەی لەو زەماوەنەدا خوێندرایەوە لە خوارەوە پێش کەش بە خوێندەوارە بەڕێزەکانی ئەکەم هەڵبەستی قوتابی عبدالجبار صالح پۆلی شەشەمی قوتابخانەی شەقڵاوە:

باخوا بەخێر بێن ئەی خۆشەویستان     هەرایۆەن چرا لە بۆ کوردستان
چاو روون بوونەوە دڵ کرانەوە     آواو کردەوە شەقلاوەی جوان
جەژنیش و پیرۆز برا گەورانم     جەژنی دار چاندن کۆشش بۆ ژیان
جەژنێکە پیرۆز بە آمانج و سوود     پێ ی آوا ئەبێ وولاتی کوردان
ایستاش سی بەشمان هەژارەو نابووت     نەخۆش و کزە چواردەمین بەشمان
کەلێکم داوە ایا لەبەر چی     وا پەرێشانین گەلی کوردستان
زوو بۆم دەرکەوت دەردی وولاتم     زووشم دێتەوە چارەو دەردمان
بەلێ درەختە دڵ ئەکاتەوە     درەخت خۆش ئەکات ئاوو هەوامان
درەختە مێوەی خۆشو بەتامی     هەموو قوەتە بۆ لەشی انسان
درەختە جوانو روناکی چاوە     درەختی دانا بۆ بەهەشت یەزدان
درەخت لا ئەباگەرمایی هاوینان     درەخت ناهێلی سەرما لە زستان
درەختە سامان بۆ هەموو کوردان     درەخت پارەیە لە هەموو وەختان
کوڕ گەل ساوەرن هموو پێکەوە     درەخت بچێنین لە شاخ و دەشتان
یەك جەژنە اما بیکەن بە جەژن     سوود لێوەرگرن ساڵی دوانزەی مانگان
لەبەهار درەخت بچێنین بە ڕێز     لە هاوین اویان بدەین بێ وەستان
لە پایز زەوی و بنیان بکێڵین     کەدی زیادیان ببڕین بۆ زستان
جەژنی دارچاندن بکەین هەموو ساڵێ     هەژار نامێنێ لەناو زستان
هەموو بە هێزو ازاو دەوڵەمەند     سەربڵند ئەبین ئەژین لە جیهان
هەنگی هەموو کەس ڕێزمان لێ ئەنێ     لەناو میللەتان وەك شێری مەیدان

درەختە بەلکەی زیندەگانەیە     درەخت سەرچاوەی ژین و جوانیە
بۆ بووکی خشڵ درەختە     لە نیشتمانە نیشانەی بەختە
درەختە نیشانەی ڕۆژێکی نوێ بە     مژدەی نەورۆز و بەهاری پێ بە
درەختە پیشەو باخ پێك ئەهێنێ     ئەتوانێ گەلو ئاژەڵ بژیەنی

لەجێژنی داری شەقلاوە دا هۆشەنگ محمد مصطفی (حی بۆز) یش ئەو هەڵبەستەی خوێندەوە: ......هتد

دوای هۆنراوەکە تەواو دەبێ.

*(گۆڤاری هەتاو، ژ ۹۲ / سالی ۳ یەك شەممە نەورۆز، ۲۱ (مارت) ۱۹٥۷، ل:۱٦)*

## نەورۆز نامەی پیرەمێرد

لەسەر اوازی تایبەتی بە گۆرانی ئەوتری و یەمین پێنج دیری دوای هەموو پێنج دێریکی بە نەقەرات ئەوتریتەوە.

مژدەی ساڵ گەڕایەوە
اگری نەورۆز کرایەوە
بەفری زستان توایەوە
گژو گیاو گوڵ ژیایەوە

نوخشەش بێ لە کوردی هەژار

پار دێتە بیرم وەك خەوی
کەدیبینم پیری شەوی
سالکی وا تازەم ئەدی
کە کورد بەهاری بەرکەوی

وەتەن پی ی بی بە گوڵزار

گوڵ لە باخا خۆی ئەنوێنێ
بولبول بەریوی دا ئەخوێنی
هەور مرواری ئەپرژێنی
شەماڵزیندەگا نی دینی

نێر گز مەستەو چاو خومار

وا فەرشی چیمەن را خرا
گولاڵە بو بە شەو چرا
گولْ دەستەیان بە دەست وەك برا
نەسرین و لاولاو تیك خرا

هاتنە لەنجە سەر وەو چنار

بولبول شەوبە اوانەوە
بادەی شەونم ئەخوانەوە
دەگری بە هانا لەو اواتەوە
بەلکو گولْ دەمم بکاتەوە

ئەوە پیْ بکەنی و ئەم بگری زار

وەنەوشە وەك شیین پۆشە
لە سوحیدەدایە خاموشە
دلی بوگریان بە جوشە
بەهاری لەلا ناخۆشە
بێزا لەنە غمەی هوزار

*(ژین / هەمان سەرچاوەی پێشو، ژ/ ١٣٣٧سالی ٣٢ پێنج شەمو،١٩٥٧/٣/٢١، ل ٣)*

## هاتنی بەهار ( نەورۆز )

بە خێر بیْ ی ، بەخێر بی ی بەهار   دنیا بە هۆی تۆ ، پررە لە گولزارا
چەشنت بەهەشتە دەشتو دەرو شار   چەن جوانو سەوزە میر گو میرغوزارا!
بنەوشە وولاتەو بەیبون و گولنار   وا بووژانەوەو کەوتنە لەنجەو لار
لە هەموو لایی وەرزیر و جووتیار   گورانی ئەڵێن تیکرا بە یەکجار
(( بە خێر بیْ ی بەخێر، بەخێر بی ی بەهار

دنیا بە هۆی تۆ ، پڕە لە گولزارا))

گوێرو چولەکەو بولبولی مەدهوش — هەردەم ئەخوێنن بە سوزو بە جوش

بەرامبەر گولی پاراو تەڕو پوش — مەستی بەهارن هەوەك مەی نوش

لە باتی بادە شەونم سەرخوش — ئوانیش ئەڵێن بەدەنگی خوش

(( بە خێر بێ ی بەخێر، بەخێر بی ی بەهار

دنیا بە هۆی تۆ ، پڕە لە گولزارا))

عالەم لەخوشی بەهاری ڕەنگین — هەردەم دلشادەو دەم بە پێ کەنین

بو هەرلا ئەچێ بەزمەو هەڵپەڕین — دەنگی گورانی و نو نادی پەتین

نەماوە هیچ کەس دلپەست و غەمگین — تێکرا هەمویان ئەڵێن بە یەقین

(( بە خێر بێ ی بەخێر، بەخێر بی ی بەهار

دنیا بە هۆی تۆ ، پڕە لە گولزارا))

*(کویە – شارەزا – کریم مصطفی، ژین ژمارە ١٣٣٧، هەمان سەرچاوەی پێشو، ل٦)*

## چوار خشتەکی نەورۆز

*شیخ احمد فوزی شیخ غنی*

ئاگری نەوروز اشارەی رویـنی زستـان ئـەکا

یادگـاری کاوەیـە بـەرزی وەتـن اعـلان ئـەکا

وا لە سەرتەختی چلا خونچە بە عشوە ونازەوە

جەژنـە پـیروزی ی پیـاوانی کوردسـتان ئـەکا

*(ژین – ژمارە ١٣٣٨، سالی ٣٢ پێنج شەمو ٢٨ – ٣ –١٩٥٧، ٢٦ نیسان – ٢٧٦، ل٦)*

# بەهاری نوی

بەپی نوسی – مجید ندیم

ئەنگو چەڵەمەی پایز و زستان
بەشپرزەیی، بەهەلە دوان
کوتەکیان لە مشت کەوتە خوارەوە..!!
بەو ساردو لیزمە و ڕۆژە تارەوە.!!
بو؟ بوچی؟ بەهار؟ چونکە پرشنگ
لە لونکەی اسو ئەدات گزنگ
بو؟ بوچی؟ چونکە دنیا هەمووگشت
ئەبینو لەزەت بو وردە و درشت
کام جی گەر بچین پرشنگ هەتاو
ئەیان سوتینی، ئەیان بات بەتاو
پاش ئەمە سروشت چەشنە جارانی
کە هەلهات روژی بەهاری جوانی
بناخنیتە گویچکە ولوتو چاو
لە باتی لیزمەو هیرشی لافاو
بەلام ئەی بەهار وەك جاری جاران
پوشتەو پەرداختر بە اودامان
لە چیای تارای سپیو بەفرینی
لە زەوی لالەو گولو نەسرینی
موسیقای شەمال ، تاقگەی بەفراوان
لە لەنجەولاری گول ، شەوبری پەخشا
لەسەرفەرش گیای سروشت راختوو
کوری با گەرم کات هونەری هەموو
بو بەرەو پیری روژیکی پیروز...!!
گەلی کوردانە. چیروکی نەوروز
گەر هاتوو پرسی لە یادکاریك
بای چەشنی گشت پارو پیراریك
قولپ ئەدات لەناو بیروو دەرونا
تیکەلن لە گەل ابسقانو خوونا

بەشوین یەکترا
لە گەرمەو گورا
ئەیان زانی چون.!!
بو کام جی برون.!
روژی دینای دل.!!
لە سەر لیوی گول.!
بەهەشتی کامی.!!
لی ی ئەکەن تامی.
سەرچاوەی ادات.
بەهاری بە-هات-
اراشیت کات خوی
تیشکو رەنگو بوی.
لی ی تیر ئەخوات بیر
یان کوتو زنجیر
بوبو بوکی تازە،
یەو چرپە و نازە،
جوانیو شوخو شەنگ
سازیی زەماوەنگ،
لە گەردی بلبل
لە لەرینی چل
ئاهەنگ دەم کەن
تەدارەك ریکخەن
مایەی شانازی
بوتە ئاوازی
کوانی زەماوەنگ
لەم دنیای ی دەنگ
هیوا و باسی تو
بو روژیکی لو

(ژین ژمارە ١٢٢٨/ ٢٨ – ٢ – ١٩٥٧، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧).

## بەهارو گوڵزار

ئەمرو بەهارە بولبول ئەخوینی جیهان چەن خوشە
بونی گولالە شادی ئەهینی دل بە پەروشە
جیهان بەیەکجار بوە سەرزوسور بە گول و رازاوە
سەرسامم ئەکەن کە نیرە و چنور بە شنەی باوە
لە گەل ئەو هەموو شادی و خوشیە جەژنی نەوروزە
لە ناو کورد ! هەر ررو خوشیە وجەژنە پیروزە
چونکە خوشترین روژی سالە بویە روو خوشن
گشت شینی گولە و پرچی هەلالا سەوزی ئەپوشن
هەموو کچ و کورر دل پر اوازەن بوروژی بەهار
لەیەکەم روژا گشت بەردەوازن بەگولو گولزار

*(بەغدا – عوسمان أحمد روستم عویزی، ژین – ژمارە ١٣٤١، سالی ٣٢ پێنج شەمو. ١٨ – ٤ – ١٩٥٧ ، ١٨ رمضان ١٣٧٦، ل٦)*

## بەهار

قادر کرم – حسن محی الدین

زەنگی نەوروز لی ئەدا هەوا بەدەنگی قازەوە
بلبلە نەغمە خوانی گول بە موسیقا و اوازەوە
شانازی بەزمی دیمەنە چیمەن بەبەرگی تازەوە
پیرو جوانی شارودی هەرکەس بە هەر نیازەوە
هەردەستەیەبە ستەیە روی تی ئەکەن بەسازەوە
گولالە تارا بەسەرە ئەرخەوان یاری ئەختەرە

سەروکە چەتری شەمست پەرە لاولاوکرمەکی عەرعەرە
ژالە شرینو گول بەرە بەیبونە فەرش زیوەرە
تالکەیە اوی کەوثەرە بەهەشتی هاوسەرە
پەرستی هەنیوی بی دەرە مەستی بەپیش رازەوە
کە چاوی شەو ئەکاتە خەو لە گەل گز لگاو روژی نەو
بردانە هەرلایە بەررەو ا سکولە کچ بەقاسپە کەو
دەستە کورری بازو بنەو بەرەو گولزار ئەچن بەدەو
لە ئەم توانجو غەمزە لەو بەینوە جوینی دەم بزەو
یاری بە شەرمو شوفەیە و ئەچی بە پیری نازەوە
دوینکە رەش پوشو خەمین ئیستە کە بوکە سەر زەمین
خەیمەی گولانە سورو‌شینە دارودرەختە پررنگین
بالندە پول پول چین بە چین لە سەر چیایا گومی شین
جونی بە قاقای پیکەنین جونی بە اوازی حەزین
پیشان ئەدا جەژنی فەرین کوتر بە چەتر بازەوە

*(ژین/ ژمارە ١٣٤٨ سالی پینج شەموو – ١٣-٦-١٩٥٧، ل٦)*

## کورینی (خیام) سلام

بە هەوری نەوروز گول چاوی شورا
توو، پیا لەو، شراب، دامینی سارا
تو امرو سەیری سەوزە گیا بکە
صبحەی لە خاکت سروچکە ئەدا

*(ژیان ژمارە : ٥١٤، دوو شەمە ١٥ شباگ ١٩٢٧ ٤ ژی الجمعە (١٣٥٥)، ل٤)*

## زانستی

زانـــستی ســــلام لـــە ســـلام ئـــەکا
نـــەورۆز پـــیرۆزی بـــە جـــم جام ئـــەکا

پیکمـــا ئـــەوە بـــی بـــە دلیکـــی شـــاد
کـــارتی نـــەورۆز دەرناچـــی لـــە یـــاد

*(زانستی-بەنگینە، رۆژنامەی/ ژیان ژمارە (٥٢٠)، دووشەمو ٢٩ مارس ١٩٣٧، ل٦)*

## گۆرینی خیام بە قلمی سلام

زنجیرەی (٣)

کـــە نـــەورۆز گـــولی خـــستە ســـەر پنجـــە
لـــە گـــەل دل بـــەری بـــەلارو لەنجـــە،
شـــراب بخـــورو ئـــەم چـــرخە شـــینە
قـــارونی فـــەوتان گەنجیـــشی رەنجـــە،

*(رۆژنامەی ژیان، ژمارە (٥٢٠)، هەمان سەرچاوەی سەرەوە)*.

## نەرۆژ بەهار

هیوا

زەوی ســـوتا بـــوو بـــە ســـەرمایی زســـتان
پـــر لـــە بـــەفرو خـــاکی کوردســـتان

وا زستان رووی نورەی بەهارە
هەواکەی بژوین فرە سازگارە

دلی هەزار دل ئەبێتە حەیران
هەمساوی ساماڵ تریفەی مانگەشەو

دل احیا ئەکا چریکەی پورروکەو
ئمرو بوامیمە بو بو سالی نەو

ئەستێرەی بەختی کورد هەڵسا لەخەو
انجا بابروین بچینە سەیران

دەشت و بەرگی بوکی کردوە بە بەردا
تارای گولداریان کیشا بە سەردا

بلبل کەزانی وا خەریکە گول
غنچەی پی ئەگا و بلبل لەسەر چل

قومریش بە لنجە هاتەوە میدان
بلبل لە خشیان با خوی بکوژی

چونکە تنوکی خنچەی گول ئەمژی
بلبل ئەخوینی بە دەنگی خوش

ئارام ناگریت دلیکی پر خوش
بە دوانزە سوارەی دەشتی مەریوان

اونگ و شەونم لەسەر پەری گول
بەوە شەیدایە ایجگاری بلبل

یارەکەی دلبەر کە قینی دابی
کولمی ال ئەبی و عرقی پیادی

دو چەمی چاوی بە وێنەی سیروان
نەورۆز و بەهار شادو خوشیە

بە عالەم کاتی کرد و گوشیە
ئەگەر ئەپرسن جەژن نەرۆزە

بو گشت هاوخوێنم جەژنە پیرۆزە
زانست لەشکری نەزانی شکاند

*(ژمارە ٥٢٠ هەمان ژمارەی پێشوو، ١٩٣٧، ل ٢)*

# نەورۆز

هیـــوای بنگینـــە بـــو خاوەنـــد ژیـــان
فخـــری زانـــستی وگنـــی کـــوردان

تمنـــا ئەکـــەین ئێمـــە لـــە یـــەزدان
نەکوژێتـــــەوە چـــــرای نیـــــشتمان

هەمیـــشە دەشـــتی     لـــە گـــولزاریی
بەوێنـــەی بەهەشـــت گـــشت لالـــە زاری

دایـــم لاوانـــی ســـەربەرزو هوشـــیار
ئـــاوی خوینـــدنیان بـــروا شـــارەو شـــار

گـــشت ســـالی جـــاری هـــەر بـــەم قـــرارە
کومـــەل ببـــستین لـــە گـــردی یـــارە

بیکـــەین بـــە عـــادی جەژنەکـــەی نـــەورۆز
بـــسوتی ئـــاگر ئـــاگر بـــو هـــوزی دل ســـوز

دهـــول زور ئـــاو ئـــاو شـــرقی زانـــستی
بخاتـــە ئـــاو کـــەل اوازی هەســـتی

سماوەری زەرد بێتە جوش بکەو
چا ، بوخرینەوە وەك لعلی دلبر

ئاگری نەورۆز بسوتنی تا رۆژ
لە سەر گورەکەی یارەی شیر گروز

بلی هەلە بزینی لاوانی پر هوش
تاکو گشت سالی دلیان بیتە جوش

(بنگینە، ١٩٣٧، ل:٥)

## نشیدەی زانستی بو نورۆز

(( بلبل و فرزند !! ))

امرو نەورۆز وا گول پیدا بو
لە عشقی گول دا بلبل شیدا بو
بلبل لەسەر گول مانگی ، بە بانگە
خویندنی ایمە سال دوانزدە مانگە

ئەو تنها بو گول سەردەر هەوایە
ایمە سەربەرزی قوممان هیوایە

بلبل لە عشقی گولدا بە سوزە
سوزەی ایمە بو دایکی دل سوزە

بلبـــل لـــه بـــه‌رگی گـــول پیـــدا نـــابی
ایمـــه لـــه‌م ناخـــه‌ین یـــاخوا اوابـــی

بلبـــل ده‌تـــوری چـــون بـــی وفایـــه
ایمـــه ریـــشه مـــان لـــه‌م خاکـــه دایـــه

بلبـــل ده‌تـــوری چـــون بـــی وفایـــه
ایمـــه ریـــشه مـــان لـــه‌م خاکـــه دایـــه

بلبـــل ده‌رنجـــی بـــه جفـــای خاشـــاك
ایمـــه بـــو ســـجده ســـه‌ر ده‌خه‌ینـــه خـــاك

وادایکـــی وگـــن هـــات و ده‌فرمـــوی
مـــن نغمـــه‌ی رولـــه‌یی زانـــستیم ئـــه‌وی

چـــونکه زانـــستی جیگـــای هیوایـــه
ملـــت بـــه زانـــست لـــه بـــره‌و دایـــه

زیرکـــی ایمـــه لـــه گـــه‌ل زانـــستی
ئه‌گـــه‌ر یـــه‌ك کـــه‌ون نـــا که‌نـــه پـــستی

*(ژیان ژماره ۴۷۰، ۱۹۳٦، سالی ۱،ل:۲)*

# بو نەوروز

نەروزە یاران روڵە صحرا کەین
بەخوشی وولات داکەین هەوا کەین

ئەوا بەهار هات صحرا سەوزەیی دا
مژدەبی پویی هاو خوین و برا

وا خویندەواری زانست پی کەیی
نەخوێندەواری کەوت لوتی نەوی

بەفری دل ساردی رویی لە شاخان
سەری نا بە چول بەفراو لە داخان

موژدەیی بەهاری بوایمە هاوورد
بلبلان شادبون چەمەن گولی کرد

وا رویی سەرمایی خاتو زەم هەریر
صحرا گول گول بو وەك تافتە و حریر

(زیان ژمارە ٤٧٢، شەمو ٣١ آزار ١٩٣٦، ٢٧ذي الحجة ١٢٥٤، ل: ٣)

# قسیدەی زانستی

لەسەر ئەو وەزنەی:-

که دەلین امرو دەشت و کیوشینه

نیشتمان مان که دایکی دل سوزه

سەری ریك خست بەلعل وپیروزه

ئەو بهارمات و جەژنی نەوروزه

سەیری صحراکه روژی بهروزه

خوایه لوابی ئەم بەروهوزه

***

تـــی گەنیـــشتوین بـــه فـــیع زانـــستی

پـــی گەیـــشتووین بـــه مایـــەیی هـــستی

شـــرگه هەرچـــی کـــه دایکمـــان ویـــستی

دەســـته بـــەربین تیـــا نەکـــەین ســـستی

تـــا بـــه خویـنـــدن دەگەینـــه سـەربەســـتی

***

نەوجـــەوانانی کـــوردی پـــر جـــوهر

دووری دەوران بـــوه بـــه دەوری هـــز

اوروپـــا ری فنـــونی گرتوەتەبـــەر

ابـــوه کـــاری کـــه بیگـــرن ئـــەی بەتەســـەر

حیفـــه ناوتـــان نـــەنین وگـــن پـــرود

ل/

شـــارەزور ســـور بـــو دل نـــاگری قـــرار
بـــودینی ئـــیلای چـــاوی پـــر خومـــار
ناریـــدەر پـــر گـــول ایـــسنا ئـــەکا ئـــاف
هـــەر چـــاوەروانە بـــو هـــاتنی جـــاف
مـــن لەنجـــەو لاری کـــژی هـــەوری لار
لـــەلام جـــوان تـــرە لـــە گـــولی بـــەهار
کـــە دانیـــشین لـــە ســـایەی رەشمـــال
پەرچـــەم پەریـــشانْ نیکـــەل بـــەدەسمال
دلگـــیری وکـــن شـــیرینی بـــە هـــار
دلم زور کەیلـــە بـــو گریـــان زارزار

قوتابی زانست

(( بەنگینه))

*(ژیان ژماره ٤٧٣، شەموو ٣١ اذار ١٩٣٦، ل٢ و ل٣)*

## روح مولوی

مولـــوی زورکـــەم لـــە بهـــار ئـــەدوی
نـــازك تـــدارك فـــصلی بـــەهاره
شـــیرین ارایـــش هـــەردە و کوســـاره
گـــول وەك روی دلبـــەر تراکـــت پوشـــا
بـــەفراوان چـــون ســـیل دیـــدەی مـــن جوشـــا
شـــاخەی شـــناوان بـــوی عگـــر شـــەوبو
خیمـــەی گـــولا ، لان لـــە داویـــنی کـــو
تیپـــی (بـــەرەزا) لـــە ســـای دەرنیـــدان
دەســـت لـــە ملانـــن وەك حـــسرت منـــدال

گول بە سەر مەستی خندە بە لیوە
هەر چلی ، گولی بلبلی پیوە
لە ورشەی شەونم لە ئوی پەردەوە
نەرگس بە مەستی چاوی کردەوە
لاوان بە هشقی نیشتمان سەرمەست
بو جەژنی نەوروز ویان کردە دەشت
هەلسن ، بیانە دل ئازە خاوە
هنوی پای کاوە گوشەی سراوە
لەم گوشە خوشترنیە مسکنی
سافی گیان قوریان خمارشکنی
نوخوا گوینده توش قەتارەکەت
صدای سب سحریای کو هسارەکەت
بلکو بینە جوش نەو جوانان مان
بینەری خدمت بو خانمان مان

(ژیان ژمارە ٤٢٣، شەمو ٢٨ اذار ١٩٣٦ ٥ محرم ١٣٥٥، ل:٣)

## نەوروز

نەوروزمان شەمو سالمان لاخوشە
بە نشنەی سیران دلمان بە جوشە
نەوروزی زانست امسال دو جەژنە
هەردو جەژنمان لە لایی چەشنە
بە شرقی کوردی و دەهول و زرنا
قوتابی زانست روی کردە سحرا

روژی بو دینای نیازیایەوە
ملت بە جاری گشت گەشایەوە
عەسکری عراق □ا نبو هەموو لە سەرخو
(پیرەمیرد) خوش بی جەژن نوروساوە
سەیرانی کە ، مان دالە دواوە
ایمە ممنونین لە میوانانە
کەوا هاتبون بو ئەو سەیرانە
من کە لاویك بوم اول هیچ نەزان
بە خویندنی زانست هاتومە میدان
نەك بو میدانی مشروب و قومار
بە هوی علمەوە بو قصەی اودار

(قوتابی زانست، بنگینه، ژیان ژماره ۳۷۵، شه‌موو ۱۸ نیسان ۱۹۳٦ ۲٦ محرم ۱۳٥،ل: ٥)

## گورانی نەورۆز

((پیرمیرد))

ئەم ڕۆژی سالی تازەیە نەورۆز هاتەوە
جەژنیکی کۆنی کوردە !! بەخۆشی و بەهاتەوە

چەند سالْ گوڵی هیوای ئێمەی پی پەست بوو تاکو پار
هەرخوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەو بەهار

ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بوگەلی دوورونزیك ئەبرد

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە

لاوان بە عەشق ئەچوون بەرەو پیری مەرگەوە

وا ڕۆژ هەلات لە بەندەنی بەرزی وولاتەوە

خوێنی شەهید ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە

تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میلەتا

قەلغانی گوللە سنگی کچانە بێ لە هەلمەتا

پێ ی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەنو گرین

نامرن ئەوانە وا لە دلی میلەتا ئەژین

*لە نەورۆزی سالی ١٩٤٨ وتراوە ژمارەی تایبەتی*

*بەبۆنەی نەورۆزەوە .*

*ژمارە ١٣٨٦ / ٢١/٣/ ١٩٥٨ / ل (١)*

## نەورۆز

## جەژنی رزگاری کورد

کاکە شوان[(١)]

**رۆژی نەورۆز جەژنی سەربەستی و خەباتی میللەتە**

**وەك نیشانەی لابەری کوستی هەژاری و مەینەتە.**

((١)) کاکە شوان : " د. ئیحسان فوئاد"ە کە بەم نازناوە لە کاتی خۆیدا بەرهەم و نوسینی بلاو کردووەتەوە .

جەژنی نەورۆز خوێنی دڵمان تێکەڵاوی بەستەن
ڕێ یە بۆ سەربەستی بروا دیارە سەخت و زەحمەتە !

ڕەنجی کاوە قارەمانی زۆری سوا هەڵسانوە
هێز و ئیمان و بروسکەی ئەو لە سنگا چانوە !

لاوی کورد هەرگیز بروسکەی باوەری گەرم و گورە !
ڕاست و سەربەرزە لە ڕێگای کۆششا شێری نرە !

لاپەرەی مێژووی وولاتمان میللەتی جولانەوە
یادی .. سورو گەش دیارە بە ڕوی لاوانەوە

*  *  *

## بەیانیی نەورۆز

د. وریا عمر امین

لەگەڵ بەیانا کاتی ڕۆژ هەڵدێ
گزنگی ئەڕژێ بۆ سەر گوند و دێ

ئاسۆ ڕەنگاوڕەنگ ئەگەشێتەوە
لە کەژ و کێوان ئەوەشێتەوە

گوڵـاوی شـەونم لەسـەر پـەڕی گـوڵ
نـەبن بـە لالـە و ئەنگێنـە سـەر گـڵ

•

باڵـدار هەڵئـەفڕێ لـق ئەوەشـێنێ
خـاکی زێـڕین بـە خونـاو ئەڕشـێنێ

شـنەی بـا چـووکەی مـەلان خـوڕەی ئـاو
ئـاوازی شـادی ئەبەخـشن تـاو تـاو

لـە هـەموو لایێـک جـوانی ئـەبارێ
کـار لـە دڵ ئـەکات... بـەڵام چ کـارێ

دەروونـی شـێلوو روون ئەکاتـەوە
ئـێش و ئـازاری شـەو ئەباتـەوە

نەورۆزی ١٩٦٢

## جەژنی نەورۆز

بـەیانی جـەژنی نـەورۆزە یـادی رۆژێکـی پـڕ شـادی
سـەیری ئـاگر وا دەسـووتی بـی هـەوای پـاکی ئـازادی
یـادی دەکـەم پـڕ بـە دلم گەرچـی پـڕە لـە ئـیش و ژان
لـە یـاد ناچـی چەکوشـی کـاوە چـۆن زوحـاکی پـژان
گـڕی سـووری ئـاگری نـەورۆز خـوینی منـالانی کـاوە بـوو
چـریکەودەنگی سـەرکەوتن هـی هـەزاران چەوسـاوە بـوو
بـەلام ئـەمڕۆ وا نـەورۆزە کەچـی شـادی بـەدی ناکـەی

درشت و وردمان خامۆشن بۆ هەرلایەك تەماشاکەی
بەگۆڕی ئەو باوکەی هیوای بە منالەکەی بوو بۆ تۆڵەی
سوێند بە خوێنی ئەو منالەش کە کوژراکانی کاکۆڵەی
بەگۆڕی ئەو کچە جوانەی بەقژ هەڵواسرا بە دارا
بە مەرگی ئەو لاوە مەردەی قورقوشمی کرا بە زارا
سوێندم بەلێوی بێ بزە ،سوێندم بەو دڵەی کەکزە
سوێندم بەو خوێنەی کە ڕژا لە زۆر شار وەکو قەلادزە
سوێند بە بازنەی پەتی خنکان بە خاکی کوردوکوردستان
بەبێ شۆڕش دەبێ هەروا بژین گشتمان لەژێر دەستان

(کازم کۆیی ١٩٨٠)

## چەکوش و ئالای نەورۆز

بەر لەوەی ئاسمانی پر قین بگرمینی
تریشقەی تەلەزم , هەوری تاریك شەق بکات
سامالیش دەفەی سینەی شینی وەدەرحات
بەر لەوەی چەم
خوینی سوور بەر چاوی بگری و لە هارژن دا
داری ئەستوور پشتا وشکین کات
بەردی گەورەو گلۆلەی گلمتك و سیلاو گل کاتەوە
گرمەی هەلبەز و دابەزی
خوڕەی هیزی
هەموو شتیك راپیچ کا و نەگەرینەو

بەر لەوەی ئەسپ چەپۆك بەرز كاتەوە وبحیلینی
بەر لەوەی كاوەی ئاسنگەر
چەكوشی رق بوە شینی
ئالای نەورۆز بشەكینی
زووحاك رووچوو
چۆكی دا و هەرەسی هینا..
كەوتە بەر دەست ..پارایەوە
– چیت گەرەكە ..چەكوش بەدەست
– چیم گەرەكە ...؟
لەلای تۆ هیشووە تری یەك
لە مرۆڤیك بەرزترە
قلە زەیتونی لە چاویك بە نرخ ترە
پیلە پشتی كیسەل بنیی
لە سەر لەتی دەردینی و دەجوینت پیدەدا
منی مرۆڤ
ئەی تەوی پی لە سەر سەرم بنی و هیشتا دەنگی نەكەم
ستەمكارە حوینحۆرەكەم ..؟
چیم گەرەكە ..؟
هاتووم بەناوی خۆرەتاوی بریندار
بەناوی سیبەری تەلح و كانی حەمبار
بەناوی دایكی بی كور
رەزی بی میوە
بەناوی ئەم حاكە لیوە

به ناوی ئاوی شلێر و برژنگی سووتاو
تیشکی ون بوو، دوور له هه‌تاو
هاتووم چه‌کۆش بوه‌شینم
تۆڵه‌ی هه‌ژاران بسێنم
ئێوه‌ی مێژووتان روو زه‌رد کرد
مۆمتان کوێر کرد
روناکیتان له‌م شاره شار به‌ده‌رکرد
ئێوه‌ی به‌هارتان شارده‌وه
په‌رسیلکه‌کانتان به گریان نارده‌وه
هاتووم چه‌کۆش بوه‌شینم
ئاگر له خه‌له وخه‌رمانی سته‌م به‌رده‌م
له‌ناو کوشکی ته‌له‌سم وسه‌خت
جله‌وکیشی قه‌تاری خه‌م
په‌له‌کیش که‌م
له سه‌ر پۆپه‌ی ئه‌م کۆشکه‌دا
مه‌شخه‌ڵانی نه‌ورۆز هه‌ڵکه‌م
هاتووم ناگه‌ریمه‌وه
تا سروودی سه‌ربه‌ستی نه‌لیمه‌وه

*(موحسین ئاواره ,له شوباتی/١٩٨٢ نووسراوه )*

*له دیوانی ( ده‌چنه ریواسان ) ل ٦١ بلاوکراوه‌ته‌وه

*له پاشکۆی گۆڤاری کاروان ، ژ ١٨ /ئاداری ١٩٨٤ بلاوبۆته‌وه

# جەژنی نەورۆز

ئەوا ئیتر نەورۆزە
پیرۆز لەم گەل و هۆزە
پیرۆزلە ئێمەی مناڵ
پاک وخاوێن و چاوکاڵ
نەورۆز ڕۆژی سەربەستی
ئەو گەلەیە کە ویستی
بەهەوڵ و خۆشەویستی
ڕزگار بێ لەژێر دەستی
ڕابەر کاوەی قارەمان
بەهێزی چەوساوەکان
قەڵای زۆرداری ڕوخان
مێشکی زوحاکی ڕژان

١٩٨٦

(عەبدول شارباژێر/ لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٨٨٣) لە ١٩/٣/١٩٨٧ بڵاو کراوەتەوە)

# ئاگری نەورۆز

مناڵیینە نەورۆزە
جەژنێکی زۆر پیرۆزە
باکەس لاستیک نەهێنێ
کەس تایە نەسوتێنێ
ئاسمان نەبێ بە دوکەڵ
دنیا نەبێ بە چەپەڵ
دەبا هەموو خۆکەوین
ماڵەو ماڵ بۆی ڕێکەوین
دارو چیلکە کۆمەڵ کەین
گڕو نەوتی پێوەکەین
خۆشە هەموو دەسگرین
بەدەوریا تێر هەڵپەڕین
نەورۆزی وا چەند جوانە
ئاسمانی چراخانە

١٩٨٦

*(عەبدول شارباژێر/ لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٩٦٠) لە ١٩٨٨/٣/٢٤ بڵاوکراوەتەوە).*

# سەربردەی فنجانە (قاوە )یی

لە بازاردا کرام ..فرۆشرام ..قاوە بـووم

لـە (تـاوە) دا بـرژام .. قـاوە بـووم

لـە (هـاون)دا کـوترام .. قـاوە بـووم

لــە (هیلــەگ)درام .. قــاوە بــووم

لـە (جـەزوە)دا کـولام.. قـاوە بـووم

لـە (فنجانـان) کـرام .. قـاوە بـووم

لـــــە هۆبـــــە و رەشمـــــالان

لـــــە دیـــــوان و مـــــالان

بـــــۆ مـــــالحۆ و میوانـــــان

گـــیردرام ..فرکـــرام .. قـــاوە بـــووم

بەلام لەو رۆژەوەی لە ناو فنجانی بووم

زووحـــاك خـــستمیە ســـەر لیـــوانی

خۆم هەلدا و خۆم رژاند ..کاوە بووم

*(موحسین ئاوارە ,ئاداری/١٩٨٨ هەولێر)*

***لە دیوانی ( گولە یاقووتیەکان ) چاپی ٢٠٠٠ سولیمانی /بلاوکراوەتەوە**

***لە گۆڤاری ( بەیان ) ژمارە ١٦٦ لە سالی ١٩٩٠ بلاوبۆتەوە**

# بوکی نەورۆز

کوردستانم چەندە شۆخە
جوانی کێوو دەربەنی
ئای لەخۆشی ئاوو هەوای
تاڤگەو چەم وبەندەنی
کوردستانم لانەی کوردە
جێگای شێرو کاوەی مەردە
خاوەنی جەژنی نەورۆزە
ڕۆژی شادی گەل و هۆزە
کوردستانم بەباسکردن
جوانی و خۆشی دوایی نایە
بوکی نەورۆزی خەیاڵم
دڵم بە عەشقی شەیدایە

١٩٨٨

*(عەبدول شارباژێر/ لە گۆڤاری ڕەنگین ژمارە (١٦) لە شوباتی ١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە).*

# سروودی سەری ساڵی کوردی و باپیرە نەورۆز

هەموو ساڵێك لەجەژنی سەری ساڵی زایینی لە کوردستان جۆرەها ئاهەنگ دەگێردرێت ,چەند جاریکیش گوێمان لە گورانی (هەپی بێرت دەی تویو )ی ئینگلیزی دەبی وکاتی خۆشی (سنة حلوة یا جمیل )ی عەرەبیشان بۆ لێ دەدایین چەند جاریکیش لە تەلەفزیونەکانی کوردستان دەبینم یەکێك خۆی دەکا بە (بابا نۆئیل ) و دیاری دەدات بە مندالانی کوردستان لە زۆربەی یانەکان یا ئوتیلە باشەکان ئاهەنگ ساز دەکری...هتد , من وەکو مرۆڤیکی کورد هەموو سەری سالێك خەم دلم دەگری ودەلێم باشە ئەی ئیمە کورد سەری سالی کوردیمان هەیە کە دەکاتە شەوی نەورۆز کەجەژنیکی نەتەوەکەمانە و تابلێی رۆژێکی پیرۆزە وهەموومان شانازی پێوە دەکەین, بۆچی بۆ سەری ساڵی کوردی خۆمان سروودیکی کوردی رەسەن و تایبەت بە میللەتەکەی خۆمان نەبی ,با لە سەرهەمان ئاوازیش بێو ئاهەنگەکانیش با لە شەوی نەورۆز بکرێ لە باتی بابە نوئیلیش یەکێك بکرێت بە (باپیرە نەورۆز ) بەجل و بەرگێکی کوردی سەرنج راکێشەوە, بۆ ئەم مەبەستەش پرسی هونەرمەندانی بواری مۆسیقام کردووە, راکەیان باش بووە و پە سندیان کردووە دیسان دەپرسم ئایا ناتوانین (دە) تا (پانزە) مندالْ بەهرەمەند و رێك هەلبژێرین و مەشقیان پێ بکەین و لەناو باخچەیەکی قەشەنگ ئەم سروودە بلێن :

سەری ساڵتان پیرۆز
نەوەی کاوە و نەورۆز
پیرۆزبی ساڵی نوی
لە هەموو شار و دێ
ئێمە رۆڵەی کوردین
زۆر چالاك و مەردین
لە پێناو کوردستان
تێدەکۆشین بۆ وچان
ولاتم شیرینە
زۆر جوان و رنگینە
گەلی کورد لە شارودێ
پیرۆزتان بێ ساڵی نوی

بۆ مە سە لەی( بابا نۆئیل) یش وەکو باسم کرد شیوەی بەرگێکی کوردی سەرنج راکیش دابنری یەکێك لە برا هونەرمەندەکان ئەم کارە ئەنجام بدات , لە هەموو کەناڵە کانی تەلەفزیونی یەك شێوە بێت بۆ ئەوی باشتر لە مێشکی منداڵان بچەسپێت , بۆ ئەم کارەش پیوستی بە لێکۆڵینەوەو پسپۆری شارەزا لە م بوارە.

منیش تەنیا پیشنیارێکەو بەباشیشی دەزانم هەر لە ئیستاوە کاری بۆ بکریت ولە شەوی نەورۆز سروودی سەری ساڵی کوردی گوێچکەمان بزرینگینتەوە و (باپیرە نەورۆز ) یش دل سەدان منداڵانی کورد بە دیارییە قەشەنگەکانی شاد بکات و ئیمەش چاومان پێی روون بیتەوە.

**کازم کریم**

*لە ژمارە (٢٤٠١)ی رۆژنامەی برایەتی ١٩٩٧/٨/٢٤ بلاوکراوەتەوە کە لە هەولیر دەرچوو.

# نەورۆز

**هیوا تایەر رەحیم**

بەخێر بێیتەوە نەورۆز

بەخێر بێیتەوە گوڵم

بەخێربێیتەوە نەورۆز

بەخێربێیتەوە ئاگرو گڕم

هەروەك چۆن عاشقێك...چاوەڕێی مەعشوقەکەی خۆی دەکات..

بۆ هاتنەوەی لەسەفەرێکی دور،..

وامنیش ئاوها چاوەڕێی هاتنەوەی تۆمە.

گەلان سالێك, دەیان جەژن دەگێڕن.

جەژنی منیس هەر نەورۆزەو..

نەورۆزیش بەتەنها جەژنی کوردەو

جەژنی خۆمە.

بەخێربێیتەوە نەورۆز

بەخێربێیتەوە جەژنی پیرۆز

بەخێربێتەوە نەورۆز

بەخێربێیتەوە ئاگری پیرۆز

****

هەڵسەوە...

ئەی پیرەمێردی نەمروزیندوو هەڵسەوە..

هەڵسەوە..

ئەی مامۆستای یادی نەورۆز هەڵسەوە

ئەمساڵ

ئەو گردی یارەیە جێبهێڵەو ..پێشمانکەوە
ئەمساڵ
لەسەر چیای حەمرین
لەشەنگاری لەدڵا شیرین
لەکەرکوك و بابەگوڕگوڕ
لەمەندەلی و لە خانەقین..
ئەو ئاگرەمان بۆبکەرەوە.
پێشمانکەرەوە.ئەی پیرەمێردی نەمروزیندو..پێشمانکەوە
لەگەڵ تۆدا
لەم نێرگزەجاڕی بەهارە
باوەشێك نێرگز دەبەین
لەهەر شوێنێکی ئەم وولاتە
ئازادیمان بینی
چلێك لەیەخەی دەدەین
بەخێربێتەوە نەورۆز
بەخێربێتەوە گوڵم
بەخێربێتەوە نەورۆز
بەخێربێیتەوە ئاگروگڕم...

*(گریێ نەورۆز – ژ (٣) ٢٠٠٢/ ٣ )*

# نەورۆزی گڕ

ئیبراهیم ڕەئوف

نەورۆز پەیامی هەڵدانەوە یەکەم لاپەڕەی ڕۆژمێری ڕۆژی نوێیە پۆشینی
نارای ڕەنگاڵەی سروشتی دڵڕفێنی کوردستانە ·
سانە وەختی سەمای گوڵاڵە سورەی خوێنی یارانە
مزگێنی گزنگی پەیامە پیرۆزەکەی ئاڤێستای زەردەشتی
باپیرە گەورەمانە
مەشخەڵی بورکانی ڕقی پیرۆزی قەومی مادو مەرگی
داگیرکەرانە
نەورۆز هێمای لانکەی ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی و
گشت بونەوەران لەنێو کەشتیەکەی نوحو هەڕەشەی
مەرگی تۆفانا
قەلای شەکانەوەی بەیداخی کوردایەتی مۆغەکانی ئاتەشگایە
شەقکردنی سنگی تاریکی شەوانی ئەنگوستەچاوی
کرێوەو تۆفو زریانە
دەرکەوتنی پتەوی ئیرادەو خۆڕاگری شاخەکانە
وەرزی سڕبونی سەرماو هەناسەی گەرمی گەشانەوەی
ژیلەمۆیە لە کوانوی قەڵغانی سنگمانا
پریسکی گڕی شادەماری خوێنمانە بۆ گیانباوی و
قوربانیدان
گڕی نەورۆز یاخی بونی نێرگزی هەڵکێشاوە لە پەرداخی
سەرمێزی جەلادەکان
نەورۆز سەرەتای خوێندنەوەی یەکەم نامەی عیشقی

گوڵ و پەپولەیە بۆ شنەبای کەرنەڤاڵی وەرزی بەهار
ڕەشبەڵەکی جارە گوڵ و هەنگەکانە بۆ سرینی ژەهری لێوی
ئەوانەی هێشتا نامۆن بە شیرینی و خۆشی ژیان
نەورۆز ڕاستگۆترین مێژوی گڕە لە سەنگەری ترۆپکی چیاکان
توانەوەی بەستەڵەکی شورای دوژمنانە لە نەخشەی جوگرافیای
چوار سنوری تەلبەنکراوی . نیتەڵە نێڵی ئیشکی ئاگرە لە هەناوی ئاتەشگای
پایتەختی گرستان یەککرتنەوەی دەریاو تیشکی خۆرە بۆ فرینی ئاو بەرەو
ئاسمان
لە هەوریشدا چەخماخەی گڕە بۆ فەنتازیای نوێبونەوەی بەردەوامی واتای
ژیان
هەرلەم گڕەوە تۆمارکردنی دیرۆکی نەمری ڕۆحی کارمامز و
ئەستێرە یاخیەکانی بڵندترین خاڵی ئاسمان
(گڕی نەورۆز – ژ (٣) ٢٠٠٢ /٣ )

وەرن دەســبگرن ئــەوا نـــەورۆز هـــات
نــەورۆزێکی خۆشــی، بــەدڵێکی تــەڕ هــات
نــەورۆزی ئیمســاڵمان پــڕە لەگوڵاڵــە
کـۆتایــی دوژمــن، بروسـکەی تــاڵــە
نــەورۆزی ئەمــساڵ ئەکــەین لــە شــادی
تــا هـــەڵی بکـــەین ئـــاڵای ئـــازادی

نەجمی ڕەسوڵی سەقزی

(گڕی نەورۆز – ژ (٣) ٢٠٠٢ /٣ )

# درەخش کاویان

بەکر پشدەری

هەر دوێنێ بوو
دوانزە سوارەی مەریوانم
بەسەر پشتی ئەسپی سمکۆو خانزادەوە
بێهەدادان
بە پا ناوك و ڕەشێنە یا
خۆشبەزانە
تراژیدیای شەوی یەڵدایان سوتان و
لەگەڵ نەورۆز چوونە دیرۆکی (ماد)ەوە
ئەوا ئەمڕۆ
مێژو ئەگێڕنەوە دواوە
بۆ دو هەزار و حەوت سەدو دوساڵ
پێش ئێستا..
پێمان ئەڵێن
نێرگزی وەرزی سەرکەوتن, تۆماری کرد
یەکەم ڕۆژو یەکەم ساڵی تەمەنی ڕۆژ ژمێری کورد
لەو ڕۆژەدا..
تەلاری تاوانەکانی ئەهریمەنی
نیشتمانی سوتماك کراو
دروستبووی "کاو ..موقەبا" بوو..
بەلام گڕی چەندین جەستەی ئالکانەکان
گەورەتربوونی نەورۆز..

پیرۆزتربوونی زەردەشت و

پەرتوکەکەی ئاڤێستابوو..

گومان ..نییە..ئەو سەردەمە

(گلگامێش)یان لەکوردبوونی دابڕابوو

(سەلاحەدین)یان لەنەوەی کوردسڕیبوو

ئەتاتورك , دەستی ڕەشی (گوڵخەن)ان بوو

بۆیە ئەمرۆبێ یان سبەی..

درەخش کاویان ئاڵایە

نەورۆزو جەژنی نەتەوەمەو

نیلەی گڕی جەستەی دکتاتۆری تیایە !

*درەخش کاویان:چەرمی بەرکۆشەکەی کاوە

*بێ هەواداران:بەبێ وەستان

*خۆشبەز: تیژڕەو

(گڕێ نەورۆز – ژ (٣) ٢٠٠٣ ل٣ )

## سرودی نەورۆز

*هۆنراوەی: محەممەد مەردان*

*ئاواز و مۆسیقا: عادل محەممەد کەریم*

نەورۆز گوڵێکی ئاڵی دەم بە پێکەنینە ... نەورۆز

سەرچاوەی یەکگرتن و راپەڕینە

ڕۆژی توانەوەی ... سەهۆڵبەندانە

سوتان و هەڵکێشانی رەگی دوژمنانە

نەورۆز ... نەورۆز ...

ڕامالینی ڕوحاکی سەردەمە
ڕەوینەوەی هەوری ماتەمە
بینای چاومانە نەورۆز
نەورۆزمان ... نەورۆزە .... نەورۆز

نەورۆز ... نەورۆز ... نەورۆز
بلێسەت ڕوناکی چاومانە ... نەورۆز
هێزی ئەژنۆ و هەناومانە ... نەورۆز
ناسنامەی کوردایەتییە ... نەورۆز
ڕۆژی خەبات و مەردایەتییە ... نەورۆز
تانەی چاوی دوژمنا
ڕۆژی ئازادی و سەرکەوتنە

لەگەڵ یەك بکەن جەژنە پیرۆزە
بەرز و شکۆداربێ ئەم ڕۆژە پیرۆزە
ئەمڕۆژە پیرۆزە ئەمڕۆژە پیرۆزا ها ها ها ها هە
(گریێ نەورۆز– ژ (٨) ٢٠٠٨ /١ )

## نەورۆز و ئەوین

کەمال شێرگەر

لە ڕۆژی نەورۆزدا
گوڵە ئەنفالکراوەکانی
ئەوین تێکڕا گەشانەوە ...
سەرجەم تارای سووریان پۆشی و
بوونە میوانی باخچەی

داخراوی لێوەکانی یار

لە میحرابی تعبدی چاوی

ئەودا ..

گوڵ و ... پەپوولە

نێرگس و ... نەورۆز

ئەوین و ... ئازار

نوێژی عیشقیان

ئەکرد

شەرابی ئەوینیان

ئەبەخشییەوە

بەدەم ویردەوە

بە موریدی عیشقیان ئەوت

صۆفی بەرماڵت ئەڵێ

ئەمڕۆ لە دوێنێم

زیاتر خۆشئەوێ ! !

توخوا پێی بڵێن

یار ئەڵێ دەمێکە

ئاوارە و ئەنفالی چاوەکانی ئەوم

دەمێکە رۆحم شەرابی دووریت

ئەنۆشێ

گڕی بەزەییت

جەستەی کردوومەتە خۆڵەمێش و

لە بیابانی بێ رەحمیتا

ئەوینی لاشەم ئەگەوزێنێ
هەناسەکەم
لە رۆژی نەورۆزدا
کولمەکانت با گولالەسوورە بگرێ!!
لێوەکانت بە نێرگس
گولاوپرژێن بکە!!
تالەکانی قژت
سوورکە .. جوانە!!
سوور زادەی غەزای خوێنی
شەهیدانە ..
سوور ئالای ئەویندارانو
دروشمی توێژی کولنەدەرانە
خۆشەویستەکەم
من بۆیە رەنگی سوورم خۆشئەوێ
چونکە رەنگی دەنگی
داهاتووی ئێمە و
مژدەی دوارۆژی نەتەوە و
مژدەی یەکبوون و یەکخستنەوەی
من و تۆی پێیە ...
●●●
(گرتێ نەورۆز – ژ (٨) ٢٠٠٨ ل٢ )

# پیرەمێرد لە مامە یارەیە

پەری شێخ ساڵح

کە نەورۆز دێ

چپەی سەوزایی بەهار

وەك شنەی باڵی پەپوولە

دەگاتە گوێ ...

کەنەورۆز دێ

پیرەمێردێ

لە گڵکۆکەی دێتە دەرێ

لە حەوزە وشکەکە دەستێ

جلی کوردی دەکرێ

ماڵ بە ماڵی سلێمانی دەگەڕێ

هەرهەموویان بانگهێشت دەکات

بۆ گردی مامەیارە

دەڵێ .. کوڕگەل کچگەل

ئەم بەهارە

مژدەی مەرگی زۆردارە

***

ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە

ڕۆژی عەشق هاتەوە

پیرەمێرد لە مامەیارەیە

ئاگری نوێ دەکاتەوە

بە بیستویەك

چەپكە نێرگزەوە دەڕۆین

لەسەر سفرەكەی پیرەمێرد

یاپراخی ئەم جەژنە دەخۆین

بە بیستویەك

گوررزە خەندەوە دەڕۆین

لە ئاگری نەورۆزەكەی پیرەمێرددا

دەستنوێژی عەشق دەشۆین

دەڕۆین بۆلای پیرەمێردێكی دڵاو

دەڵێین گەورەم

لە تۆوە فێر بووین

عەشقی ئاگر

عەشقی هەتاو

•••

*(گڕی نەورۆز – ژ (٨) ٢٠٠٨ /٣ )*

## نەورۆزنامەی وەهاری

میرزا عەبدوڵڵای ئەتڵەسی

ئا: رەشی هەورامی

ئەم هەڵبەستەی، شاعری نەمری ئامێزی كۆسالان و رەزاو جای تاقیەدارانی دێرینی دایكانی مەزن بەناوی میرزا عەبدوڵڵای ئەتڵەسی پێشكەش دەكەین، بەتەواوی هاومالان وتەواوی بەرەی ئادەمیزادی جیهان.

یــــاران دووبـــــاره، وەهـــــارەن جـــەنۆ
نـــەورۆز ئامـــــاوە، شـــاد بـــی کەشـــوکۆ
شـــەماڵ داوەســـەر، بـــەرزی ســـەربەرزان
وەروان کـــەرد بـــەئاو، ئـــاوان کـــەرد هـــەزاران
قلّمـــەی قلّـــوەزەی، تافـــان نەســـەردا
پەخـــشانەن وەســـەر، تاشـــو کەمـــەردا
گـــا، وارۆ واران، گـــا، وەرەتـــاوەن
یـــا، ناڵـــە و نرکـــەی، هـــەوری ســـیاوەن
گـــا، چـــریکەی بـــازەن، گـــا، قـــرەی قـــازن
گـــا، خرمـــەی نەچـــیر، جـــەلا رێـــوازەن
یـــا، چـــریکەی چـــێڵەن، یـــا، قاســـپەی بەقـــەن
یـــا، تەقـــەی دەنـــووك، حـــاجی لـــەق لەقـــەن
تـــاو تـــاو، وارانـــەن، وارۆ نەســـەردا
خرمـــەی تەوەرگـــەن، وەدەشـــتو دەردا
شـــوانە، بەحـــەیی حـــەیی، گەلـــەش دانـــەوەر
مـــەڕو ماڵاتـــەن، لـــوان دەشـــتودەر
وەش وەس، کـــاوەنز، گومـــەگم کـــەرۆ
هـــەواڵی شـــادی، نـــەورۆز مـــاوەرۆ
یـــا، لارە ولەنجـــەی، ســـۆنەی ســـەرئاوەن
یـــا، ناڵـــەی تفـــەنگ، ســـەیاد جـــەڕاوەن
یـــا، حەوشـــو بـــەرەی، فـــەلای هیتیـــارەن
یـــا، شـــەتڵ شـــانای، تـــەماکۆ کـــارەن
کەشـــو، کـــۆ و کەمـــەر، ســـاراودەر ودەشـــت

بەرگی سەوز پۆشان، بەوێنەی بەهەشت
کەلی عاشقان، تا، تەوەنەسوور
بەسەعد وسەعید، دیارەن جەدوور
گوڵە نەورۆزە، جەخاك سەرکێشان
مەلان، مەنالآن، هەریۆپەی وێشان

جە، بەنی شانشین، تا هەردی پلوور
چوون، پارچەی دیبا، ئەرخەوانی وسوور
ئەو دیم، مێرگەوار، ئیدیم بێساران
ئەولا، پایگەلان، جای تاقیە داران
بەهەزار، ڕەنگە، دەر ودەشتو دۆڵ
بەگوڵ، ڕازیانۆ، ئاوەدانی وچۆڵ
هەر، ئاوەن کنیۆ، جە هەرد جەبەرد
هەر، ئەرزەن، پەڕەن، جە گۆڕاڵەی زەرد
وەهەرکۆ، مەشی، هەرشەقەی باڵەن
قازەن، یا، بازەن، ژەرەژە خاڵەن
پۆل پۆل وچین چین، مەیان مەویەران
کۆچی، دووبارە، گەرمەسێر کەران
کەلی دوو تەپڵە، هەوارگەی سەردەشت
بەرزی کاڵیتەر، نموونەی بەهەشت
ڕەژیان، بەسەوزی، گۆراڵەی وەهار
چما، هەر منەن، جە سەر تابەوار

●●●

(گۆڤی نەورۆز – ژ (٨) ٢٠٠٨/٧ )

## نەورۆزی شێخ ئەنوەر

بۆیــــە گــــولاڵە لای مــــــن پـــیرۆزە
دروشمــــی یـــــادی جـــەژنی نـــەورۆزە
چونـــکە نـاو جـــەرگی رەش وســـوتاوە
تیـــا بـــەدی ئـــەکرێ دەروونـــی کـــاوە
ئـــاگری نــــــەورۆز کــــە ئەکرێتــــەوە
بڵێــــسەی ئـــۆخەی بـــەرز ئەبێتــــەوە
لــــە هەمـــــوو کێــــو وبـــەرزی ونـــشێوێ
گـــــــولێ ئـــــــامادەیە بگەشـــــێتەوە
بــــەڵام بڵێـــــسەی دەروونـــــی کـــــاوە
ســـالێ بـــە دوای ســـالاً گـــڕ ئەگرێتـــەوە

(گڕی نەورۆز – ژ (٨) ٢٠٠٨ ل٨)

## من عاشقی نەورۆزم

ئەحمەد کوڕە جوتیار

ئەو کاتەی کە لاپاڵ بە مەشخەڵان دەبێتە شەبەنگ
کە شەقام بۆ وردو درشت دەبێتە ئاهەنگ
ئەو کاتەی کە شەوە زەنگ بە گڕ دەبێتە ڕۆژ
ئەو کاتەی کە هۆزانی (پیرەکەی شار)

دەبێتە سرودی نەورۆز

ئەو کاتەی کە دەشتو دەر دەبێتە گوڵو گوڵزار

قەتارەی نێرگز دەبێتە مێرخوزار

پرچی بەڕەزا بە شنەبا دەلەرزێ بۆ لالەزار

کە بڵێسەی دەبێتە بەهارو نەورۆز

لەوکاتەیا پەیکەری (ئەلکان)

دەبێتە گڕی نەورۆز

*(گڕێ نەورۆز – ژ (٨) ٢٠٠٨ ل٨)*

## نەورۆز بکەم؟!

عەبدولعەزیز عومەر

نەورۆز ناکەم

تا شۆخ و شەنگەکەی شەنگار

لە تەوافی لالشا نەگەڕێتەوە

لە کەرخی ئێزیدیاندا

وەکی جاران

بسکا خۆ لە حەنا نەگرێت

بە بیکیا بۆ مەم نەبڕێت

ئەمنیش لە شاهییا وی

شەوو ڕۆژەک پێ نەقوتم

نەورۆز ناکەم
چ دبێژن؟ نەورۆز بکەم!!
* * *

نەورۆز ناکەم
تا چەلەنگەکانی شەبەك
زیندانە مەزنەکەی بادۆش نغرۆ نەکەن
بە دووە خوا نەناسەکانی بیابان نەڕەفێنن
لە شوێنی وی باخا گوڵی
جوان نەچێنن
ئەزیش بۆنی ئەویَ گوڵستانی نەکەم
نەورۆز ناکەم
هون چ گوتن ؟! نەورۆز بکەم!!
* * *

نەورۆز ناکەم
تا شۆڕە سوارەکانی دەشتی دزەیی
لە بازاڕگە بەڕمبازی سەرەو نشێو نەیێنە خوار
دەشتی قەراج تەی ، تەی نەکەن
لە قەڵاتی ئازیکەندی بندیانان
قەڵاتە سۆرە سیانان
لاووك و حەیران بۆ یەك نەچڕن
منیش بە دڵ
ئای ئایەکیان بۆ نەچڕم
نەورۆز ناکەم ،

ئەنگۆ دەڕێن، نەورۆز بکەم؟!

* * *

نەورۆز ناکەم
تا لەودیوی کلکەی قەرەچوغ
نزیك ملەکەی چەبەل بۆر
لە پەنای خڕە بێستانەکەی مام عەولاّ
بە زل و بی کەناری زێ
چەرداخێکی گچکەلانە دروستنەکەم
بۆخوم تێر تێر
ڕاوی پۆڕ و ماسی نەکەم
لە هەردوو سەر
بە سەر گۆڕی ئەنفالەکانی دوبزدا
بەسەر گۆڕی بێ ناوونیشانی دایکمدا
سەدو هەشتا و دوو هەزار فاتیحەدا نەدەم
نەورۆز ناکەم،
چۆنی دەڵێن ، نەورۆز بکەم!

* * *

نەورۆز ناکەم
تا لە پێدەشتەکانی هەفتەغار و دوزدا
لە بەهارێکی پڕ لە گوڵاڵەی سووردا
ڕەشبەڵەکێکی دەهۆڵ و زوڕنا نەکرێت
لەولاشەوە حوسێن عەلی
ئەڵلا وەیسی یەك نەچڕێت

منیش ڕوحم، دڵم، چاوم تیا نەبزوێت

نەورۆز ناکەم،

پێم ئێژن چی، نەورۆز بکەم..

* * *

نەورۆز ناکەم

تا مام کاکەوڵا بە سواری ئەسپەشێکەی

لەناو بەرزیی و نزمییەکانی حەمریندا

بە دوای ئاسکێکی نامۆدا

پڕ ئەو بنارە تۆز ئەکا

خەمی بێ ئەسپیش لە دڵی خۆی دەرنەکا

نەورۆز ناکەم،

* * *

نەورۆز ناکەم،

تاکو کاروانچییەکانی میرسمایل

بۆ پشووی نیوەی ڕێگا

لە قەرەغان

باری باج و خەراجی شارەبان نەخەن

لە مزگوتو گەورەکەی هەیاسی خاسدا

نوێژی شوکرانەی خوا نەکەن

نەورۆز ناکەم، نەورۆز ناکەم

* * *

نەورۆز ناکەم

تا ستەم ئاوارە نەبێت، نەورۆز ناکەم

تا باری قورسی سەر سینەم بۆ لانەچێت، نەورۆز ناکەم
تا ئازادیم ، ئازاد نەبێت، نەورۆز ناکەم
تا نەورۆزم لەسەر حەمرین بۆ ساز نەکرێت
نەورۆز ناکەم، نەورۆز ناکەم

* * *

ژەنگار: شاری سنجارە
لالش: پەرستگای ئێزیدیەکانە لە باعەزرا
کەرخ: کۆڵان، گەڕەگ
بسك: زولف
بیك: بووك
پێنەقوتم: هەڵنەپەڕم
شەبەك: خێلێکی کوردە لەناو موسڵ و دەوروبەری نیشتەجێن.
بادۆش: شارۆچکەیەکە شوێنی سەرەکی شەبەکەکانە.
بازاڕگە: ڕێگەیەکی دەستکردە گوایە ئەسکەندەر بۆ گالیسکەکانی خۆی ئەو ڕێگەیەی کردووەتەوە لە چیای قەرەچووغ
دەشتی قەراج: ئەو دەشتەیە کە شاری مەخمووری تێدایە.
هەفتەغار: کۆمەڵە دێیەکە ئەکەوێتە خۆرئاوای تاوغەروا
میر سمایل: دامەزرێنەری میرنشینی قەیتوولە.
قەرەغان: شاری گولانە، جەلەولایە
شارەبان: شاری میقدادیە.
(گریێ نەورۆز – ژ (٢) ٢٠٠٢

# قولەی قاف

شیعری سەلام سەعید مەولود

ئاسمان لێڵە ئەم زەردییە وا زوو لەو كێوە وون نابێت
دوورگەی دڵی ئەم مرۆڤە بچووك نیە
بە ئاسانی كەشتە رقی پێدا نابڕێ
ئەم مرۆڤە ڕۆڤووی بنی ڕوبارێكە ئازار پۆیلانەی خەمێتی
ئاوا نابێت تاكو بازووی لەگەڵ صەولی كەشتیەوانی
دەریادابێ
تۆ بینیوتە ئەو مرۆڤەی بە پەیژەی قولەی قافدا
سەردەكەوێ
نان لە گەرووی برسێتیدا دەردەهێنێ
ئەو مرۆڤە دەست لە ملی شەو دەكات و ئازار دەكاتە بەرگی خۆی
بە گەردنی بەری دەستی ئازار دەكاتە مەدالیاو
ئەم دوورگەیە بە ووریایی بنیات دەنێ
رووبار دەست ناكاتە ملی دەریا
تا شەپۆلی سەر نەكاتە سەر كەنار و نەیهەژێنێ
ئەم مرۆڤەش دەست ناكاتە ملی ئازار
تا شەوارەی ئەم زەمینە دەست نەكاتە ملی خەم و نەیسوتێنێ
ئەم زەردەیەش ئاوا نابێ
تاكو ئاسمان تارا لە ڕووی ئەستێرەی شەودا نەماڵێ.
گوڵاڵە سوورە كاتێ كە دەركەوت
لە دەشت و دۆڵا سەووراییی سەركەوت
بوو بە دڕكی چاوی نەیاری
نەورۆزە، جەژنت بكە بەهاری
(گڕی نەورۆز – ژ (٢) ٢٠٠٢)

# پەخشانە شیعری (نەورۆز)

ئاوات حەسەن ئەمین

لەسەر راوە شنە بایەکی فێنك هەڵئەکات و
بە پێدەشتی وولأتی گوڵعومەرا
ئەگوزەرێ
کە گوزەرا... سۆمای چاوی منالأن ئەگەشێنێتەوە
لەملاشەوە...ژێ تاری لقی درەختاکان
ئەکەونی کەڵکەڵەی هاژ و هووژی ژەنینی ئاوازێ
(دەلێلێیەك، دەلۆلۆیەك)
شوانەکان مالأت ئەبەنە کێوان و
کارمامزەکان ئەکەونەوە جووڵەی خۆیان
ئێستا... سەرەتای وەرزی بەهارە
ئێستا ... سەرەتای وەرزی کوردانە
مێژوو... لەو ڕۆژەوە
لاپەڕەکانی یەکە یەکە تۆمار دەکات و
منیش یادەوەریم دەروازەکانی...
بۆ خوێندنەوەیان ئەخاتە سەر پشت:
سالأنی زوو کاتێ
بابە (کاوە) بۆ ئازادی میللەتێ
بۆ سەربەستی دەڤەرێ
لە دەستی زوڵمی زۆرداری
چەکوشێکی گرتە دەستی و
بەرگی کاری کردە ئالأ

هێرشی برد بۆ سەر تەختی ستەمکاریٚ
عێل هەمووی دەست لە دەستی بوون
تا کۆتایی بەو ڕۆژگارە تاریکە بهێنن.
ئەویٚ ساتیٚ...
جوگرافیای وڵاتی بەفر نەناسراو بوو!
بابە (کاوە) بووە فریادڕەسمی میللەتیٚ...
ئەو ڕۆژە یەکەمین ڕۆژی بەهار بوو
لەسەر لووتکەی چیاکانا..
تیشکی زێوینی دیار بوو
یەکەم وەرزی سەرفرازی و
ئازادی بووکی کوردان بوو.
کلتیٚ تەختی ستەمکاریٚ
هەروەکو بەفری بەهاریٚ
توایەوە و
بۆ ناو توونی مێژوو چوو...!
ئەو ڕۆژە ناو نرا ڕۆژی (نویٚ)
منیش ئێستا...
کاتیٚ زاکیرەی گەلا ئەدوێنم
سووری خوێنی شەهیدم بۆ باس ئەکا
کاتیٚ مێژووی دێرین ئەلاوێنم
داستانی (کاوەی ئاسنگەرم) بۆ تۆمار ئەکا.

*٩ مارتی ٢٠٠٢ سلێمانی (گریٚ نەورۆز - ژ (٢) ٢٠٠٢)*

# ناسنامەی نەتەوە

بەکر پشدەری

نەورۆزێك بووم دانەمرکام
نینۆکی شێر لە چاومدا
داستانی سەوز بوونەوە و
باوەشێك گڕی ڕەشماڵی زەند و مادی
کردە ناسنامەی نەتەوەم
بەڵام ئەفسووس.. بە هیچ زمانێك نەدرکام
ترسی ژێر پێیان بیر نەبوو
تەونی خەوی ئاڵۆزکاویان
چەخماخەی هەوری نەزۆکی دڵگیر نەبوو
بۆ چاوەکانم ئەگەڕان
لە مەملەکەتی سوتماکدا
هەر ناو بوو بێ تەمەن ئەبوو
دارستان پرچی ئەڕنرا
شیعر لە عەشق دائەبڕا
لەودیو دەلاقەی سەرابیش
سێوی دڵە ساوێلکەکان
بە باشی هەڕاج ئەکرا
نەیانزانی
کەو دەرێکی تەرێنراوم لە زێدەکەم
لە ژێر باڵیرەشی شەوا....

له‌گه‌ڵ داگیرسانی خوێنما چاك ڕاهاتووم!
نه‌یانزانی
ئه‌و زامه‌ی له کاسه‌ی سه‌رما...گشت چرکه‌یه
چرۆی تازه‌تر ده‌رئه‌کا... ئه‌و خوێنه‌یه
له‌گه‌ڵ شه‌قام ده‌ست له ملانه و...
مۆخ و ئێسك و پارچه ئاسنی
وێنه‌یه‌کی ئاوێته‌یه
نه‌یانزانی .... کلیلێکم
کلۆمی ده‌رگای ڕێگاکان ئه‌که‌مه‌وه
په‌یامێکم، بۆ تاریکی پشت ده‌رگاکان
چه‌پکێ خۆری نێرگسه‌جاڕ ئه‌به‌مه‌وه
نه‌یانزانی....
جوتیارێکم توێشه به ده‌م
نان و گوڵ و نه‌ورۆز و هه‌تاوی تیایه
گوڵ بۆ سینگ و نانیش بۆ برسییه‌کانم
نه‌ورۆز ئاژێری شۆڕش و هه‌تاویش بۆ نیشتیمانم!
نه‌یانزانی
هه‌گبه‌یه‌کی وام له کۆڵه ... گڕو خۆڵه
نه‌خشه‌ی تابلۆی وڵاتێکم له چاوایه
کوردو...ستان... چوار لایه‌که و زائیدێکی له‌ناو دایه
ئه‌وا ئێسته‌ش.. له‌سه‌ر قه‌ڵاتی زێڕی ڕه‌ش
ئه‌و په‌نجه‌یه‌ی له سه‌نگه‌را... گورجێ میلی تفه‌نگ ئه‌گرێ
نه‌ورۆزێکه و سه‌دان ساڵه...

له گێژاوی دووکەڵی شامەرگی خوێدا خولنەخوات و هەر نامرێ

دوا پەیامیش ... بابە گورگور....

له ناو بارۆتی هەزاران نارنجۆکا....

گەورە دەبێ و دەتەقێت و

دەبێتە گڕ!

(گڕی نەورۆز – ژ (٢) ٢٠٠٢

## بەهاری عیشق

ئیبراهیم رەئوف

بەهار جوانی تۆ سەرسامی کردم

تا بە تیشکە گڕ

له سینگی بەفرا

شیعرێك بۆ عیشقی خوایی بنوسم

قەقنەس زوو وەرە بە ئاگر بڵێ

ئێشکی شەو بگرێ

تا له کرێوەی زەمەن نەترسم

دوو تۆپەڵ بەفری

ڕقی دەیان ساڵ

خونچەی تەمەنی خاکێکیان وەراند

تەنها ئاگر بوو کە فێری کردین

چەکووش دروست کەین

بۆ کەللە سەری هەموو ئەوانەی

ووشەی ڕەسەنی
کوردییان خنکاند
ئاڤێستا موژدەی ڕووناکی داینێ و ...
هەر زوو پێی ووتین
خاکی کوردستان گڕی گرتووە
بڕوانە نێرگس بە بەرگی ئاشتی بۆ ئازادی کورد
چۆن خۆی لە دەوری خۆر ئاڵاندووە
پەڕەسێلکەیەك دایکێکی بینی
سەرتاپا ڕەشپۆش
هێلانەی هەڵبەست
لە ناو پرچیدا
خامە قیژاندی ئیتر با بەسبێ
ئازاری خاك و
زایەڵەی چیا
تاکەی زمانی بڕاو بنێژین
لە گۆڕستانی ووشەی کوردیدا.
بەفری چییای کورد
بۆ جوانی بەهار
سەفەر ئەکات و
لە بەرگی هەورا دەگەڕێتەوە
بە ئاسمانەکەی بابە گوڕگوڕدا
لە هەناسەی نەوت
مەشخەڵی نەورۆز

دەمێنێتەوە...

شەیدای ڕووناکیی هەرگیز نەدەبووم

گەر خۆری خواوەندچوار پارچە بوایە

زریانیشم ڕاو نەدەنا

گەر پرزیسکێکم لە ناخی خوێندا

هەڵنەگرتایە.

*(گڕی نەورۆز – ژ (٢) ٢٠٠٢*

## نەورۆز ...لە نێو قسەکانی باران و خوێنی گیاو گەڵا

رۆژ هەڵەبجەیی

نەورۆز وەرە پرمکە لەو توێژی،

گوڵ و گیا....

حەقیقەتێك باڵەکانی دەکاتەوە

ئەشێ ئەوە پەیامەکەی ئاڤێستا بێ و

تاریکەکان گڕێ بدا و

پەنجەیەکی زەردەشت خۆی بپێچێ لەبەر

چینەیەك ئاگر،

بۆ دەستی ئەو موغانەی

فەرموودەی قەدەرێك ڕێی نەدان

قەترەکانی وەنەوز

پاشکۆی باوەشێ جێهێڵن

لە چاوەکانی خانزادا،

ئێی خانوو خانزاد تۆ بە کورد بوونەوە
گیرت خوارد و
زەردەشتیٚ چرۆی نەکرد،
لە ڕەختی نوستنتا
پێڵاوەکانت لە فەرهەنگی پیاسەی شەوا
تینوو بوون بە خەوننامەی خەم
خەمی پرژەی پرچیٚ لە ژێر پێیەکانی کفرا..
هەناسە دەدا...
خەمی ڕنینەوەی قژی ئینجانەیەک،
بەدسەت فۆنەتیکەکانی سەرما...
خەمی هەواڵی لاولاوێک، بە چڵی
پەنجەرەیەکی شکاوەوە مۆمیا...
خەمی سێوەکانی چاوەڕوانی دەستخەرۆ
بەو عاتیفە ماسکانەی پڕن لە ئاوەڵناوی
درۆ.....
خەمی گمەی لێوی کۆترێک کە
لە کێڵانەکانی خەنجەرا دەڕوێ
پێش ئەوی دەستت بینایکا زەخرەفەی
ئاوەدانی...
تەمەشایەکی نەرمت ئەوەبوو لە جەژنی
نەورۆزا
مەرقەدی درەختێک بە ڕێزمانی کوردی
میناتۆرکەی

قاقایەك لە مارکەی ژەهر
بنێری بۆ لێوی سوڵتانەکانی عوسمانی...
بە کورد بوونەوە گیرت خوارد..
کەچی نەورۆز ئەو ڕەنگاڵەیە بوو
لە گوڵستانی دەستماڵەکەتا
چینەی ئەو پێکەنینە زبرانەی دەکرد
قوڵپیان دەدا لە خەما!
نەورۆز... خانزاد شکستێ بوو ڕاپەڕی
ئێستا وەرە هەر بە خەمی کورد بوونەوە
پڕم کە ووتووێژی گوڵ و گیا...
پڕم کە لە نۆتەکانی ئاو، لە پەنجەی جۆگایەکا...

* * *

نەورۆز وەرە پڕم کە لە قسەکانی باران...
حەقیقەتێك تاریکی ئەنوشتێنێتەوە...
لەوە ئەچێ ئەوە خرمەی پێی ئەسپەکەی
سمکۆ بێ...
بە شا دەماری کورد بوونەوە گیر دەخوا و
سمکۆلانیەتی لە کۆلانێکی مێژوو!
ئەو لە باخچەی ماڵەکەی خۆیا
چاوی بەهارێکی نەبوو
هەتا سەیری نەزیفی ئەو هەموو هەنارانە
بکا،
تاریکی ئەتکیان ئەکا..

ئەو بە هزری قوولترین تاریکی و
بە پەلسەفەی تۆخترین بەربەریی..
لە شەقژنی جەدەلێکدا
رەوەزی گوللەی کێشاو
بە دووکەڵی پایپی (ماری شەمعون)ەوە خنکاو
بە کورد بوونەوە سەری نایەوە و
فەنەری نەورۆزێك نەبوو بە سورمەی
چاوەکانی
هەتا ئۆرجازمی ڕوحی بگاتە لوتکەی
سووتان....!
نەورۆز... سمکۆ شکستێ بوو
لە فەسڵەکانی باشووری مێژوو
ئێستا وەرە هەر بە زوهدی کورد بوونەوە
پرمکە لە ڕەوانبێژی هەور و
لە قسەکانی باران...
* * *
نەورۆز وەرە دەست بکەرە ملی خەونێك
کە تەقسی تەفسیرەکانی مەیی...
حەقیقەتێك نەشیدەکانی نشتیمانی
دەڕووخێنێ...
ئەشێ ئەوە کۆمارەکەی مەهاباد بێ
قازی بە پەیامی کورد بوونەوە،
نزیك بوو لە خوا...

ئەو كوردییەت لەلای ئەركێك بوو
دەچووە ڕێحمی ئایەتێك لە سورەتەكانی
خواو
جارنامەی پێغەمبەرێك
لە چاوی فەرموودەیەكا...!
نەیانهێلاّ.. چوڵەكەكانی فەساد، نەیانهێلاّ
شپرزەیی خۆی تێكەلّ ،
بە لافیتەكانی بەهارەوە بكا و
لەوپەڕی خەڵتانی نوورەوە، لە مشت و مڕی نەورۆزێكا
ئەی ڕەقیبێك لە پەنجەكانیان بچۆڕێ و
لقێك لە سروتی ئاگر و
لقێك لە چوار چرای مەهاباد
لقێك لە لەچكەكەی قەدەم خێر و
لقێك لە پشتوێنەكەی مامە یارە...
لقێك لە ناڵەی ئاگری داغ و
لقێك لە ئەلهای ئەنفال
لقێك لە قەموور بوونی بەردە قارەمان و
لقێك لە ڕیشی شێخ سەعیدی پیران..!!
بكا بە سینگی ئەو خائین زادانەی :-
خەونی كورد لە بالاّی سێدارەوە
دەكەنە گوارەیەك بۆ گوێچكەكانی لۆزان
خەونی كورد لەسەر مێزی مەسڵەحەتەوە،
قوربانییە بۆ پێكێك نەوت...!!

ئەیانهێلا.. چۆلەکەکانی فەساد، ئەیانهێلا
قازی بە کورد بوونەوە گیری خوارد و
کورد بوونیش خنکاندی..
نەورۆز قازی، نەك شکستێ
چەرخی ڕاپەڕینێك بوو وروژا
ئێستا وەرە هەر بە خەڵوەتی کوردبوونەوە
پڕم کە لە تەقسەکانی ئەو تەفسیرانەی
هەموو خەونەکانم دەبنە گوڵە و ماچ
بۆ خاکی یەخەی پێشەوا..!!

* * *

نەورۆز وەرە با بچینەوە لای خوێنی گیا و گەڵای
چرا،
ئینجیل موتاڵای دەکا..
حەقیقەتێك تاڵی ڕوناکی لە قەفەسێکا کۆپی دەکا
لەوە ئەچێ ئەوە (بێکەس)ی شاعیر بێ
نوێژی نیشتیمان لەسەر لەپی دەستەکانیا
هەردەم لە حزوری خودادا ئەیچریکاند:–
ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم...
خوایە وەتەن ئاواکەی...
لە شنەی چاوەکانیشیەوە
بە (٢٧) رکات فرمێسك
(٢٧) نەورۆزی دائەگیرساند و
(٢٧) جار بە ئاخی کوردەوە

به (۲۷) ڕستەی توانجەوە
(داری ئازادی) ئالاواند و
(۲۷) جار چاوە برسییەکانی ئەدمۆنزی،
پڕ دەکرد لە پرووشەی دوکەڵ و
لە قیژەی ئاگر...
(۲۷) جار بە زەکیە ئەلکانی ئەووت:-
گەر بویتە بووکی نەورۆز
(۲۷) جار ، (۲۷)تاڵ لە پرچەکانت
بکەرە (۲۷) زیندان
بۆ بەرۆکی ڕوجی ئەتاتورك و جەندرمەکان
نەورۆز گیان ئێستا شکست مانایەکی نییە
خوێنی گیا و گەڵا ، ئینجیل موتاڵای بکا...
حەقیقەتێك رۆئیای نییە
ڕووناکی لە قەفەسا کۆپی کا...
ئێستا شکست مانایەکی نییە
هەر ناووت بنێ جەژنی دار و درەخت
نەورۆز گیان نەورۆز....

*سلێمانی ۲۱ ی شوباتی ۲۰۰۲*
*(گڕێ نەورۆز- ژ.(۲) ۲۰۰۲)*

# نـــەورۆز

## هیوا هەبەر ڕەحیم

لە یادمە

کە منالْ بووین

گرەو لەسەر ئەوە بوو

کێ ئەتوانێ

زۆرترین ژمارەی تایە

بۆ نەورۆزی ئەمسالْ بێنێ

لە یادمە

کە منالْ بوین

گرەو لەسەر ئەوە بوو

کێ ئەتوانێ بالأی ئاگرەکەی لە بالأی

هەموو ئاگرەکانی تر بەرزترخۆ بنوێنێ

کە منالْ بوین

گرەو لەسەر ئەوە بوو

کێ ئەتوانێ ئاگرەکەی تا بەیانی گڕ بدات و

کڵپە بسێنێ

کە منالْ بوین

یەکێك هەبوو ... لە هەمووومان گەورەتر بوو

بڕیاری درەنگ و زووی کردنەوەی ئاگر و

شقارتە بەدەست ئەو بوو

کاتێك ئاگری دەکردەوە.

مووچڕکەی خۆشی هەموو گیانمانی ڕادەژاند

هەڵپەڕكێمان دەكرد
نەورۆزەكەی پیرەمێردمان دەگووتەوە.
كە گەورە بووین.
وتیان دووكەڵی ئەم ئاگرە ژینگە پیس دەكات
جەژنی شەجەرەیە و...
كورد . ئاگر پەرستی دەكات
ئەو ئاگرەیان خامۆش كرد
ئەو ئاگرەیان كوژاندەوە
ساڵانێك بوو
لە دڵماندا ئاگرمان دەكردەوە
ڕوح و گیانمان دەسوتاند، لە چاوماندا گڕمان
دەبەخشییەوە، تابلۆی نەورۆزمان دەنەخشاند
ئەو ئاگرەیان خامۆش كرد
بەفر وتی گەر جەژنی نەورۆز نەكەم
بەرگی سەوزم لەبەر ناكەم
هەل وتی نەورۆز نەكەم فرین ناكەم
درەخت وتی.. نەورۆز نەكەم چرۆ ناكەم
ڕووبار وتی هاژە و خوڕە ناكەم
باران وتی داناكەم
شەماڵ وتی هەڵناكەم
پەپولە وتی... سەما ناكەم
گوڵ وتی شكۆفە ناكەم
ئەو ئاگرەیان خامۆش كرد

ئا لە ئازاری ڕاپەڕیندا
هەموومان بوینە ئاگر و بووینە گڕ
ولات یەکپارچە نەورۆز و
نەورۆزیشمان کردە دیاری
بوچ شارەکەی بابا گوڕگوڕ
ئێستا بە ئازادیی نەورۆز دەکەم
لە نەورۆزدا گەردن ئازایی و جەژنە پیرۆزە
لە ئێوەو..
لە خۆم و لە تۆ ئەکەم.

*(گڕی نەورۆز – ژ (٢) ٢٠٠٢*

## کە نەورۆز دێ

عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی

کە نەورۆز دێ
لە سیمای خەڵکەوە هیوا و
لە سیمای خاکەوە جوانی
لە سیمای شارەوە جوانی و
لە سیمای گوندەوە ئاوەدانی
لە سیمای منالّ..
پێکەنین بەدی دەکرێتبە ئاسانی
کە نەورۆز دێ..

لە ناخەوە فەرهەنگێکی
پڕ لە ووشەی جوان و بە سۆز
لە دڵەوە خۆشەویستی
بۆ یدی پڕ شکۆی نەورۆز
تێکەڵ بە یەکتری دەبن
لە پەلکە زێڕینە دەچن
کە نەورۆز دێ
لە خوێنەوە خڕۆکەی پڕ ئەوینی خاك
زۆرتر گیانم دەگرێتەوە
بە بارانی بەختەوەری و
شنەی شەماڵی ئازادی
باخی دڵم ئەشنێتەوە
کە نەورۆز دێ
منالآنی کوردستانم
هەموو کاوەن
هێز و هیوا و توانان و تینی
زۆر لێکرا وو چەوساوەن
سروود بۆ نەورۆز دەڵێن و
وەکو گوڵ جوان و گەشاوەن
کە نەورۆز دێ
پەیامێکی پڕ لە عەشقە و
لە یادی ڕاپەڕیندا
خۆیدەنوێنێ

ئەلبومێکی پڕ لە یادە و
لە ناخەوە دەماندوێنێ
دەنگێکە زۆر زوڵاڵ و خۆش
ئەمری گیانی شەهیدان
بۆ گەلی کورد دەسەلمێنێ
کە نەورۆز دێ
کچانی کورد
لە ئاوێنەی نەورۆزەوە
لە باڵای خۆیان دەڕوانن
هەتا ئاسۆی
هیوا و خەونە سەوزەکانیان
لە ئەلبومی یادی بەرزی ڕاپەڕیندا
باش بزانن
کە نەورۆز دێ
شەنگ تر دەبێ نیشتیمانم
خۆشتر دەبێ کوردستانم
لە خۆشی و شەنگی کوردستان،
باڵا دەکەن خەونەکانم
کە نەورۆز دێ
هەموو کوردێك تاسەی سەدای
(نەورۆز)ەکەی (پیرەمێردە) و
تامەزرۆیە
گوێیلێبگرێ و بیلێتەوە

لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا

خۆشەویستی کوردستان و

بڕوای بەرزی کوردایەتی

لە دڵیاندا

ئەمامێکە و دەڕوێتەوە

کانیەکە و لێخن نابێ

تیشکێکە هەرگیز وون نابێ

ڕاستییەکە کە ڕاپەڕین بە پیرۆزییەوە بۆی

سەلماندین

ژێر دەستی دوژمنان بەسە ئیتر دەبێ

سەربەست بژین.

*(گزنگی نەورۆز – ژ (٢) ٢٠٠٢*

## بۆ نەورۆزی ئەمساڵ

قادری حاجی عەزیز

ئـــــەوا نـــــەورۆزە دەســــــا وەرە دڵ

ئـــیتر خــۆت بگێــڕە لــە دەورانــی گــوڵ

بـــا شـــەوقی ئـــاگر شـــەوەزەنگ بـــبڕێ

زســـــتان پۆشــــاکی ئاودامــــان بــــدڕێ

سوێـــسنە پەشمـــەکی ســـپی ڕامــــاڵێ

توێــــژاڵی بـــــەفری بــــەرخۆر رامــــاڵێ

باڵنـــدەی سەرچـــڵ زیـــق و زاقـــی بـــێ

ئافتافکەرەکەش ئاقەئاقی بێ
دیدەکەم دە تۆش لەگەڵ پۆلە مەل
ئاسمان تەیبکە تا دەگەیتە کەل
چرۆ و خونچە گوڵ هەستە نەورۆزە
بێ ئێوە کوانێ نەورۆز پیرۆزە ؟
سەیرانەکەمان گوێ چەمی روون بێ
دۆست کامەران و دوژمن زەبوون بێ
کابان دەمێکە سەماوەری زەرد
با لە دڵ دەرکەین هەزار ئێش و دەرد
ئادەی شمشاڵ ژەن بە یادی دەروێش (١)
چاوگەی برینی دڵ بکە ساڕێژ
دەی گۆرانی بێژ بەستەت دڵگیر بێ
با شاییەکەمان هی جوان و پیر بێ
کوڕ خۆی بگۆڕێ کچ خۆی بنوێنێ
برێسکەی کەوا چاو بتۆرێنێ
هەرکەس ئازاری دۆستێکی دابێ
با لە کەسێکی دڵی ئێشابێ
با ناوبژیوان جەژنی نەورۆز بێ
لە هەموو لایەک چوونیەک پیرۆزبێ

(گرێ نەورۆز – ژ (٢) ٢٠٠٢

---

(١) مەبەست دەروێش عەبدوڵلای هونەرمەندە

# ( به ئاگرەوە نەورۆز.... بە جەژنەوە نیشتیمان)

سەلام مستەفا

لەوبەری خۆرەوە...

لەملا ئاوێنەکانی رووبارەوە

لە تەنیشت ٢١ هەناسەی بالّکراوو

٢١ ئاگردانی پێنەکراوو

٢١ شەملەمەی نێو دەشتی خڕنووکەوە

لە نزیك ئەو سنوورەوە

لە مەڵبەندەکانی خۆرهەلاّت

چەپك چەپك گوڵە نێرگز

بە نهێنی دەدەنە سنوورەکانی خۆرئاوا

لە بەرامبەر چیایەکی بێ سەنگەرەوە

لە پالّ ئاهەکانی ئەو کەروێشکە

شالاّنەوە کە لە ترسی ساچمە

لە کونی دەشت نایەنە دەر

لە ناو کۆشی ئەو دایکەوە کە پرسیار پرسیار دێنێتە سەر یەك و

وەلاّم وەلاّم خۆیان دەدزنەوە

لە هەناوی هەموو ئەمانەوە

ئاگرێك دەسووتێ

ئاگرێك بەبێ دووکەلّ و بەبێ خەردەل و

بەبێ ئەوەی

ئەو دەستەی تێکی دەدە بسووتێ

ئاگرێك لەسەر قاوەخانەی ڕەفەكانماندا
هەڵگیراوە...
لە ژێر نوێنی شیعرەكانماندا ڕاخراوە
لە مامە یارەی سۆزما دامەزراوە...
ئاگرێك دەسووتێ
لەولا ئەویشەوە نەورۆزێك پرسیار دەكات
پرسیار دەكاو بەر لەوەی دەستی بگاتە
زەماوەند دەڵێ:
ئاخۆ دەشتەكانی پڕ لە گوڵاڵە هەر ڕەشپۆشن؟
ئاخۆ لە جەژنی مدا سەرابەكانی هەر بێ مۆمن؟
ئاخۆ بەر لەوەی ئاوی كانییەك بدرێ لە ڕوو
ڕێبوارەكان لە پریاسكەكانیان پڕ ئەكەن
لە ماچی ئەسپ؟
گیرفانەكانیان پڕ دەكەن لە شیرینی؟
منداڵەكانیان پڕ دەكەن لە پێكەنین و لە یاری؟
ئاخۆ بەر لەوەی بلوێرێك لە پشتێنێكیان بترازێ
شوانێك دەچێتە سەر مەزار؟
كۆڕێك لایلایە دەبیستێ؟
گردێك لەگەڵ شینی شەوا
پرسیار دەكات لە ئەستێرەكانی دوای شەوێن؟
نەورۆزێك پرسیار دەكات:
ئەرێ بەڕاست تەمەن چەند خولەكی ماوە؟
هەنگاو چەند فرسەخی ماوە؟

سەما چەند جریوەی ماوە؟
کۆتر بە کام ئاسمان ئاشنایە و
لە کام ئاسمان دەکەوێتە شکەوە؟
لاولاو لە چەند پەنجەرە دەترسێ و
پەنجەرە بە چ ڕوویەکدا دەکرێتەوە؟
ئاگرێك پرسیار دەکات:
شەرم دەکەم لە شەوێکی بێ کۆڵانا نەکرێمەوە..
ئەرێ شارم هیچ کۆڵانی تێدا ماوە؟
شەرم دەکەم دڵدارەکان نەناسمەوە
ئەرێ بەڕاست...
شیرین و فەرهادی دوێنێ
لە سەر سەکۆ دادەنیشن؟
خامۆش دەبم ئەو کاتانەی
(ئەی ڕەقیب)ێ تووڕە دەبێ
ئاخۆ سروودی وڵاتم هەر وان لە نێو کەلاوەدا؟
فەرامۆش دەبم بەو دەمەی
(پیرەمێرد)ێ لە ژین دەچێتە عومرەوە.
تۆ بڵێی گردەکەی یارە جامانەکەی پڕێ دابێ؟
پەنامەندەم ئەو ساتانەش
کە فۆلکلۆری وڵاتم لەوەدیە وڵاتی عەشقەوە
لەبەر چاوی دوژمنانم ڕیز کرابێ
ئەرێ بەڕاست وڵات مۆزەخانەی ماوە؟
* * *

ئێستە مانگی سەرەداوە
چیا مرواری دەڕێژێ و دەریاش دار بەڕوو دەنێژێ
کانی لەنێو لم بارانی یادەکانا
سەرپۆشێکی داوە بە سەر سەری ئاودا و
بیابانێکیش لە کووزەڵە تەڕەکان دێتە پێشەوە
ئیدی گۆرانیەک دەمرێ
ککەمانێك لە دەستی زبرا شێرپەنجە کپی گرتووە
پەردەیەك بەر لەوەی بگری
چاوەکانی دەسپێرێ بە دووری.
دەستەکانی دەنێرێ بۆ درکەزی و
پێیەکانی لە هەیوانا ترازاوە....
* * *
ئێستە مانگی نەورۆزە..
دارهەنارێك بەر لە گلەیی خونچەیەك
پەپولەی دێیەرەکانی دەووت:
ئاخۆ سەردانی عەشقی من لە کوێ دایە ؟
ئاخۆ شەربەتی ناخی من لەسەر مێزی کام میر دایە ؟
دەکرێ بڵێم : سەراسیمەم لە باوەشی تەمی نادیار
دەکرێ بڵێم : بێ جریوەم لە کۆمەڵێ مەلی نازدار
فەرەنجی یەك بێستانێ گڕی کردەوە...
ئاگر...ئاگر...
ئاگر تا باپیرەی تەمەن دەگاتە جێ
ئاگر تا کاوەی سەردەمم هەستیتە پێ...

ئاگر تا لە گەردنی نەورۆزێکی بنالێنم..
ئاگر بەر لەوەی دوا هەناسەیەك بێتە دەرێ..
چەند ڕازێکی پەندی مێژوو بدرکێنم
ئاگر تا شەڕی گۆڕستان تەواو ببێ
هەتا سەری سوڵتانەکان نەك هەر ببێ
ئارام ببێ
ئاگر تا خەج و سیامەند هەستنە سەر پێ
تا دەستڕازەی پیر و ئاڵ بکرێنەوە و
شمشاڵ گەروو بهەژێنێ و
باڵدار ئاسمان بنەخشێنێ و
چنار جێژوان نەڕەنجێنێ
ئاگر... تا بەر لە دروست بوونی ئاگر..
سەد (گۆران)ی نیشتیمانم ئەڕۆن ئۆغر
تا کەنەسمە لە کەندەلان نەیەتە خوار.
بۆ نەورۆزیش هەموو ساڵێ سەدان پرسیار..
(گری نەورۆز – ژ (٢) ٢٠٠٢

## سرودی نەورۆز

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە
چەند ساڵ گوڵی ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەو بەهار
ئەو ڕەنگە سوورە بوو کی لە ئاسۆی میللەتی کورد

مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیك ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە ئەشقە ئەچوون بەرەو پیری مەرگەوە
وا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وولاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین.....

شیعری پیرەمێرد

(گڕێ نەورۆز — ژ ( ٢) ٢٠٠٢

## عەبدول شاربازێر

## نەورۆز نامە

کەژ
زستان بوو
بەفرانبار بوو
ڕێبەندان بوو
ڕەشەمێ بوو
وەیشومە بوو.
زستان

تۆف و
باو بۆران بوو
زستان
نوێ
نوێ هەڵگورمان بوو.
دەور
دەوری
جانەوەری و
بەندایەتی
ڕووی زەمان بوو.
بەرهەم
بەری
سایەی قامچی و
زەبرو زەنگ و
تێهەڵدان بوو.
کۆمەڵ
چین
چین
سەرو
خوار بوو.

نەدار
لەهەر کونجێ بوایە
کوشکەڵە بوو
دیل و
داماو
ڕووتەڵە بوو.
دارا
دیوەخانی گەرم
تۆغیانی بوو
پۆشتەو پەرداخ
تێر وپڕ بوو.
زستان
سەخت و
ناگەهان بوو
سەختی
بەرگی
چیاکان بوو.
چیا
خاکی وڵاتێ بوو
کوردستان بوو

وڵات
زێدی
میللەتێ بوو
کورد زمان بوو.
ئەم ڕازە
داستانە
کێشەیە
سەودایە
بەرایی گلۆڵەی
ئازارو جەفایە.
ڕۆژ
هات
ڕۆی.
وڵات
لەژێر سایەی پاشا بوو
پاشاکەش
زوحاکی زۆردار بوو
دێوە زمەی خوێنمژ بوو
ناو ناخی مەڵبەندی
دڕەندەو دەعبا بوو.

ئەوێکە
ئەڵقەلە گوێیەکی
ئەهریمەن
بۆ لاوی چیاکان
تا بڵێی
وەک:
زەروو
تینووی خوێن.
چیا
پەڵە هەورێکی زۆر تاڵ بوو
لەزەریای ئاسۆرا
هەڵئەچوو
بە ئاسمانی ژینا
سەرەتا پاگیر ئەبوو.
ئەبووە
یەک زریان
ڕەهێڵەی خەماوی
ئەباران.
دنیای دڵ
لەناویا ون ئەبوو

کەشتی هەست
بێ بەندەر
بیرو هۆش
بێ سەرو شوێن نەبوو.
دارو دەستەی ئەژدەهاکیش
وەک:
درنج و
گورگ و
ڕێوی و
بەرازی ڕەش.
ڕۆژێ نەبوو
یەخەی بەردەرگایە نەگرن
ڕۆڵەیەکی پاکی بێ خەوش
بەرخۆنەدەن
لەبەر پێی زوحاکا
بێ سەرنەکەن
بۆ قاوەڵتی لەمێشکەکەی
جووتێ ماری
پێ تێر نەکەن.
ڕۆژێ نەبوو

خەرمانی هیوای دەروونی
خانەوادە
ئاگر نەدەن
جەرگی:
دایك
جەرگی:
باوك
لەژێر سایەی
کێردی زوحاك
توێ
توێ
نەکەن.
مەشخەڵانی
شین و
ڕۆ
ڕۆ
بەرپا نەکەن.
چەڕە دوکەڵ
لە ئاسمانی
زێد

بەرنەدەن.

میللەت

چین وتوێژەکانی

یەکە

یەکە

لاوەکانی

لەبەردەستی قەسابا بوون

لە چاوەڕوانی مەرگا بوون.

دەستدارەکان

چینی داراو

مل هوڕەکان

زەرووی

ڕەنجی هەژارەکان

دەست لەسەر سنگ

لەبەر باڵای

زوڵما

کەچ و

چەما وە بوون

نەترە بردوو

چاوەڕوانی

تاکەی .
ئاوا
هەموو ڕۆژێ
گورگی
زوحاك
هەنگاو بنێ
بەرخێ
بەرێ
مل بشکێنێ؟
سەری بەرخ
بپەڕێنێ
کلّپەی ناخی
ئەو خوێن خۆرە
دامرکێنێ؟
ئەی کوانێ
شوان؟!
ئەگەر هەروا بێ دەسەلاّت
سەرکزو مات
چیمان لێکەن
هەر سەر شۆرکەین

چۆنمان بارکەن
هەر مل بنێین
کەواتە
ئێمە
ئاژەڵین!!
نا
نابێ
نا.
نا
نابێ
نا.
***
لەکاتێکا
سەرماو سۆڵە
پشتی ئەشکا
بەفرو زوقم
ئەتوایەوە
دارو درەخت
چرۆی ئەکرد
گژو گیا

ئەبوژایەوە

نێرگز

چاوی ئەکردەوە

زەوی

خۆی ئەڕازانەوە

چەم وکانی

ئەژیانەوە

کەو

قاسپە قاسپی خۆی ئەکرد

مەل

لە ئاسمان سەمای ئەکرد

زستان

لەکەل ئاوا ئەبوو

بەهار

لە ئاسۆوە دیار بوو

هاڵە کۆك

سەری دەرئەکەوت

ساڵێکی نوێ بەڕێ ئەکەوت.

کاوە

بەخۆی و چەکوشەکەی

لە پێشەنگی شالاوا بوو
چەوساوەکان بەدوایەوە
بەداس و
چەکوش و
خەنجەرو
تیرو کەوان و
ڕمەوە
بەرکۆشەکەی ئالایان بوو.
نە لەشەکری کۆشکی زۆردار
نەقولەی بەرز
نەشوراو
نەدارو دیوار
خۆیان ئەگرت لەبەریانا
چۆکیان دادا.
کاوەی نەبەز
ڕۆڵەی
ڕابەری زەحمەتکێش
بەسەر لاشەو کەللەسەرا
بازی ئەدا
پەیتا

پەیتا
ئەچوونە پێش
تا پاسەوان
دوایان بڕڕا
کاوەی
نەبەز قارەمان
مەردی مەیدان
هەڵیکوتایە ناو مەیدان
مێشکی ئەژدەهاکی
پژان
سەرکەوتە بان
بەهێمای ئەو سەرکەوتنەوە
لەسەر کۆشکا
مەشخەڵانی
گڕ
بەرز بۆوە
پەیتا
پەیتا
لەسەر بەرزی و
لوتکەی گردۆڵکەکان

ئاگر
مەشخەڵانی ئەسەند
مژدەی سەرکەوتنی
کاوەی
بە ئاقارو دوور ئەگەیاند.
ئەو ڕۆژە بوو
بەڕۆژی نوێ
بوو بە:
نەورۆز
ڕاپەڕینی چەوساوەکان
سەرکەوتنیان
بوو بەوانە
بۆ:
گەلی کورد
بۆ:
میللەتان
بوو بە:
داستان
***
*(لە ڕۆژنامەی (وڵات) ژمارەی تایبەت، ڕۆژی ٢٠/٣/١٩٩٧ بڵاوکراوەتەوە).*

# ناوەرۆك


| بابەت | ناوی شاعیر | |
|---|---|---|
| ووتەیەك | د. عومەر پەتی | ٧ |
| لێكۆڵینەوەیەك لە چەپكێ هۆنراوەی شاعیرانی كورد | د. عومەر پەتی | ٨ |
| زەماوەند و جەژنی دار چاندن | ع . قرگەیی هەولێر | ١٠٩ |
| نەورۆز نامەی پیرەمێرد | | ١١١ |
| هاتنی بەهار ( نەورۆز ) | كەریم شارەزا | ١١٢ |
| چوار خشتەكی نەورۆز | شیخ احمد فوزی شیخ غنی | ١١٣ |
| بەهاری نوی | مجید ندیم | ١١٤ |
| بەهارو گوڵزار | عوسمان أحمد روستم عوینی | ١١٥ |
| بەهار | حسن محی الدین | ١١٥ |
| كورینی (خیام) سلام | | ١١٦ |
| زانستی | | ١١٧ |
| گۆرینی خیام بە قلمی سلام | | ١١٧ |
| نەرۆز بەهار | هیوا | ١١٧ |
| نەورۆز | | ١٢٠ |
| نشیدەی زانستی بو نوروز | | ١٢١ |
| بو نەوروز | | ١٢٣ |
| قسیدەی زانستی | | ١٢٤ |
| روح مولوی | مولوی زورکەم لە بهار ئەدوی | ١٢٥ |
| نەوروز | | ١٢٦ |
| گورانی نەوروز | (( پیرمیرد)) | ١٢٧ |
| نەورۆز... جەژنی رزگاری كورد | كاكە شوان | ١٢٨ |

| | | |
|---|---|---|
| بەیانیی نەورۆز | د. وریا عمر امین | ١٢٩ |
| جەژنی نەورۆز | کازم کۆیی | ١٣٠ |
| چەکۆش و ئالای نەورۆز | موحسین ئاوارە | ١٣١ |
| جەژنی نەورۆز | عەبدول شاربازێر | ١٣٤ |
| ئاگری نەورۆز | عەبدول شاربازێر | ١٣٥ |
| سەربردەی فنجانە (قاوە)یی | موحسین ئاوارە | ١٣٦ |
| بوکی نەورۆز | عەبدول شاربازێر | ١٣٧ |
| سرودی سەری سالّی کوردی و باپیرە نەورۆز | کازم کۆیی | ١٣٨ |
| نەورۆز | کازم کۆیی | ١٤٠ |
| نەورۆز | هیوا تایەر ڕەحیم | ١٤١ |
| نەورۆزی گڕ | ئیبراهیم ڕەئوف | ١٤٣ |
| وەرن دەسبگرن | نەجمی رەسولّی سەقزی | ١٤٤ |
| درەخش کاویان | بەکر پشدەری | ١٤٦ |
| سرودی نەورۆز | محەممەد مەردان | ١٤٦ |
| نەورۆز و ئەوین | کەمال شیرگەر | ١٤٧ |
| پیرەمێرد لە مامە یارەیە | پەری شیخ سالّح | ١٥٠ |
| نەورۆزنامەی وەهاری | میرزا عەبدوللّای ئەتلّەسی | ١٥١ |
| نەورۆزی شێخ ئەنوەر | | ١٥٤ |
| من عاشقی نەورۆزم | ئەحمەد کوڕە جوتیار | ١٥٤ |
| نەورۆز بکەم؟! | عەبدولعەزیز عومەر | ١٥٥ |
| قولەی قاف | سەلام سەعید مەولود | ١٦٠ |
| پەخشانە شیعری (نەورۆز) | ئاوات حەسەن ئەمین | ١٦١ |
| ناسنامەی نەتەوە | بەکر پشدەری | ١٦٣ |
| بەهاری عیشق | ئیبراهیم رەئوف | ١٦٥ |
| نەورۆز ...لە نێو قسەکانی باران و خوێنی گیاو گەلا | ڕۆژ هەلّەبجەیی | ١٦٧ |

| | | |
|---|---|---|
| نـــەورۆز | هیوا هەیەر رەحیم | ١٧٤ |
| کە نەورۆز دێ | عەلی حەمە رەشید بەرزنجی | ١٧٦ |
| بۆ نەورۆزی ئەمساڵ | قادری حاجی عەزیز | ١٧٩ |
| ( بە ئاگرەوە نەورۆز.... بە جەژنەوە نیشتیمان) | سەلام مستەفا | ١٨١ |
| سرودی نەورۆز | شیعری پیرەمێرد | ١٨٥ |
| نـــەورۆزنامە | عەبدول شاربازێر | ١٨٦ |
| نـــەورۆز | کـــاوەی ئەدیـــب | ٢٠٢ |
| نـــەورۆز | ڕەحیم لوقمان | ٢١٤ |
| هۆنراوە بۆ منداڵان... ساڵی تازە | فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی | ٢١٥ |
| نەورۆزنامە | | ٢١٦ |
| نەورۆزە | کەریم شارەزا | ٢١٧ |
| یادی نەورۆز | فەرەیدون باڵانقۆزی | ٢١٨ |
| کاوەو نەورۆز | کازم کۆیی | ٢١٩ |
| جەژنی سەری ساڵی کورد | کازم کۆیی | ٢٢٣ |
| ساڵی نوێ | کازم کۆیی | ٢٢٤ |
| نـــەورۆز | کازم کۆیی | ٢٢٥ |
| بیبلیۆگرافیای نووسەر | د. عومەر پەتی | ٢٢٦ |

# Diyari Newroz le Honrawey Kurdida

kokirdnewew amadekirdinu lekolinewey:
doctor :Omer Pati

Beşî yekem

1918-2008 Zaynî